# فەرهەنگی زاراوە

زاراوەگەلی ڕاگەیاندن و کارگێڕی و قوتابخانەیی

# فەرهەنگی زاراوە

## زاراوەگەلی ڕاگەیاندن و کارگێڕی و قوتابخانەیی

**عەرەبی ـ کوردی**

**بەدران ئەحمەد حەبیب**
ئەندامی کارای کۆڕی زانیاری کوردستان

پێداچوونەوە و تەتەڵەکردنی
ئەندامانی کارای کۆڕ

**ڕەشید فندی      د. محەمەد نوری عارف**

لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان
هەولێر ٢٠٠٢

ـ ناوی کتێب: فەرهەنگی زاراوە
ـ دانانی: بەدران ئەحمەد حەبیب
ـ لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان
ـ پیت لێدان و ڕاستکردنەوە و دەرهێنانی هونەری: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
ـ خۆشنووسیی بەرگ: هونەرمەند محەمەد زادە
ـ دەرهێنانی هونەریی بەرگ: شکار عەففان نەقشبەندی
ـ تیرێژ: ٢٠٠٠ دانە
ـ چاپی یەکەم – چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان
ـ ژمارەی سپاردن بە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری لە هەولێر: ١٨٠/٢٠٠٢

# پێشەکی

ئەمڕۆ هەموو ئەو زمانانەی شان بەشانی پێشکەوتنەکانی ژیان هەنگاو دەنێن و ڕۆژانە پەرەسەندن بەخۆوە دەبینن، زاراوە بووە بەبڕبڕەی پشتیان. زمانی سەردەم، لە بوارگەلی جیاوازی زانستە مرۆڤایەتی و زانستە ڕووتەکاندا پشت بەزاراوەی نوێ دەبەستن. گەشەکردنی زمان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی زانست و کۆمەڵناسیدا، هێندە بەرفرەوان بووە بەڕادەیەک کە زمانەکە خۆی وەکو درەخت لک و پۆپی بەملا و بەولادا هاوێشتووە و، لەهەر بوارێکدا وەک زمانێکی جیا و سەربەخۆ لە چوارچێوەی زمانە بنەڕەتییەکەدا خۆی دەنوێنێ. ئەگەر سەرنج بدەین، دەبینین بوارگەلی وەک ئەندازیاری و تەکنیکاری و بایۆلۆجی و کۆمەڵناسی و چەندان بواری تر، لە چوارچێوەی یەک زماندا زمانی سەربەخۆیان لەڕووی زاراوەوە بۆ دروست بووە. بەکورتی و پوختی دەتوانین بڵێین، ئەو گەشە و پەرەسەندنانەی لەسەرجەم ژیانی کۆمەڵایەتی و تەکنیک و زانستە ڕووتەکاندا هاتوونەتە کایە، لە پێشکەوتن و گەشەی زمانیشدا بەدەریان داوەتەوە. زمانانی هاوسەردەم، شان بەشانی پێشکەوتنی ژیان، ڕۆژانە زاراوەی تازە دەزێن. یاسای زمانە کە پێشکەوتن و پەرەسەندنی ژیان لەهەر قۆناغێکدا، زمانی تازە لەگەڵ خۆیدا دەهێنن.

هەرچەندە زمانی ئاخاوتنی کوردی، زمانێکی دەوڵەمەندە بەوشە و ئیدیۆم و دەربڕین، هەروەها جیاوازیی ئاخاوتن لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر (واتە: دیالەکتە زۆر و زەوەندەکانی زمانی کوردی) وایان کردووە کە زمانێکی دەوڵەمەندمان هەبێ و، فەرهەنگی کوردی (بۆ نموونە: هەنبانە بۆرینەی هەژار و کوردستانی گیوی موکریانی زیاتر لە ٦٠ هەزار وشەیان گرتووەتەخۆ)، بەڵام زمانەکەمان لە زۆربەی بوارەکاندا زمانی کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی و خێڵەکییە و، پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگەی هاوسەردەم لە زمانی کوردیدا بەتەواوی ڕەنگیان نەداوەتەوە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆ. یەکەمیان: دواکەوتنی کۆمەڵگەی کوردەواری و سەرهەڵنەدانی ژیانی هاوسەردەم و شارستانی لە کوردستاندا کە پێشکەوتنی زمانیش لەگەڵ خۆیاندا بهێنن، دووەمیش: نەبوونی دەرفەت بۆ پێشوەچوونی بزووتنەوەی خوێندەواری بەزمانی کوردی چ لە ناوەخۆی کوردستان و چ لە دەرەوەیدا. بۆیە ئەگەر زمانەکەمان بەراورد بکرێت لەگەڵ زمانانی جیهانیدا، دەبینین هێشتا لە تەمەنی پێرەوکەیی و ساواییدایە. پسپۆڕ و وەرگێڕی کورد ئەگەربێو زمانی بیانیش بەباشی بزانن و باڵادەست بن تیایاندا، ناتوانن دەست بۆ وەرگێڕانی بەرهەمی هزریی هاوسەردەم یان زانستێک لە زانستەکان ببەن و، لە یەکەمین هەنگاودا ڕووبەڕووی دەسکورتی و هەژاریی زمانی کوردی لە بواری (زاراوە و زاراوەسازی)دا دەبنەوە.

دوای ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ وەک یەکێک لە دەسکەوتەکانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بەڕێبەرایەتیی بارزانیی نەمر، دەرفەت و دەلیڤەیەکی گونجاو بۆ پێشکەوتنی زمانی کوردی هاتەپێش. کۆڕی زانیاری کورد و بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی خوێندنی کوردی و یەکێتیی نووسەرانی کورد و چەندان داوودەزگای تری خوێندن و کولتووری دامەزران کە هەریەکەیان لەشوێنی خۆیەوە ڕۆڵێکی بەرچاوی لە بەرەپێدانی زمانی کوردیدا بینی. بەتایبەتیش بەکوردیکردنی دوازدە قۆناغەکەی خوێندن کە هەنگاوێکی

گەورەبوو و، شیاویی زمانی کوردیی بۆ نووسینەوەی زانستە جۆراوجۆرەکان خستە ڕوو. کۆڕی زانیاری کورد لە ساڵەکانی دەسپێکی کارکردنیدا چەند هەنگاوێکی گرینگی لە بواری دانانی زاراوەی کوردی لە گەلێک بوارەکانی زانست و کۆمەڵایەتیدا گێڕا. گیروگرفتی گەورەی کۆڕی زانیاری ئەوەبوو کە بڕیارەکانی، لە پرسی (زاراوە و ڕێنووس)دا لەلایەن داوودەزگاکانی ترەوە جێبەجێ نەکران و تەنیا بۆ کۆڕ خۆی بوو، ئەمەش لەبەرئەوەی کۆڕ دەسەڵاتێکی دڵسۆزی لە پشتەوە نەبوو کە بڕیارکانی بێ بەفەرمانی بێ چەند و چۆن و، هەموو لایەک لەسەری بڕۆن. تا سەرەنجام، دوای دەست پێکردنەوەی شەڕ لە نێوان شۆڕشی کورد و حکوومەتی ناوەندی لە ١٩٧٤دا وردە وردە جێگە بەکارەکانی کۆڕ و دواجار بەدەزگاکە خۆیشی لێژ بوو.

هەروەها لە دوای ساڵانی هەشتاوە وەرگێڕانی پرۆگرامی قوتابخانەکان بەکەسانی نەشارەزا لە زمانی کوردی سپێردران و، بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی کوردی لە بەغدا لە دوای ئەو ڕۆڵە گرینگەی لەدوای ڕێککەوتنی ١١ی ئاداردا گێڕای، وردەوردە کەوتە پاشەکشە. ئێستا پرۆگرامی قوتابخانەکان - ئەوانەی لە بەغدا چاپ دەکرێن - چ لە رووی دارشتنی زمان و چ لە رووی زاراوە بەکارهاتووەکانەوە، زۆر دەسکورت و هەژارن و ئەمەش کاریگەرییەکی نالەباری کردووەتە سەر رەوتی فێرکردن.

لە دوای ڕاپەڕینەوە بزووتنەوەی خوێندەواری و ڕووناکبیری لە کوردستانی عێراقدا بەرەوتێکی خێرا ملی ڕێگەی بەرەوپێش گرتووە. ڕۆژانە چەندین بڵاوکراوە دەردەچن. چەندین داوودەزگای ڕاگەیاندن و کولتووری و زانستی، بەرهەم بڵاودەکەنەوە. ئەمە سەرەڕای خوێندنی زمانی کوردی لە تەواوی قۆناغەکانی خوێندن و بەکارهێنانی زمانی کوردی لە فەرمانگەکانی حکوومەتی هەرێمدا. هەروەها لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان و لە پارچەکانی تریشدا بڵاوکراوە و دەزگای خوێندن و کولتووری دامەزراون و بەرهەمیان هەیە. ئەمە سەردەمێکی تازە و گرینگە بۆ پەرەسەندنی زمانی کوردی، بەڵام نەبوونی دەزگایەکی سانسۆر یان چاودێریکەر لە رووی سەلامەتیی زمانی کوردییەوە بووەتە هۆی ئەوەی کە زۆر دیاردەی نالەبار لە نووسین و زاراوەسازیی کوردیدا سەرهەڵبدەن.

ئەرکی کۆڕی زانیاری کوردستانە بڕیاردەری هەموو ئەو پرسانەبێت کە پێوەندییان بەزمانی کوردییەوە هەیە بەتایبەتیش زاراوە کە وەک گوتمان بڕبڕەی پشتی زمانی نووسینی سەردەمە. وێڕای ئەمەش یەکێک لە هەنگاوەکانی کۆڕ بەرێگەی دروستبوونی زمانی کوردیدا، هەنگاوهاوێشتنە بەرەو یەکخستنی ئەو زاراوانەی بەکاردێن، هەروەها دانانی فەرهەنگی زاراوە بۆ بوارە جیاوازەکان.

وەک سەرنج دەدرێ، ئەوانەی لە بوارەکانی ڕۆشنبیری و و ڕاگەیاندنی کوردیدا کار دەکەن، بەهۆی نەبوونی زاراوەی پێویست لەبەردەستیاندا، هەندێک جار بەناچاری پەنا بۆ داتاشین و دروستکردن دەبەن کە رەنگە هەموو جار تیایدا سەرکەوتوو نەبن. زۆرجاریش پەنا بۆ بەکارهێنانی زاراوەی بیانی دەبەن کە هەندێکیان بۆ خوێنەری کورد زۆر نامۆن و پاشاگەردانییەک لە نووسینی کوردیدا دروست دەکەن. ڕاستە بەکارهێنانی زاراوەی بیانی لەهەر زمانێکدا کارێکی ئاساییە بەتایبەتیش کە هەندێک زاراوە مۆرکێکی نێونەتەوایەتییان وەرگرتووە وەک: ئۆتۆمۆبێل، تەلەفۆن، بایۆلۆجی، ماتماتیک، بودجە، پەرلەمان،

فیستیڤاڵ، یۆبیل، هتد... بەڵام وەرگرتنی هەموو زاراوەیەک یان ژمارەیەکی زۆر زاراوە، لە ئەنجامدا دەبێ بەهۆی لەدەستدانی سەربەخۆیی زمانەکەمان، هەروەها تێگەیشتن لە بابەت بۆ خوێنەری کورد دژوار دەکەن. دانان و ڕۆنان و داتشینی زاراوە کاریکی ئاسان یان سەرپێیی نییە تا هەر کەسە و دەستی بۆ ببات، بەڵام وەک گوتمان بووە بەکارێکی ناچاری بۆ ئەوانەی لە بوارگەلی ڕاگەیاندن و هزر و ڕۆشنبیریدا کاردەکەن.

بۆ ئەوەی سانسۆری کاری زاراوەسازی بکرێت، پێویستە ئەوانەی لەم بوارەدا کار دەکەن وێڕای ئەوەی لەزمانی کوردیدا شارەزا بن و زانیارییان لەبارەی دیالەکتە جیاوازەکانی کوردییەوە هەبێ. هەروەها دەبێ ئاگەداری ئەو بوارانە بن کە زاراوەی بۆ دادەنێن و، تاقیکردنەوەی گەلانی تریشیان لە بواری زاراوە داناندا لەبەرچاوبێ.

ئێستە یەکێک لە ئەرکە بەپەلە و گرینگەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان هەنگاونانە بەم ڕێگەیەدا. بەر لەهەموو شت دەبێ کۆڕ ڕێبازگە و ڕێوشوێنێکی زانستی دابنێ بۆ زاراوەسازی. دانانی ڕێوشوونێکی زانستییانە بۆ ڕۆژی ئەمڕۆ ئەرکێکی بەپەلەیە، تاوەکو هەموو ئەوانەی لە دەرەوەی کۆڕیش لە بواری زاراوەسازی و نووسین و وەرگێڕانی بەرهەمی زانستی و هزریدا کاردەکەن لەسەر ئەم ڕێوشوونانە بڕۆن یان سوودیان لێ وەرگرن. لەوانەیە هەموو ئەوانەی لە بواری زانستە جۆراوجۆرەکاندا کاردەکەن چاوەڕوانی کۆڕی زانیاری نەبن زاراوەیان بۆ دابنێ، دوورنییە کۆڕ خۆیشی فریانەکەوێ باڵ بکێشێ بەسەر هەموو بوارەکاندا.

***

(زاراوە: Term) لەگەڵ گەشەکردنی زمان و پەلوپۆ لێ بوونەوەی زانستەکاندا گەشە دەکات. بۆ نموونە وشەیەکی وەک (پوختە) لە کوردیدا واتەی (ڕێکوپێک: منتظم) دەگەیێ، (خواردنی پوختە، ماڵی پوختە، کاری پوختە، نەخت بێ و پوخت بێ نەک زۆر و بۆر بێ- قسەی نەستەقە)، لە فۆلکلۆردا هاتووە: (دەترسم بەختی ناپوختم وابێ + میراتی مەجنوون بۆ من جی مابێ)، بەڵام (پوختە) لە زمانی نوێدا بەواتەی (کورتە: خلاصة، نبذة) دێت، وەک: پوختەی بابەتەکە. واتە وشەی (پوختە) لە وشەیەکی فەرهەنگییەوە بووە بە زاراوەیەکی هاوچەرخ. وشەی (سەرکۆمار) لە زمانی کوردیدا سەرۆکی ئەو خێڵە گەورەیە دەگەیێ کە هەر هۆز و تیرەیەکی سەرۆکی خۆیان هەیە، واتە سەرکۆمار سەرۆکی گشتیی خێڵ دەگەیێ، ئێستە سەرکۆمار وەک زاراوە (رئیس الجمهوریة) دەگرێتەوە. وەک چۆن (تەوەرە) یەکێکە لە ئامێرەکانی (ئاش) و لەزمانی هاوسەردەمدا بووە (محور)، یان (تان و پۆ) کە داو و ڕایەڵی ئەستوونی و ئاسۆیین لە تەونکاریدا و، لەبەکارهێنانی زانستیدا بوونەتە (ئۆردینێتی س و ص).

لێرەدا دەتوانین بەکورتی سەرچاوەکانی زاراوەسازیی کوردی دەست نیشان بکەین:

**یەکەم**: وەرگرتنی وشەی فەرهەنگی، کە ئەمەیان یەکەمین هەنگاوی زاراوەسازییە. زمانی کوردی وەک هەر زمانێکی دەوڵەمەند، هەزاران بگرە دەیان هەزار وشەی لە نێوان دووتوێی فەرهەنگەکانیدا هەڵگرتووە کە بەسەرچوونی کات و گۆڕانی سیستەمی ژیان دەبێ بەهۆی فەوتان و لەکارکەوتنی هەندێک

لەو وشانە. یەکێک لە ئەرکەکانی لێژنەی زاراوەسازی ئەوەیە کە ئەم وشانە بەزیندوویی بهێڵێتەوە و بەرگێکی هاوسەردەمی بکات بەبەردا و، بۆ واتای هاوسەردەم بەکاریان بهێنی.

جگە لە نموونەکانی (پوختە و سەرکۆمار و تەوەرە و تان و پۆ) دەتوانین بەسەدان نموونە بهێنینەوە کە ڕۆژانە لە زمانی نووسینی کوردیدا بەکاردێن و واتەیەکی تازەی جیا لە واتە کۆنە کانیان دەدەن، بۆ نموونە زاراوەی (دەرماڵە) کە لە بنەڕەتدا (ئەو برە تووتنە زیادەیە دەگەیەنێ کە دوای تەواوبوونی کار دەدرێت بەپاڵەکانی تووتنەوانی) یان لە هەندێک ناوچەی تری کوردستاندا بەو بڕە خۆراکە دەگوترێ کە لە ماڵەوە دەدرێت بە مەڕ و ماڵات لەو وەرزانەدا کە لەوەڕی دەرەوە تێریان ناکات. ئێستە (دەرماڵە) بۆ (مخصصات الموظفین) بەکار دەهێنرێت. (چین و توێژ) لە زمانی ئاخاوتنی کوردیدا بۆ واتای (طبقة و شریحة)ی کۆمەلایەتی بەکارنەهاتوون و، ئەمانە واتای تازەن بۆ وشە فەرهەنگییە کۆنەکان. ئێمە لەم فەرهەنگەدا (زیندەماڵ و مردەماڵ)مان وەک زاراوەیەکی یاسایی بۆ (اموال منقولة و غیر منقولة) بەکارهێناوە کە ئەم دوو زاراوەیە لە ئاخاوتنی خەڵکی گونددا، یەکەمیان بۆ سەروەت و سامانی وەک (مەڕوماڵات) و دووەمیان بۆ سامانی وەک (زەوی و خانووبەرە) بەکارهاتووە، واتەکەی ئێرەیان لەبەرامبەر (اموال منقولة و غیر منقولة))دا نێزیکییەکی هەیە لەگەڵ واتا کۆنەکەدا.

**دووەم**: ئەو زاراوانەی کە لە زمانانی بیانییەوە وەریان دەگرین، وەک لە پێشەوە نموونەی (ئۆتۆمۆبێل، تەلەفۆن، بایۆلۆجی، ماتماتیک، بودجە، پەرلەمان، فیستیڤاڵ، ئۆتۆماتیک، یۆبیل، هتد...)مان هێنایەوە. ئەم وشانە وەک گوتمان لە زۆربەی زمانانددا بەکاردێن. هەروەها لە تەواوی زانستە جۆراوجۆرەکاندا وشە و دەربڕینی تایبەت هەبن کە لە شوێنی سەرهەڵدان و پێشکەوتنی زانستەکاندا پەیدا دەبن و خۆیان بەسەر زمانانی تردا دەسەپێنن. هەر بوارێکی زانست سەیر بکەین دەیان نموونەی لەم جۆرە زاراوانەمان دەست دەکەوێ کە هەندێکیان ناون بۆ دۆزراوە تازەکان وەک: کۆمپیوتەر، سی دی، رادیۆ، تەلەفزیۆن و هتد.... بەکارهێنانی زاراوەگەلی بیانی لە زمانی کوردیدا وەک هەر زمانێکی تر کارێکی ئاساییە و نابێ لێی بترسین یان سڵ لە بەکارهێنانیان بکەینەوە بەمەرجێک دەرگا نەخرێتە سەر گازی پشت بۆ هەرچییەک هەیە، ئەمە پەشێوییەک دروست دەکات بۆ فێربوون و تێگەیشتنی خەڵک.

**سێیەم**: شێوازی ڕۆنان یان داتاشینی زاراوە. واتە: داتاشین و ڕۆنانی زاراوە لەسەر بناخە و بنەڕەتی یاساکانی وشەسازی لە زمانی کوردیدا. ئەمە گرینگترین شێوازەکانی زاراوەسازییە لەبەرئەوەی پێشکەوتنەکانی زانست و تەکنیک و کۆمەلایەتی زۆر خێران و ڕۆژانە زاراوەی نوێمان پێویست دەبێ کە دەبێ فریایان کەوین و زاراوەی تازەیان بۆ دابتاشین. لێرەدا ئەرکی زمانەوانان دەست پێ دەکات کە دەبێ ڕێوشوونی زاراوەسازی و بنکە و یاسای بۆ داڕێژن. کتێبی قوتابخانەکان: فیزیا، بیرکاری، کیمیا، زیندەوەرزانی و رووەکناسی پڕن لە زاراوەی ئەم بابەتانە کە زۆربەی زۆریان بەشێوەیەکی زانایانە داڕێژراون و بەشێکیشیان پێداچوونەوەیان پێویستە.

لێرەدا حەز دەکەم ئاماژە بەبەرهەمێکی گرینگی مامۆستا مەسعود محەمەد بدەم لەم بوارەدا کە بەرهەمێکی ڕچەشکێنە، ئەویش (زاراوەسازیی پێوانە)یە، وەک ئاگەداریم هەبێ تا ئێستە تاکە

بەرهەمێکی زانستییە لەبواری زاراوەسازیی کوردیدا.

***

لە مانگی نیسانی ساڵی ٢٠٠١ کۆڕی زانیاری کوردستان مامۆستا رەشید فندی- جێگری سەرۆکی کۆڕ و منی راسپارد بۆ گەلاڵەکردنی فەرهەنگێکی زاراوەیی کە برێتی بێ لە پێداچوونەوە و تەتەڵە و بژارەکردنی ئەو کارانەی پێشتر کراون.

لە سەرەتادا من دەستم کرد بەکارەکە و بۆ ئەمەش چەند نامیلکەکەی کۆڕی زانیاری کورد- بەغدا و، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی خوێندنی کوردیی دوای ساڵانی ١٩٧٠م بەکار هێنا و زیاتریش لایەنی کارگێڕی و راگەیاندن و بەشێک لەو زاراوانەم دەسبژێر کرد کە لە کتێبی قوتابخانەکاندا بەکار دێن. ئەم کارانەی کۆڕی جاران و خوێندنی کوردی، سەرەڕای لایەنی باش و پەسندیان، کەموکوڕی و هەڵەی زۆریان تیدا هەبوون کە دەبوو راست بکرێنەوە. ئێمە بەپێی دەسەڵات و شیاویمان هەوڵمان داوە تەتەڵە و راستکردنەوەیان تێدا بکەین و ئەوانەی بەباشمان زانیون وەرمان گرتوون و ئەوەش کە بەلامانەوە چەوت بوون، بەگوێرەی بۆچوونی خۆمان راستمان کردوونەتەوە. لە راستیدا ئەو کارانەی پێشوو، بۆ کاتی خۆیان زۆر گرینک و بەبایەخ بوون و دەبێ نرخیان بۆ دابنێین.

هەروەها من لەلایەنی خۆمەوە سەدان زاراوەی ترم خستە پاڵ ئەم کارەوە کە هەندێکیان ماوەیەکە لە راگەیاندن و رۆشنبیریی کوردیدا چەسپیون و جێگەی خۆیان کردووەتەوە، هەروەها سەدان زاراوەی تریش کە من پێشنیازم کردوون و تەنیا لەم فەرهەنگەدا بەرچاو دەکەون. دوای لێ بوونەوەم لە کارەکە مامۆستا رەشید فندی پێیداچووەوە و لەهەر شوێنێک ویستبێتی زاراوەی گونجا و پەسندی لە دیالەکتی کرمانجیی سەروو خستووەتەپاڵ. هەروەها د. محەمەد نوری عارف ئەرکی پێداچوونەوەی ئەم کارەی کێشا و لە گەلێک شوێندا تێبینی و سەرنجی بەجێی بۆ نووسیبووم. سوپاسی هەردوو بەڕێز دەکەم.

راستی و ناڕاستیی ئەم کارەی ئێمە، بۆ بۆچوونی جیاواز و راستکردنەوەی شارەزایان و تێکڕای رۆشنبیران بەجی دەهێڵین و، هیوادارین هەموو لایەک بەچاوێکی بەرپرسیارانە و برایانەوە لێمانی وەربگرن و کەموکورتی و هەڵەکانمان راست بکەنەوە و بیخەنە روو. هەڵبەتە هیچ کارێک بێ گرێ و کەموکورتی نابێ.

بەدران ئەحمەد حەبیب

١٤ ئادار ٢٠٠٢

## أ

ائتلاف: تەبایی، *تەڤایی*

ائتمان: باوەڕداری

أب: باوک، باڤ، *باب*

- اباً عن جد: لە باووباپیرەوە

الآباء (الاجداد): باووباپیر

ابادة: قەلاچۆ، لناڤبرن، فەوتاندن، دوابڕینەوە، قڕکردن، *ژ ناڤبرن*

- أسلحة الإبادة الجماعية: چەکی دوابڕەوەی بەکۆمەڵ

ابتداء: دەست پێ کردن، دەسپێک

ابتدائي: بەرایی، سەرەتایی

ابتسامة: زەردەخەنە، *بشکوژین*، بزە، خەندە، زەردەکەنی، *گرنژین*

ابتعاد: دوور کەوتنەوە، *دوورکەفتن*

الابتلاع: هەڵلووشین، *داعویران*

الابجدية: ئەلفوبێ، ئابێ

أبداً: هەرگیز، هیچ جارێک

ابداع: داهێنان، بەدەوکاری، ئەفراندن

أبدي: هەتا هەتایی، هەمیشەیی

إبرة: دەرزی

إبرة الحياكة: شیشکە

إبرة العقرب: چزووی دووپشک

إبري (نبات): دەرزیلەیی

الابريسم: ئاوریشم، ئارمووش، هەڤریشم، *ئاڤرمووش*

الابريق: مەسینە، *مەسین*

الابصار: بینین

الابط: بن هەنگڵ، بن باڵ، *بن کەش*، *بن کەفش*

إبقاء: هێشتنەوە

الابكاء: هێنانەگرین، گریاندن

الابل: حوشتر، وشتر، حێشتر

ابلاغ: پێ ڕاگەیاندن

الأبلق: بەڵەک

ابن ج- أبناء: ڕۆڵە (کوڕ)

- ابناء المنطقة: ڕۆڵەی ناوچە

إبن آوى: چەقەڵ، تۆری، توورگ

الابهام: پەنجەکەڵە، پەنجەگەورە، *تلیا بەرانی*

الأبهة: کەشوفش، شکۆ، گەورەیی، مەزنی

ایواء: داڵدەدان، *بنەجهکرن*

الابوان: دێباب، *دەیبات*

ابو بريص: (مارمێلکە) شەوگەرد، چەپ *چەپیسک*

أبو جنيب: قرژاڵ، *کێڤژاڵە*

أبو ملعقة: (باڵندە) دەنووک کەوچک ، *دم کەفچک*

ابو منجل: دەمەداس، داس دەنووک، *دم داس*

أبيّ: کۆڵنەدەر

أتاوة: سەرانە، هەستە

الإتباع: پەیڕەوی کردن، بەدواداچوون، *دویف چوون*

أتباع: دەستوپێ، پێڕەوکار، دەستوپێوەند

إتجاه: ئاراستە، ڕووەو، بەرەو، ڕووکار

اتجاهي: ئاراستەیی، ڕووکاری

إتحاد: یەکەتی، یەکگرتن، هەڤگرتن

الاتحاد -للتعاون: یەکبوون

- اتحاد القوى: یەکەتیی هێزگەل

- اتحاد المجموعات: یەکگرتنی کۆمەڵان

إتزان - توازن: هاوسەنگی، *هەڤسەنگی*

إتصال: پێک گەیشتن، پێوەندی پێ کردن، ڕاگەیێنی

- وسائل الإتصال: ئامێری ڕاگەیێنی

الاتضاح: ڕوون بوونەوە
اتفاق: ڕێککەوتن، پێکهاتن، *ڕێککەفتن*
اتفاقیة (معاهدة): *پەیمان*
إتقاد: کڵپە کردن، گڵپە کردن، داگیرسان، هەڵایسان، *هەلبوون*
اتکال: پشت پێ بەستن
اتلاف: فەوتاندن، لەناوبردن، ڕزاندن، *ژ ناڤبرن*
الاتمام: تەواو کردن، تەڤاف کرن
أتوقع - أتوسم: ڕادەبینم، پێم وایە، وادەزانم، لام وایە
أثاث: شتومەک، شمەک، کەلوپەل
الأثاث -المنزلیة: کەلوپەلی ناوماڵ
آثار-مخلفات: شوێنەوار، جێماو
الآثار القدیمة: شوێنەواری کۆنینە، کۆنەوار، *شوینواریت کەڤن*
- عالم الآثار القدیمة: کۆنەناس، شوێنەوارناس
- علم الآثار القدیمة: کۆنەناسی، شوێنەوارناسی
آثار قانونیة: شوێنەواری یاسایی
إثارة: وورووژاندن، دنەدان
إثبات: سەلماندن، چەسپاندن، بەڵگە
اثر: شوێنکار، شوێن، شۆپ، شوێن پێ، جێ پێ
أثر (تأریخي): جێماو، پاشماوە
الأثرة: خۆکامی
أثل (نبات): گەز، دارگەز
اجازة: وچان، مۆڵەت
الاجازة الاعتیادیة: وچانی ئاسایی، *دەستووری ئاسایی*
الاجازة الدراسیة: وچانی خوێندن
الاجازة المرضیة: وچانی نەخۆشی
اجازة (رخصة عمل): ڕێ پێ دان، مۆڵەت
الاجاص: هەڵووژە، هەڵووچکە
الاجبار: بەزۆری
اجترار: کاوێژ
اجتماع: کۆبوونەوە، جڤین
الاجتهاد (في الدین): بیرنیشاندان
الاجتهاد- (في الدرس): کۆششکاری
اجداد: باپیران
الاجذم: گول، خۆرە، *گوری*
الآجر، القرمید: کەرپووچ، خشتی سوور، *کەلپووچ*
الاجر (الثواب والمکافأة): پاداش
أجر (اجرة): کرێ، مز
الاجر الآجل: کرێی دواخراو، بەرمز
الاجر العاجل: کرێی بەرخراو، پاشمز
الاجراءات: کارڕایی، تەقەڵلا
اجراء القیاس: ئەندازەگرتن، پێوانە
اجرب: گەر، گول، *گوری*
الاجرة الاسبوعیة: کرێی هەفتانە، حەوتووانە
اجرة الاعمال الیدویة: دەسمز، دەستکر، لە (دەست کرێ)وە
الاجرة السنویة: کرێی ساڵانە، دەستکری ساڵانە
الاجرة الشهریة: کرێی مانگانە، دەستکری مانگانە
الاجرة الدوریة: کرێی وەرزانە، دەستکری وەرزانە
الاجرة الیومیة: کرێی ڕۆژانە، دەستکری ڕۆژانە
الأجل: وادەی مردن، مەودا
الاجل الاخیر: دوا مەودا
أجل غیر مسمی: مەودایەکی نادیار
الاجمة: قامیشەڵان، ژاژەڵان، *دەحل*
اجنبي: بێگانە، بیانی
اجهاد: ماندووکردن، وەستاندن، ئەرک کێشان
اجهزة - جهاز: دەزگا، *دەزگەه*
أجهزة اطفاء الحریق: دەزگاگەلی ئاگرکوژێنی

اجهزة (جسم الانسان): كۆئەندام
أجهزة دقيقة: وردەواڵە، وردە دەزگا
اجوف، مجوف: بۆش، كلۆر، ڤاڵا
الأجير: كرێگرتە، *كرێپاڵە، كرێكار*
أحابيل: فێڵ و تەڵەكە، فڕوفێڵ
الآحاد: يەكان
إحالة على التقاعد: خانەنيش كردن
أحبار (حبر): زانای ئايينيی جوولەكە
أحبولة: داونانەوە، *داڤ دانان*
احتجاج: بيانووگری، بێزاری دەربڕين
الاحتراف: پيشەوەری
احتراق: سووتان، *سوتن*
الاحتراق الداخلي: سووتانی ناوەكی، *سووتنا ژنافدا*
احتراق ذاتي: سووتانی خۆيەتی، *سووتنا خۆيەتی*
إحترام: ڕێزگرتن، نەوازی
– الإحترام المتبادل: ڕێز لەيەكتر گری، ڕێز لەيەكترگرتن
احترام حقوق الانسان: ڕێز لە مافی مرۆڤ گرتن
احتساب: لێكدانەوە
احتقار: بێزاندن. لە كورديدا دەگوترێ: «دنيام لەبەر دەبێزێ».
احتقان: تێزان
احتكار: پاوان كردن
احتكار التجارة: پاوانكردنی بازرگانی
الاحتكاك (المادي): لەيەك خشان
الاحتكاك (المعنوي): لێك هەڵسووان
احتلال: داگيركاری
احتمالات: ئەگەر، شيمانە
الاحتياط: يەدەک، سپێر
احتياطات: قايمەكاری، سپێركاری

الاحجار البركانية: بەردی ئاگرپژێن، گڕكانەبەرد، *ڤولكانە بەر*
الاحجار الكريمة: بەردی گرانبا، بەردی بەنرخ، *بەرێت گرانبها*
أحد: يەكێک
أحداث– وقائع: ڕووداو، پێشهات
الاحداث– حدث: هەراش
الاحداث السيني: رايەڵ، تان
الاحداث الصادي: پۆ
أحد عشر: يازدە
الاحراج: لەڕوو دامان، سەغڵەتی
الاحراش: دەوەنجاڕ، دەوەن، بێشەڵان، تەڕاش
احراقية: سووتەمەنی، ئاردوو، ئاگردوو
إحساس: هەست
احسن الأعمال: شاكار
أحشاء: هەناو، *هناڤ*
احصاء: ئەژمار، *هژمار*
الاحصاء: سەرژمێری
الاحصاء العام: سەرژمێری گشتی
احضار: ئامادەكرن
احضان: هامێز، باوەش
الاحفاد (جيل، نسل): نەوە، نەڤی، نەڤی چرک
احلال: جێگرتنەوە، خستنەجێ، داهێورين
– إحلال السلام: داهێورينی ئاشتی
الإحلال: بۆ (حەڵاڵ و حەرام) ڕەواديتن، ڕەوابينين
أحمر: سوور
الاحمر الفاتح: سووری كاڵ
الاحمر الغامق: سووری تێر، *سوورێ تاری*
الاحوال المدنية: باری شارستانەتی، *بارێ باژێرڤانی*
الإحياء: زيندووكردنەوە

أحياء: زیندەوەر
- علم الاحياء: زیندەوەرزانی
أحياء دقيقة: زیندەوەری وردە، وردە زیندەوەر
احياء (للحيوانات): زیندەک
احياء (للنباتات): ڕووەک
الاخاء (الاخوة): برایی، برایەتی
الإختباء: خۆشاردنەوە، خۆڤەشارتن، خۆ مات کردن
اختبار: ئەزموون
اختراع: داهێنان، ئەفراندن، بەدەوکاری
اختراق: سمین، پێداچوون
إختراق حاجز الصوت: سمینی ناوبڕەی دەنگ
اختزال: کورتکردنەوە
اختصار: پوختەکردن
اختصاص: پسپۆڕی
اختصاصي: پسپۆڕ
اختفاء: ون بوون، خۆشاردنەوە
اختلاف: جیایی، جیاوازی
الاختلاف في الرأي: جیاوازی لە بۆچووندا
الاختلال: لاسەنگی، شێوان
إختناق: خنکان
أخدود ج-اخاديد: کەندڕ، کەندەک، زەندۆڵ، ئاودڕ، قەڵشتی زەوی
الاخدود: لۆچ، قەڵشت، *کەلشت*
آخذ: وەرگر
- الاخذ بنظر الاعتبار: ڕەچاوکردن، بەهەند هەڵگرتن
- اخذت الاستمرارية: بینی گرت، *بەردەوامی کر*
اخراج (تمثيل): دەرهێنان، دەرئانین
اخراج (گمرگي): دەرهاویشتن
اخصاب: چاککردن، بەبرشت هێنان، بەپیت کردن، *پیتاندن*
اخضاع: هێنانەژێربار
اخضر: کەسک، سەوز
اخطار: ترس نیشاندان
الاخطار النهائي: ترس نیشاندانی دواجارە
اخطبوط: هەشت پەلە، *هەشت پێ، ئەختەپووت*
اخفاء: شاردنەوە، ڤەشارتن
إخلاء: چۆڵ کردن، بەتاڵ کردن
إخلاص: دڵسۆزی، خەمخۆری
اخلاف: هەڵدانەوە، ڕووانەوە
الاخلاف- الاحفاد: نەوە، نەڤی، نەویرە
أخلاق: ئاکار، ڕەوشت، *سنج*
- الأخلاق السامية: ڕەوشتی بەرز
إخماد: کوژاندنەوە، دامرکاندنەوە، ڤەمراندن
أخوة: برایەتی
أخيراً: ئیتر، ئیدی
أداء: بەجێهێنان، ئەرک بەجێ هێنان، *بجھ ئینان*
آداب: نەریت، تۆرە
الآداب العامة: نەریتی گشتی، نەریتی هەمووەکی، *تۆرێ گشتی*
آداب المائدة: نەریتی مێز، *تورێ سەرمێزێ*
أداة- للعمل: ئامێر، *ئامیر*
أداة (في النحو): ئامراز
اداة العطف: ئامرازی لێکدەر
أداة الجر (التعليق): ئامرازی پێوەندی
اداة النداء: ئامرازی بانگ، ئامرازێ گازی
اداة التعريف: ئامرازی پێناسین
الادارة: کارگێڕی
- قسم الادارة: بەشی کارگێڕی
- الإدارة الذاتية: خۆبەڕێوەبردن، خۆهەڵسووڕاندن، خۆبەڕێوەبەریەتی

- الادارة المحلية: كارگێڕیی خۆجێیەتی، *کارگێریا خۆجهی*
- مــدیریـة الادارة والذاتیـــة: بەڕێوەبەرایەتیی کارگێڕی و خۆیەتی
الاداري: کارگێڕ
ادامة: بەردەوامیدان
أدب: وێژە، تۆرە
الادب الشعبي: وێژەی گەلێری، وێژەی میللی
أدیب: وێژەوان، تۆرەڤان
ادخار: پاشەکەوت کردن
ادخال: داکردن
ادخال مخزني: داکردنی کۆگەیی
ادراك: پێزانین، هەست پێ کـردن، پێ حەسیـان، تێ گەیشتن
الادغال: تەڕاش، بێشەلانی چڕ
أدوات (للعمل): ئامێر، کەلوپەل، کەرستە
الادوات المنزلیة: کەلوپەلی ناوماڵ
الادوات الاحتیـاطیـة: ئامێری سپێر، *ئەمرازێ یەدەک*
الادماء: خوێن ڕژان
الادماع: فرمێسکێن
الأدمة: بن توێژ، بن توێک
أدنى: ئەمپەڕ، نێزیکتر
أدوار ج-دور: سووڕ، خول، گەڕ
اذا: ئەگەر
اذاً: کەوابوو، کەواتە
إذابة: تواندنەوە
اذاعة: بلاڤکردن، بلاوکردن
أذن: گوێ، گوه
الاذى- الاذیة: ئازار، ئێش
إرادة: ڤیان، ویست، خواست

إرادي: ویستە، خۆویست، ڤیانی
- لاأرادي: نەویستە، خۆنەویست
الاراضي المالحـة: زەویی شـۆرەکــات، زەویی خوێڵێن، شۆرستان
أراضي مـتـمـوجـة: زورگ، زورگـەلان، هەڵەت، زەویی گردەلان
الارباع -ربوع: چوار نکاڵ
أربطة: پێوەست، بەندیوەر
الاربطة الضاغطة: پێوەستی شەتەکدەر
الارتباط (تماسك): پێوەستی، بەندیواری
ارتجالي: سەرپێیی
الارتخاء: خاوبوونەوە، سستی، شل بوون
ارتخاء(نتلة): ڕاچلەکاندن
الارتزاق: کاسەلێسی، جاشایەتی
ارتداد: بادانەوە، هەڵگەڕانەوە
ارتطام: هەڵنگفتن، هەڵنگوتن
ارتعاب: تۆقین
ارتعاد: ڕاتەکاندن، ڕاتەکین، موچڕکە
ارتفاع: بەرزی، بڵندی
الارتفاع الحسابي: بەرزیی ژمێرەیی
الارتفاع العملي: بەرزیی کرداری
ارتکاز: خۆڕاگیردن، لەسەر وەستان، ڕاگیربوون
إرث: جێماوە، پاشماوە، کەلەپوور
الأرج، الأریج: بەرامە
أرجاء: سەرانسەر، سەرتاسەر
أرجواني: ئەرخەوانی
الأرجوحة: هەلۆرک، جۆلانە
أرزاق: ئازووخە، *ئازوقە*
إرساء: لەنگەرگرتن، لەنگەر هاویشتن
الارشاد: ڕێ بەدێیی، ڕێبەری، ڕێ پێشاندەری
ارصاد: ڕوانین

أرض: زەوی، هەرد
الارض البكر: کۆدە، بەیار
الارض الرخوة: زەویی سستەک، زەویی فشەڵ، زەویی رفۆک
الارض الزراعية: کێڵگە، زەویی کشتوکاڵی
الارض الزراعية المتروكة: بوور
ارض طينية: بان
ارض متموجة (تلول): زوورگ، زوورگەلاّن
ارض محروثة: شۆو، شۆڤ
ارض ملحية (مالحة): زەویی خوێڵێن، زەویی شۆرەکات
أرض يابسة: زەویی وشکێن، وشکە زەوی
الارض التي لاتنبت- جرداء: سۆرک
الارض قليلة الخصب (غير مزروعة): ڕووتەن
أرضة: مۆرانە
أرضية: زەوینە
الارضية (اجرة الارض): زەویانە
أرق: خەوزڕان، خەوڤەڕەڤین، بێ خەوی
أركيولوجي: شوێنەوارناسی
اركيولوجيست (عالم الآثار): شوێنەوارناس
الارنب: کەروێشک، کەڤرۆشک
ارهاب: تۆقاندن، تیرۆر
الارهاب: تیرۆریزم
الارهابي: تیرۆریست
الارهاق: کەشەنگی، شەکەتی
إرواء- اسقاء: ئاودان، داشتن، ئاودێری، ئاڤدان
الارومة (الاصل): بنەماڵە
الأريكة: تەختە
ازاحة، زحزحة: لابردن، لادان
الأزار: پەشتەماڵ
ازالة، ازاحة: لابردن، نەهێلان

- إزالة العقبات: لابردنی ڕێ پێ نەدەران
ازدحام: ئاپۆڕە، هەزارەزیلە، جەنجاڵ
الازدراد: لووشدان، لرفدان
الازدهار: گەشانەوە، گەشەسەندن
الإزدواجية: دووسەرەیی، دوولانەیی
ازرار: قۆپچە، بشکۆک، دوگمە
ازعاج: جاڕس کردن، هەراسان کردن، وەڕس کردن
أزلي- خالد: هەرهەیە، هەمیشەیی
أزمة: تەنگژە
الازمة الاقتصادية: تەنگژەی ئابووری
- أزمة خانقة: تەنگژەی بەربینگر
الازميل: ئەسکەنە
أزهار الماوي: وەنەوشە
ازياء: جلوبەرگ، پۆشاک
أزيد: پتر، زیاتر، زۆرتر
أزيز: کزەکز، گیزە
آس: مۆرد، مورتک
الاساءة: بۆسۆکردن، بەدناوکردن، ناوزڕاندن
أساس: بناخە، هیم، بنیات
الأساس (المصدر): بنج و بنەوان، بنچینە، بنەڕەت
اسباب: هۆ
الاسباب المباشرة: هۆی ڕاستەوخۆ
الاسباب غير المباشرة: هۆی ناڕاستەوخۆ
الاسبست: نەسووتە، ئەسپێست
أسبوع: هەفتە
أسبوعي: هەفتەنامە، هەفتەیی، هەفتانە
استاذ: پرۆفێسۆر
استئثار: خۆپەسەندی
الأستئجار: بەکرێ گرتن
الاستئصال: ڕیشەکێش کردن، بنەبڕکردن، لە

ریشەکەندن
الاستئناف: دەست پێ کردنەوە، تێ هەڵچوونەوە
الاستبداد: ملهوڕی، زۆرکاری، بێدادی
استبدال: جێگۆڕکێ
الاستبقاء: گلدانەوە، هێشتنەوە
الاستثمار: وەبەرهێنان
الاستثناء: هەڵاوێردن، هاوێرکردن، دەرهاویشتن
إستثنائي: بەدەر، هاوێردە
– الظروف الاستثنائية: هەلومەرجی هاوێردە
– باستثناء: بێجگەلە، بەدەر، هاوێر لە، ژ *بلی*
الاستجابة: بەدەنگەوەچوون، وەڵامدانەوە
استجابة الشكوى: گازن پرسین، سکاڵا پرسین
استحداث: نۆژەن کردن، نوێکردنەوە
– مُستحدَث: نۆژەن کراو
إستحصال: دەستگیر بوون
الاستحمام: گەرماوکردن
الاستجمام: پشوودان
إستخدام: بەکارهێنان، خستنەبەرکار، بەکاربردن
استخراج: دەرهێنان
استخراج المعادن: کانزا دەرهێنان
استخلاص: پوختەکردن
استدانة: قەرزکردن
استدعاء: بانگ کردن
استدلال: بەڵگەهێنانەوە، ڕێبەدیبی
استراحة: پشوودان، بێهن ڤەدان
استرخاء: خاو بوونەوە، خۆخاوکردنەوە
إسترداد: گێڕانەوە
استرقاق: بەکۆیلەکردن، کۆلەداری
– إسترقاق العبيد: بەکۆیلەکردنی بەندان
استسلام: مل دان، خۆبەدەستەوەدان
استشارة: ڕاوێژ، ڕاوێژپێکردن
– مستشار: ڕاوێژکار
– مستشير: ڕاوێژخواز
– الهيئة الاستشارية: دەستەی ڕاوێژکاریەتی
استضاءة: تیشکدانە سەر
استطلاع: سەراسۆکردن، سەرانسۆیی. لە فۆلکلۆردا هاتووە: «بەسمان لێ بگرە سەرانسۆی بانی».
استعادة: سەندنەوە
استعارة: خواستنەوە
استعراض: خۆنوواندن، خۆنوێنی
الاستعراض العسكري: خۆنواندنی سوپایی
استعراض العضلات: سنگ دەرپەڕاندن، بازوونیشاندان
استعراض الموضوع: بابەت خستنە بەرچاو، بەرچاوخستنی بابەت
الاستعطاف: دڵنەوایی
استعلامات: پرسگە
الاستعمار (للسياسة): وڵاتگری، ئیمپریالیزم
الاستعمار (للتعمير): ئاواکاری
استعمال: بەکارهێنان
الاستعلاء: خۆبەزلزانین
الاستعلاء القومي: خۆبەزلزانینی نەتەوەیی
استعلامات: پرسگە
استغراق (الوقت): خایاندن
استغلال (للانسان): ڕەنجخۆری، چەوساندنەوە
استغلال: وەسوودهێنان، وەبەرهێنان
استغلال اوقات الفراغ: وەسوودهێنانی کاتی بەتاڵایی
استغلال الارض: وەبەرهێنانی زەوی
استغلال الفرصة: بەهەل گرتن، بەهەل زانین
استغناء: واز لێ هێنان

استفتاء: ڕا پرسی
الاستفزاز: دەمارگرتن
استقالة: وازهێنان، دەست لێ کێشانەوە
استقامة: ڕێکی، ڕاستی
استقبال: پێشوازی، پێشبەری، بەپیرەوەچوون
استقرار: جێگیری، هێورین، هێوران، گیرسانەوە
استقطاب: جەوسەرگری
استقطاعات: دابڕین، دابڕکاری
استکشاف: دۆزینەوە
استلام: وەرگرتن
استمارة القبول: فۆرمی وەرگرتن
استماره النقل: فۆرمی گواستنەوە
استمرار: درێژەدان، *بەردەوامبوون*
استمرار: لەسەر ڕۆیشتن، بەردەوامی
الاستمرارية: بەردەوامیەتی
الاستنباط: هەڵهێنجان
استنتاج: ئەنجامگری
استنجاد: فریاخوازی
الاستنزاف: لەبەرڕۆیشتن
– حرب الاستنزاف: شەڕی لەبەرڕۆیشتن
الاستنساخ: لەبەرگرتنەوە، فۆتۆکۆپی
– جهاز الإستنساخ: ئامێری لەبەرگرتنەوە، (ئامێری فۆتۆکۆپی)
الإستنساخ البشري: لەبەرگرتنەوەی مرۆیی
استنشاق (الهواء): هەڵمژین
الاستنضاح: دەلاندن
استهزاء: تیز، تەشەر، جەفەنگ، گاڵتە پێ کردن
استهلاك: بەکاربردن
استهلاك (للاقتصاد): بەرخۆری
استهلاك طاقة: بەکاربردنی وزە
– مواد مستهلکة: کەرستەی بەکارهاتوو
– مستهلك: بەکارهێن، بەکاربەر، بەرخۆر
إستهلال: سەرایی دانان
استواء: یەکسانی
استیراد: هاوردن
– مستورد: هاوردە. دەڵێ «ئەم دەسماڵە هاوردەی تەوریزە».
الاستیطان: بنەجێ بوون، نیشتەجێ بوون
الاستیطان الريفي: دێنشینی، *گوندنشینی*
الاستیطان المدني: باژێرنشینی
استیلاء: دەست بەسەرکردن، *دەست بەسەرگرتن*
أسد جبلي (وحشي): شێرە کێوی
الاسدیة، الطلع: نێرەکی
الاسرار: نهێنیگەل، ڕاز و نهێنی
اسرة: خێزان
اسطوانة: لوولەک، ئەستوون
اسطوانة التسجيل: قەوان
الاسطوانة الصلدة: کۆڵەکە، ئەستوون
الاسطوانة المجوفة: لوولە
الاسطورة: ئەفسانە
اسطول: کەشتیگەل
اسعاد: دڵخۆش کردن، شادکردن
أسعار الخصم: نرخی داشکاندن
الاسعار القیاسیة: نرخی پێوانەیی
الاسعاف: بەهانا چوون، فریاکەوتن
الاسعاف الفوري: بەهاناچوونی دەستبەجێ
اسعافات اولية: بەهاناچوونی بەرایی
الاسف: داخ، کەسەر
أسفندیان– نبات: کەوەت، کەڤۆت
اسفل: داوێن، *دامێن*، دەهمەن
اسفنج: ئیسفەنج، کەفی دەریا
الاسفین: پواز، نێرک

اسقاء: ئاودێری، ئاڤدان
الاسقربوط: ئەسکەرپۆت
إسكات: بێدەنگ کردن، دەمکوت کردن، کڕکردن
اسلاف: پێشینە، پێشینان
الاسلحة: چەک
أسلحة الدمار الشامل: چەکی وێرانکەری گشتی
الأسلحة الفتاكة: چەکی تووناکەر
الاسلحة النارية: چەکی ئاگردار، چەکی ئاگرین
اسلوب- لهجة: شێوازە، شێوەزار
الاسلوب الشرطي: شێوازەی مەرجی
اسلوب صيغة الامر: شێوازەی دەم فەرمانی
اسلوب الصيغة الانشائية: شێوازەی دەم داڕێژەیی
اسم: ناڤ، ناو
الاسم البسيط: ناوی سادە
الإسم الثـــلاثي: ناوی ســـێـــــینە، ناوی سێ پشتەکی، ناوی سیانی
اسم الجمع: ناوی کۆ
الاسم حسب الجنسية: ناو بەپێی ڕەگەز
الاسم العام: ناوی گشتی
اسم العلم: ناوی ناسەکی
اسم الفاعل: ناوی کارا
اسم الفعل: ناوی کار
الاسم المادي: ناوی مایەکی
الاسم المحايد: ناوی بێلایەن
الاسم المختصر: کورتەناو
الاسم المذكر: ناوی نێرەکی
الاسم المركب: ناوی لێکدراو
الاسم المستعار: ناوی خواستەنی
الاسم المشترك: ناوی ناوکۆ، ناوی هاوبەش
الاسم المشتق: ناوی داڕێژە، *داڕشتی*
الاسم المصغر: *نازناو*
الاسم المطول: درێژە ناوە
الاسم المعرف: ناوی ناسەنی
الاسم المعنوي: ناوی واتایی
الاسم المفرد: ناوی تاک
اسم المفعول: ناوی بەرکار
الاسم المؤنث: ناوی مێیەکی، ناوی مێ
الاسم النكرة: ناوی نەناسەکی
الأسم واللقب: ناو و پاشناو، ناو و ناسناو
الاسمال البالية: سیپاڵ، *کنجڕ*
أسمدة: پەین
الاسمدة الخضراء: سەوزە پەین
الاسمدة العضوية: پەینی زیندەڵ
الاسمدة الكيمياوية: پەینی کیمیایی
أسمر: سەوزە
الآسن: گەناو، گەنیو، *گەنی*
اسناد: پشتوانی
اسهال: زگچوون، پەلەفیرە، ڕەوانی
الاسهام: بەشداری، پشکداری
اسوداد: ڕەش داگەڕان، *ڕەشبوون*
الأسى: مخابن، خەم، پەژارە
أسر: دیلمان، *دیلی*
- سنوات الأسر: ساڵانی دیلمانی
- الوقوع في الأسر: دیلبوون
اسير: دیل
اشارة: هێما، نیشانە، دیاردی
- الاشارات السمعية: نیشانەی بیستەنی
- الاشارات الضوئية: نیشانەی ڕووناکی
اشارة التحذير: نیشانەی وریاداری
اشارة الى: نیشانە بە
إشاعة: هەڵبەستە، دەمگۆ، بانگەشە، بەندوباو
اشاعات مغرضة: دەمگۆی چەواشەکار

اشتراك: بەشداری، هاوبەشی
اشتراكية: سۆشیالیزم، هاوبەشایەتی
اشتقاق: داتاشین
اشتهار: ناودێربوون، ناودانەوە، ناڤدان
اشتياق: تاسە، تامەزرۆیی
اشجار مثمرة: داری بەردار
اشراف: سەرپەرشتی
اشعاع: تیشک دان
اشعاع الحرارة: تیندانەوە، *تێندان*
اشعاع الضوء: تیشک دانەوە، *تیروژک دان*
اشعاعي: تیشکاوەری، *تیروژک*
أشعة الشمس: تیشکی تاو
أشعة الصدر: تیشکی سنگ
الاشعة فوق البنفسجية: تیشکی ژوور وەنەوشەیی
أشغال: داگیرکردن
أشقر: کەژ
اشمئزار: بێزکردنەوە
اشنة: کەوزە، کەڤز
الاصابة (بالامراض): ئەنگاوتن، *هنگاڤتن*
– المصاب: ئەنگاوتە، ئەنگواو. هێمن دەڵێ: «بۆچ نەناڵێ ئەم دڵە ئەنگاوتەیە». لە فۆلکلۆریشدا هاتووە: «دەڵێی هەلالەی بنکەن کراوی+ ئەتۆ عاشقی یان ئەنگواوی».
الاصابة بالشلل: شەپلەلێدان
اصابة الهدف: نیشان ئەنگاوتن، نیشان پێکان
الأصالة: ڕەسەنی
اصباغ شفافة: بۆیەی دیودەر
اصبع: پەنجە، ئەنگوست، تلی
اصدار: دەرچوواندن
اصدار– تصدير: هەناردن، هەنارده
اصرار: سووربوون، پێکۆڵی
آصرة: بەند
اصطبل: پشتیر، گەوڕ، تەویلە، *ئەختەخانە، گۆڤ*
اصطدام (المصادمة): بەرەنگاربوون، تێک گیران
اصطفاف: ڕیز بوون
اصطلاح: زاراوە
اصطناعي– يدوي: دەستکرد، دەسکار، کر. «دەمەگری مەگری گریان گرانە+ ناردوومە بۆت بێ دەسکاری بانە».
اصطياف: هاوینەواری، کوێستان کردن
اصفر: زەرد، زەر
الأصل (باعث): ماکە، ماک. لە فۆلکلۆردا هاتووە: «رۆژهەلاتووە لە ماکێ+ دای لە سینگ و خەناوکێ»
أصل–جذر (للانسان): ڕەچەڵەک، *ڕەڤشت*
أصل (للموضوع): بنەڕەت، بناوان
اصول: ڕێوشوێن
أصولي– للفكر: بناوانگر
– الإسلام الأصولي: ئیسلامی بناوانگر
الأصولية: بناوانگریەتی
أصيل: ڕەچەڵەکدار، بەبناوان
اصيل: ڕەسەن، یەکرەگ
– غير اصيل: ناڕەسەن
أصل– للشجرة: بنە
الاصلاح: چاککردن، دەستکاری کردن
الاصلاحات: چاکسازی
اصلاح ديني: چاکسازیی ئایینی
الاصلاح الزراعي: زەویسازی، چاکسازیی کشتوکاڵی، *چاکسازی چاندنێ*
أصلي: بنەچەیی، ڕەسەن
الاصلية: بنەڕەت

الاصوات الحادة: دەنگی زیل، *دەنگێ تیژ*
الاصوات الغليطة: دەنگی گڕ
الاصوات الموسيقية: دەنگی مۆزیکی
الأصيص: ئینجانە
أصيل (وقت الغروب): زەردەی ڕۆژئاوابوون، بوولێڵە، زەردەپەڕ
اضاءة: ڕووناککردنەوە، *ڕونکرن*
اضافة: خستنەپاڵ
اضافة الى: سەرەڕای، وێڕای
اضافي: سەربار
الاضبارة- الملف: فایل
الاضبارة الشخصية: فایلی کەسایەتی
الاضحاك: هێنانە کەنین، وەپێکەنین هاوردن، *کەناندن*
إضراب: مانگرتن
الاضراب عن الطعام: مان گرتن لە خواردن
- المضرب: مانگر
اضطراب: شێوان، پەشێوی، بشێونە
الاضطرار: ناچاربوون، بەناچاری
اضطهاد: چەوسانەوە
إضعاف: لاوازکردن
أضعاف: چەندجارە
اضغاط: پەستاوتن
الاضلاع: پەراسوو، لا
اضلاع كاذبة: گەندە پەراسوو، زڕەپەراسوو
الاضمحلال: لەناوچوون، پووکانەوە، *ژ ناڤ چوون*
اطار: چێوە
اطار (السيارة): تایە
الاطار (للصور): چوارچێوە، *چارچووڤە*
الاطار (الدائري): کەمە
اطاعة: گوێڕایەڵی، گوێداری

الاطالة: درێژەپێدان
اطراف (انحاء، ارجاء): سەرانسەر
الاطراف: پەل، پەلوپۆ
الاطراف الاربعة: چوارپەل، چوارلا
اطعام: دەرخوارددان
اطفاء: دامرکاندنەوە، کوژاندنەوە، *ڤەمراندن*، *تەمراندن*
اطفاء الحريق: ئاگرکوژێنی، *ڤەمراندن*، *تەمراندن*
الاطفال الصغار: کۆرپە
اطلاع: ئاگەداری
- للاطلاع: بۆ ئاگەداری
اطلاق: بەرهەڵداکردن
اطلاق العنان: ڕێشمە بەرهەڵدان
اطلاق سراح: ئازادکردن، بەرهەڵدان، ڕەها کردن. «دەڵێن: لەو بەندەم ڕەهاکە».
إطلاق النار: ئاگرهاوێژی
اطمئنان: دڵنیایی
الاظهار (تمثيل): نواندن
اعادة (كتاب رسمي): ناردنەوە
اعادة (للوظيفة): گێڕانەوە
اعادة التكرير: پالاوتنەوە، پارزنینەوە
اعادة تجميع: لە نوێ کۆکردنەوە
اعادة النظر: چاو پێداگێڕانەوە
اعارة- استعارة: خواستنەوە
اعاشة: بژیوی
الاعاصير البحرية: گێژەلووکەی زەریایی
اعاقة: تەگەرە یان کۆسپ تێ خستن
- معوقات: کۆسپە، تەگەرە
اعانة: پیتاک، باروبوو، کۆمەک
اعتبار- اهتمام: بایەخ، ڕەچاوکردن
اعتداء: دەسدرێژی

اعتدال (الهواء): هاوسان، فێنكی، هێنكاتی
الاعتدال الخريفي: هاوسانیی پایزە
الاعتدال الربيعي: هاوسانیی بەهارە
الاعتدال الربيعي والخريفي: هاوسانیی بەهارە و پاییزە
الاعتدال الفصلي: هاوسانیی وەرزەكی
اعتذار: لێبوردن خوازی، *لێبورین*
– تقديم الإعتذار: پێشكێش كردنی لێبوردن خوازی
اعتراض: بەرتەک، پێشبڕی
اعتراض الطريق: ڕێ لێ بڕینەوە
اعتراف: دان پێنان، پێ لێنان
الإعتراف بالدول: بەدەوڵەت ناسین
اعتقاد– عقيدة: باوەڕ
الاعتقاد– التصديق: باوەڕكردن، بڕوا كردن، *باوەڕكرن*
الاعتماد: پشت پێ بەستن، متمانە، بڕوا، *باوەری*
اعتماد (اعتماد مالي): پشتیوانە
الاعتماد على النفس: بڕوابەخۆیی، متمانە بەخۆیی، پشت بەخۆبەستن
الاعتناء: بەتەنگەوە هاتن
اعتيادي: ئاسایی
الأعداد: ژمارەگەل
إعداد: ئامادەكردن
إعداد المعلمين: ئامادەكردنی فێركاران
الاعدادية: ئامادەیی
اعراض – علامة: نیشانە
اعراض المرض: نیشانەی نەخۆشی
اعشاب: گژوگیا
اعصاب: دەمارگەل
اعصاب دماغية: دەمارگەلی مێشكی
اعصاب شوكية: دەمارگەلی دڕكاوی
اعصاب مختلطة: دەمارگەلی تێكەڵە
اعصاب مركزية: دەمارگەلی ناوەندی
الاعصاب والحس: دەمار و هەست
اعصار: زریان، بابەلیسک، باهۆز، گەردەلوول
الاعظم: مەزنترین
الإعلام: ڕاگەیاندن
اعلام: ئاگەداری
اعلام الزوجية: بەڵگەی خێزانداری
اعلان – نشر: جاڕدان، جاڕكێشان
اعلان الحرب: شەڕ جاڕدان
إعمار– بناء: ئاوەدان كردنەوە، *ئاڤەدانكرن*
أعماق: بنەبان، تەپان، *كویراتی*
أعماق البحار: تەپانی زەریا، قووڵاییی زەریا
الاعمال الارادية: كردارگەلی خۆكردەیی
الاعمال اللاارادية: كردارگەلی خۆنەكردەیی
الاعمال الحيوية: كردارگەلی زیندەكی
اعمال يدوية: كاری دەستەكی، كاری دەستی
أعمدة: كۆڵەكە، ستوون
– أعمدة الدخان: كۆڵەكەی دووكەڵ
اعمى: كوێر، كۆرە
أعوج: چەوت، چەوێڵ، *خوار*
إعياء: ماندووەتی، شەكەتی، *وەستیان*
اغاثة: بەفریاهاتن
اغتراب: ئاوەكی بوون، نامۆبوون
الاغتيال: ڕەشەكوژی
اغذية محفوظة: خواردەمەنیی پاراستە
الاغراض ج– غرض: نیاز
الاغراض السلمية: نیازی ئاشتیخوازانە
إغراق: نوقوم كردن
اغراق السوق: بازار پڕكردن

اغطية: پۆشەک، پێخەف
اغلاق: داخستن، پێوەدان
اغلفة ج- غلاف: بەرگ
إغماء: بوورانەوە، لەهۆش چوون، *بێ هشی*
اغنية: گۆرانی، ستران
افتراض- فرضية: گریمانە
الافتراض-افتراضا: گریان
افراد- فرد: تاک
الافراز: ڕژاندن، دەردان
افراز- افرازات: دەرهاوێشتە، ڕژاوە
افراغ: بەتاڵ کردن
الافرشة: ڕایەخ
الافزاع: تۆقاندن
افشاء: بڵاوکردنەوە
افشاء السر: بڵاوکردنەوەی نهێنی، درکاندنی ڕاز
افعال انعكاسية: کاری بەرتەکەکی، *پەرچە کردار*
افعال آلية: کاری ئامێرەکی
افعال عصبية: کاری دەمارەکی
افق: ئاسۆ، ئاسۆگە
افقي: ئاسۆیی، پۆیی
افلات: دەربازبوون، *ڤەڕەسیان*
افلاس: مایەپووچی، نابووتی
افلاك- فلك: چەرخ
آفة: پەتا
إفهام: تێگەیاندن
الأفول: ئاوابوون
الأفين- المأفون: لاژگ، گەمژە، گەمژەڵ
اقامة: دامەزراندن، نیشتەجێیی
الاقاويل: قسەوقسەلۆک، واتەوات، گۆتەگۆت
الاقتاد: دڕک، ستری، دڕکەزی
اقتباس: لێ وەرگرتن

اقتراح: پێشنیاز
الاقتراع السري: دەنگدانی نهێنی
اقتران: جووت بوون
اقتصاد: ئابوور
اقتصادي: ئابووری
- الوضع الإقتصادي: باری ئابووری
إقتصادي- اقتصاد في النفقات: بگر، دەست پێوەگر، بەئابوور. دەڵێ: «ئافرەتێکی بگرە» یان «بەئابووربە».
الاقتصاد المنزلي: ماڵداری
اقتلاع: هەڵکێشان، دەرکێشان
الإقتلاع من الجذور: لە ڕەگەوە هەڵکێشان
أقذار: پەڵە
إقرار (اعتراف): دان پێنان، سەلماندن
إقرار (تثبيت): چەسپاندن، بڕیاردان
أقراص- قرص: ساپ
أقراص الكترونية: ساپی ئەلیکترۆنی
الاقسام الادارية: بەشەگەلی کارگێڕی
أقصى: ئەوپەڕ، دوورترین
الأقط: کەشک
اقطار (ج) قطر: وڵات
اقطاعي: دەرەبەگ، فیۆداڵ
اقليم: هەرێم
- النزعة الاقليمية: خولیای هەرێم پەروەری
الاقلية: کەمینە، کەمایەتی
أقمار إصطناعية: مانگی دەسکار
أقمشة: کوتاڵ
الاقناع: قایل کردن، بڕوا پێ هێنان
اقنعة- قناع: دەمامک، دەمبێن. لەسەرکێشی (دەسبێن).
اقنعة الغازات السامة: دەمامکی یان دەمبێنی

گازی ژاراوی
اقوال مأثورة: پەندی پێشینان
اکتتاب: باربوو، پیتاک
اکتساء: پۆشین
اکتساب: پەیداکردن
اکتساب المهارة: پەیداکردنی لێزانی
الاکتساح: ڕامالّین
اکتشاف: دۆزینەوە
الاکتشافات الاثریة: دۆزینەوەی شوێنەواری
اکثر- ازید: پتر، زۆرتر
الاکثر تعقیداً: ئالۆزتر
الاکثر شدة: توندتر
الاکثریة: زۆربە، زۆرینە
اکرامیة: ڕێزانە، بەخشیش
الاکراه: بەنادڵی، بەزۆری
اگزیما: بیرۆ، بیرۆڤ
أکسیر الحیاة: مایەی ژیان، ئیکسیری ژیان.
آکلات الاعشاب: گیاخۆر
الأکلة: نەخۆشیی خۆرە
اکمال (في الدرس): دواکەوتن
- مکمل: دواکەوتە
الاکمال- تکمیل: تەواو کردن
الاکمة: گردۆلکە
الاکیاس المائیة: توورەگەی ئاوی
الاکیاس الهوائیة: توورەگەی هەوایی
الآل (السراب): تراویلکە، سەراو
الآلات الغشائیة: ئامێری چەرمەکی
الالاف: هەزاران
الالاف المؤلفة: هەزاران هەزار
ألبان: شیرەمەنی، سپیایی، *سپیاتی*
الالتئام: سارێژبوون
التباس: بەهەڵەداچوون
الالتجاء: پەنابۆبردن
إلتحاق (بالوظیفة): چوونەسەرکار
التزام: دەربەستی
- ملتزم: دەربەست
- غیر ملتزم: بەیدەست، نا دەربەست
التصاق: پێوەلکان، لکان
التفاتة: ئاوڕدانەوە
إلتماس: هیواخوازی، تکاکاری
التقاط: هەڵگرتنەوە
التقاء: ژوان، بەیەک گەیشتن
التهاب: هەڵایسان، گڕگرتن
التهاب-في الطب: هەوکردن، *هەودان*
الالتهاب الرئوي: هەوکردنی سییەکی
التهاب القصبات: هەوکردنی لوولەی هەوایی
إلتهام: لرفاندن، لووشدان
التواءات: پێچاوپێچ، پێچەڵپێچ
التواء: چەمانەوە، نووشتانەوە، *چەمیان*
ألتواءات (جغرافیة): گەوە، پێچەک
الالحاح: پێکۆڵی، سووربوون
الحاق (الحاقاً بکتابنا): دوا بەدوا
الذي: ئەوەی
الالزام: دەربەست کردن
الصاق (للتهمة): پێوە لکاندن
الالعاب الناریة: گەمەی ئاگراوی، گەمەی ئاگرین
الغاء (فسخ): هەڵوەشاندنەوە
الالغاز: مەتەڵ
الف: هەزار
الفات نظر: سەرنج ڕاکێشان
الألفة: هۆگری، دەستەمۆیی، دەساژۆیی
الألق: بریسکانەوە

الالقاب: ناسناو، پاشناو
الالقاب المذمومة: ناتۆره
الم- اوجاع: ئێش، ژان
ألماس، ماس: ئەڵماس
الالمام: ئاگەداری
المنيوم: ئەلەمنيۆم، فافۆن
آلة: ئامێر
آلة الترشيح (في المختبر): پاڵوێنه، پارزينک
آلة التشريح: ئامێری توێکاری
آلة التصوير: ئامێری وێنەگری، کاميرا
آلة حادلة: ئامێری پەستێنەک، باگردێن
الآلة الحاسبة: ئامێری پێژمێر
آلة الخضاض: ئامێری ژەنين، ژەنەک
آلة صنع الثلج: ئامێری سەهۆڵسازی
آلة الضرب: ئامێری لێدان، کوتەک
آلة العصر: ئامێری گوشين
- العصارة: گوشەک
آلة غشائية: ئامێری پەردەيی
آلة الفراز: ئامێری دەردەر
آلة موسيقية: ئامێری مۆزيکی
آلة هوائية: ئامێری هەوايی
آلة وترية: ئامێری ژێيی
آلي: ئامێرەکی
آلية العمل: ئامێرايەتيی کار
الالهيات- اللاهوت: زانستی خواناسی
الواح طينية: تاتی گڵێنه
الياف: ڕیشاڵ
الالياف الصناعية: ڕیشاڵی دەستکار
الالياف العصبية: ڕیشاڵ دەمارەکی
الالياف العضلية: ڕیشاڵی ماسولکەيی
الالياف النباتية: ڕیشاڵی ڕووەکی
اليف: هۆگر، دەستەمۆ، ماڵی
ام اربع وأربعون: هەزار پێ، *زيڤ زيڤە*
الأمارة: نيشانه
إمارة: ميرنشينی، ميرەکايەتی
اماطة اللثام- تعرية: داماڵين
الاماكن المجهولة: شوێنی کەسنەزان
الاماكن المهجورة: وێرانه، کەلاوه
الأمام: نوا، پێش
الإمام: پێشنوێژ، بەرنوێژ، پێشەوا
أمان: دڵنيايی
الأمانة (الايداع): ڕاسپارده
امبراطور: ئيمپراتۆر
امبرياليزم: ئيمپرياليزم
الامتحان- الاختبار، التجربة: تاقيکردنەوه
امتحان نصف السنة: تاقيکردنەوەی نيوەی ساڵ
الامتحان النهائي: تاقيکردنەوەی کۆتايی
الامتحان الوزاري: تاقيکردنەوەی بەکالۆريا
امتداد: درێژبوونەوه، درێژه
امتصاص: مژين
إمتناع: خۆپارێزی
- الإمتناع عن التصويت: خۆپارێزی له دەنگدان
امتياز: مافی تايبەتی، سەرپشکايەتی
آمر: فەرمانده
آمر الحامية: فەرماندەی مۆڵگه
آمر الحضيرة: فەرماندەی دەسته
آمر السرية: فەرماندەی لق
آمر الفصيل: فەرماندەی پەل
آمر الفوج: فەرماندەی بەتاليۆن
آمر اللواء: فەرماندەی ليوا، يان هێز
آمر المقر: فەرماندەی بنکه
أمر: فەرمان

أمر اداري: فەرمانی کارگێڕی
أمر رسمي: فەرمانی میری
أمر وزاري: فەرمانی وەزارەتی
إمرار: تێپەڕاندن
امرار القضية: تێپەڕاندنی کێشە
الامراض الانتقالية: نەخۆشیی پەتا
الامراض السارية: نەخۆشیی گیرۆ
الامراض المعدية: نەخۆشیی درم
إمرأة: ئافرەت، ژن
إمساك: گیراوی
امطار: باران
الامطار التضاريسية: هەڵەتەباران
الامطار الغزيرة: ڕێژنەباران
امعاء: ڕیخۆڵە، *ریڤیک*
الامعاء الدقيقة: ڕیخۆڵە باریکە، *ریڤیکا زراڤ*
الامعاء الغليظة: ڕیخۆڵە ئەستوورە، *ریڤیکا ستور*
امكانيه: شیان، لوان
امل: هیڤی، هیوا
إملاء (قواعد الاملاء): ڕێنووس
إملاء الشروط: مەرج سەپاندن
الأملاح: شۆرەکات، خوێواوک
املاح معدنية: خوێی کانزایی
أملس: لووس
املط، املس: کۆسە، لووسکە
الأمم المتحدة: نەتەوە یەکگرتووەکان
أمن: ئاسایش
- مؤسسات أمنية: داوودەزگای ئاسایش
أمّة: نەتەوە
امهال: هەل پێدان
الامواج: شەپۆڵ، پێل، *سیپەل*

الامواج فوق الصوتية: شەپۆڵی سەروو دەنگ
الامواج المنعكسة: شەپۆلی بەرتەکدەر
الاموال: ماڵ
الاموال المنقولة: زیندەماڵ
الاموال غير المنقولة: مردەماڵ
الامور الجارية: کاروباری ڕۆییو، *کاروباریَ رەوان*
- تصريف الامور الجارية: بەڕێکردنی کاروباری ڕۆییو
الامومة: دایکایەتی
الامومة والطفولة: دایکایەتی و ساوایەتی
أمي: نەخوێندەوار
- الامية: نەخوێندەواری
الامير: میر
امير الامراء: میری میران
امير المؤمنين: میری باوەڕداران
الامين: ڕازدار
أمين الصندوق: خەزنەدار
الآن: نهۆ، ئێستە، *نۆکە*
أنا: من، ئەز
اناء: دەفر، ئامان، هیربار
- اناء فخاري: دەفری گڵێنە
الآناء: دەمکات
آناء الليل: دەمکاتی شەوێ
انابيب- انبوب: لوولەک
اناطة: پێ سپاردن
الأناقة: ڕێکپۆشی، تەڕپۆشی
الأناني: خۆپەرست
الانانية: خۆپەرستی
الاناة: لەسەرخۆیی
الانبات: ڕوواندن، چەکەرەکردن
انبات ارضي: چەکەرەکردنی زەوییەکی، ڕووانی

زەوییەکی
انبـات هوائي: ڕووانی هەوایی، چەکـەرەکـردنی هەوایی
انبساط: پان بوونەوە
انبعاث: ژیانەوە، *ڤەژاندن*
انبعاج: قۆپانەوە
انبوب: لوولەک
انبوب التوصيل: لوولەکی گەیاندن
انبوب جانبي: لوولەکی لاتەنیشت
انبوب الحفر: لوولەکی هەڵکەندن، کولان
انبوب رئيسي: لوولەکی سەرەکی
انت: تە، تۆ
انتاج: بەبەرهەم هێنان، بەرهەم، بەروبووم
الانتاج السنوي: بەرهەمی ساڵانە
انتباه: وریایی، *هشیاری*
انتحار: خۆکوژی
انتخاب: هەڵبژاردن
انتداب (نظام): راسپێری
– منتدب: راسپێر
انتزاع: لێ کردنەوە، لێ سەندن
انتشار: بلاوبوونەوە، تەشەنەکردن، *بەلاڤبوون*
انتشال: دەرکێشان
انتظار: چاوەنواڕی، چاڤنێڕی
الانتعاش: بووژانەوە، گەشانەوە
انتفاء: نەمان
انتفاخ: باکردن، ئاوسان، *پفبوون*
انتفاضة: ڕاپەڕین، سەرهەڵدان
انتقاء: چنینەوە، دەسبژێرکردن
انتقال: گواستنەوە
إنتقال الصوت: گواستنەوەی دەنگ
انتقال الحرارة: گواستنەوەی گەرمی
انتقام: تۆڵە
أنتم: هوون، ئێوە
إنتماء: هاتنەپاڵ
إنتهاء: بڕانەوە، تەواو بوون، بەکۆتاهاتن
انتهاء الخدمة: بەکۆتاهاتنی خزمەت
الانتهازي: هەلپەرست، لە هەلگەڕ
انتهاك: پێشێل کردن، بەزاندن
انتــهــاك الحــدود الدوليــة: بەزاندنی سنووری نێودەوڵەتی
انتهـاك حقـوق الانسـان: پێشـێل کـردنی مـافی مرۆڤ
أنثوي: مێیانە
انثى: مێیینە، مێچکە
انج: گرێ
الانجاز: بەجێهێنان
انجراف: ڕامالّین
انجماد: بەستن
أنحاء–ناحية: ناوچە
انحباس: گیران، گیربوون
انحدار: نشێو، لێژی، لێژبوونەوە
انحدار الارض: لێژیی زەوی، نشێوی
انحراف: لادان
الانحراف الربيعي: لادانی بەهارە
الانحراف المتوسط: لادانی ناوەندی
الانحراف المعياري: لادانی پێوانەیی
الانحراف المغناطيسي: لادانی موگناتیسی
انحصار: گیربوون
انحلال: داڕزان، داهێزران
انحلال (للدول): هەڵوەشان
انحـلال العـضـلات: داوەشـانی مـاسـوولکە، پووکانەوەی ماسوولکە

الانحناء: چەمانەوە
الإنحياز: لایەنداری
- عدم الانحياز: بێلایەنی
الاندثار: سووان، لەکارکەوتن
اندحار: تێشکان
الاندفاع: تەکان
الاندفاع بسرعة: تەکانی بەتاو، تەکانی بەلەز
اندفاع الدم: تەکانی خوێن
اندماج: بەیەکداچوون
الاندماج (للحياة الاجتماعية): بەیەکداچوونی کۆمەڵایەتی، *جڤاکی*
اندماج نووي: بەیەکداچوونی ناوکەیی
انذار: گەف. لە کاروباری کارگێڕیدا بەپێی پلە ئەم سزایانە هەن- توبیخ: سەرکۆنە، انذار: گەف، تهدید: هەڕەشە، اخطار: ترساندن، الاخطار النهائي: ترساندنی دوواجارەکی
انزال: دابەزین، دابەزاندن
الانزلاق: ترازان، خلیسکان، *تەحسین* *Tehisîn*
الانسان: مرۆڤ
الانسان الاجتماعي: مرۆڤی کۆمەڵایەتی
الانسان الآلي: مرۆڤی ئامێرەکی، ڕۆبۆت
الانسان الامثل: مرۆڤی سەردەستە
الإنساني: مرۆڤپەروەر، مرۆڤدۆست
الانسانية: مرۆڤایەتی
انسجام: گونجان، هەڵکردن، سازان، وەشانەوە
انسجة: شانە
انسجة الجسم: شانەی لەش
أنسجة (للقماش): چنراوە
انسحاب: کشانەوە، *ڤەکێشان*
الانسحاب (للحرب): پاشەکشێ
الانسحاب (للدم): کێشانەوە

الانسلاخ: داماڵین، *ڕاهێلان*
آنسة: خاتوون، خاتوو. لەگەڵ ناودا وەک: خاتووزین، خاتوو ئەستی. بۆ کورتکردنەوە هەندێ جار دەبێ بە (خا). وەک: «گلارە ترێ وەدەمیا ناچێ+ ماچی خا فاتم لە دڵ دەرناچێ». بەبێ ناو: خاتوون، خاتوونێک
الانسياب: ڕۆیشتنی ڕەوان، ڕۆیین
الانسيابية: ڕۆینە
انشاء (للبناء): ڕۆنان
انشاء (للكتابة): دارشتن
الانشطار: لەتبوون
انشطار نووي: لەتبوون ناوکەیی
الانشقاق: لێک ترازان
انصهار: توانەوە، *بوهژین*
الانضغاط: پەستان
- مضغوط: پەستاوتە
انضمام: هاتنەپاڵ
انطباق الصوت: دەنگ نووساوی، *دەنگ کەفتن*
الانطفاء: کوژانەوە، *ڤەمراندن*
انطلاق: دەرپەڕین
انطواء: گۆشەگیری
انطوائي: گۆشەگیر
انعاش: بووژاندنەوە، گەشاندنەوە، *گەشاندن*
انعدام: نەمان
انعزال: دوورەپەرێزی
الانعزالي: دوورەپەرێز
الانعزالية: خۆ دوورەپەرێز گرتن، دوورەپەرێزایەتی
انعطافة: وەرچەرخان، پێچدانەوە
انعقاد: بەستران، *بەستن*
انعكاس: بەدەردانەوە، دانەوە، *ڤەدان*
الانغام الموسيقية: ئاوازەی مۆزیکی

انغلاق: داخران، *داخستن*

أنف: لووت، کەپوو، *دفن*، *پۆز*

آنفا: پێش تاوێک

انفاق: خەرجی، *مەزاختی*

انفاق الجهد: بەخەرجدانی ئەرک، *مەزاختنا ئەرکی*

إنفجار: تەقینەوە، *پەقین*

إنفراج: کرانەوە، *ڤەبوون*، *ڤەکرن*

– إنفراج الأزمة: کرانەوەی تەنگژە

الانفراد بالسياسة: تاکڕەویی سیاسی

انفصال: لێک دابڕان، *ژێک دابڕین*

انفعال: هەڵچوون

الانفعالات النفسية: هەڵچوونی دەروونی

انفكاك (عن الوظيفة): دوورکەوتنەوە

انفكاك (تفكك): هەڵوەشانەوە، *هەڵوەشیان*

انفلاق: ترەکینەوە

الأنفة: لووت بەرزی، *دفن بلندی*

انقاص الراتب: مووچە کەم کردنەوە

انقباض: گیربوونەوە

إنقراض: قڕان هاتن، فەوتان

انقراض النسل: بەقڕان هاتنی وەچە

– منقرض: قڕان هاتوو، فەوتاو

انقسام: دابەش بوون

انقضاض: هەڵکوتانە سەر، *خۆتێ وەرکرن*

انقطاع: دابڕان، *دابڕین*

الانقطاع عن العمل: لەکار دابڕان

الانقلاب: وەرگەڕان، کودەتا

الانقلاب العسكري: وەرگێڕانی یان کودەتای سەربازی

انكار: نکوولّی

الانكسار: شکانەوە، *شکاندنەڤە*

انكسار الضوء: شکانەوەی ڕووناکی

الانكماش: پووکانەوە

انماء: بووژاندنەوە

الانهار الجليدية: ڕووباری سەهۆڵین

انهاء الخدمة: بڕینەوەی خزمەت

انهدام: هەڵتەکان، ڕمان، *هەڕفاندن*

انهزام، رحيل: رەوینەوە، ڕەڤین

انهيار: داتەپین، هەرەس

انواع: هەمەجۆر

انواع مختلفة: هەمەجۆرەی جیاواز، *جورێت جوداجودا*

آني: دەمودەست، *دەملدەست*

آنياً: دەسبەجێ

الأنيس: هاودەم، خەمڕەوێن، *هەڤدەم*

أنيسون: ڕازیانە، *ڕزیانە*

الانيق: ڕێکپۆش، تەڕپۆش

الانيميا: کەم خوێنی

آنية: هیربار، *ئامان*

إهاجة: چووزاندنەوە، ورووژاندن

الاهبة: تەیاری

– على اهبة الاستعداد: لەوپەڕی تەیاریدا

إهتزاز: هەژانەوە، هەژیان

الاهتزاز الاضطراري: هەژانی ناچاری

الاهتزاز التعاطفي: هەژانی هەمبەری

الاهتزاز الطبيعي: هەژانی خۆزایی

اهتمام: بایەخدان، گرینگی، پویتە

اهداء: پێشکێش کردن

الأهداب (للعين): برژانگ، مژیلان

الأهداب (للنبات): کوڵک

الآهل (المأهول): ئاوەدان

آهل: ئاوەدانی

الاهل: شایەن

الاهل: کەسوکار
اهل النار: دۆزەخی، دۆژداران
اهليلجي: هێلکەیی، ئیلیپسی
الاهلية: شیان. دەگوترێت: (ئەو کابرایە شیانی هەیە).
- متأهل: شیاو
الاهمال: خەمساردی، کەم تەرخەمی، فەرامۆشی
- مهمل: خەمسارد، کەم تەرخەم، *فەرامۆش، خەمسار*
أهمية: گرینگی، بایەخ، پویتە
الاوار: گڕ
اواصر: ڕایەڵ، بەنەک
أواني: ئامان، دەفر
أوتار الصوت: ژێگەلی دەنگ
أوتوماتيك: ئۆتۆماتیک، خۆبزێو
الأوج: لوتکە، ترۆپک
اوراق الشجر: گەڵا، *پەلگ*
اوراق الاعتماد: بەڵگەی بڕواپێ کردن
الاوساط الثقافية: ناوەندی ڕووناکبیری
الاوسمة الفخرية: خەلاتی شانازی
الاوعية: لوولەک
الاوعية الخشبية: لوولەکی دارین
الاوعية الشعرية: لوولەکی موویین
الأوعية الدموية: لوولەکی خوێنەڕۆ. (خوێنەڕۆ بەپێوانەی ئاوەڕۆ)
اوقات: سەروبەند
الاوقاف: ئەوقاف
الاول: یەکەم
الاولي (للمواد الخامة): کەرستەی خاو، کەرستەی خۆڕسک
الاولي- للدراسة: سەرەتایی
اولي- بدائي: سەرەتایی
الاولوية: یەکەمینایەتی، یەکەمایەتی
أي: واتە
الايثار: خەڵک خوایی
ايجابي: بەئەرک، ئەرێنی
- تأثيرات ايجابية: کاریگەری ئەرێنی
الايجار- التأجير: بەکرێدان
ايجاد: هێنانەکایە
إيحاء: هاندان
ايداع: سپاردن
ايداع (الايداع في المصرف): ڕازاندن
الايدي العاملة: دەستی کارکەر
الايراد: دەرامەت، هاوردن
إيصال: گەیاندن
أيضاً: دیسان، هەروەسا، دووبارە
ايفاد: هەناردن، شاندن
الايقاد: داگیرساندن، هەڵایساندن، *هەلکرن*
الايقاف: ڕاگرتن، وەستاندن، *ڕاوەستاندن*
ايقاف (للمعاملة): وەستاندن، ڕاگرتن
ايقاف (اعتقال): گرتن
- توقيف: گرتن
- موقوف: گرتی، گیراو، گرتوو
- موقف: گرتیگە، گرتووگە
الايلاف: مەرج و پەیمان
ايلام: ئازاردان، ئێشاندن
الأيم: بێوە- بێوەژن، بێوەپیاو

## ب

بئر: بير
بائر (للأرض): بەيار، بوور
بائس: كلۆڵ، ناگزوور
بائع: فرۆشيار، بفرۆش
- بائع شاري: بكڕ بفرۆش
باب: دەروازە، دەرگە، دەروو، دەری
بابونك (نبات): بەيبوون، بەيبوونە كێويلە
باحث: پشكنێر، لێكۆڵەوە، *ڤەكۆلەر*
باختصار: بەكورتی، بەپوختی
باخرة: پاپۆر، گەمی
البادرة (بداية): دەسپێک، دەست پێكەری
البادرة (للنبات): چەكەرە
بارد: سارد، تەزی، سار
بارد- سالب: سارد
البارز (الناتيء): قۆقز، نێرتک
بارود: باروت
بإستثناء: بەدەر، بێجگە لە، ژ *بلی*
باستمرار: لە يەكبينە، بەردەوام، هەميشە
الباسل: نەبەز، كۆڵنەدەر، ئازا
باصر- دليل: چاونێڕ
الباعث: بنێر
الباعث للحرارة: گەرمی بدەر
باقلاء: پاقلە
باقة: چەپک، دەسک
باقي: پاشماوە، مايەوە
الباكر- الوقت: زوو، سەرلەزوو
الباكر- البنت: كچ، كەنيشک
بالاستعاضة- بالتعويض: لە برێتی
بالتتابع: پێدا پێدا
بالتناوب: نۆرەبەنۆرە، بەرودوا
بإلحاح: بەزۆر
بالضبط: كتومت
بالعكس: بەپێچەوانە
بالعمل: بەكردەوە
البالغ (للولد): رواڵ
البالغ، الكامل (للبنت): هەراش
بالمرة، قط: هەرگيز
بالمقابل (اقتصاد): دەستەوا، قسەی نەستەق دەڵێ: (شين و شايی دەستەوايی)
بالمقارنة، بالنظر الى: بەگوێرە
بالنسبة: لەگوێرەی، لە پێر، لە كرمانجيی سەروودا بەوێنە دەڵێن: (ئەڤ كتێبە پێر كتێبا هەنێ بچوكترە)
بالنظر الى- نظراً: لەچاو
البالة: تا
بالولادة: زگماک
- من ابوين كرديين بالولادة: لە دايک و باوكێكی كوردی زگماک
بالي: ڕزۆک
باهت: كاڵ
ببغاء: تووتی
البتر: بڕينەوە، بڕين
البتراء: كوڵەمار
بترول: پيترۆڵ، نەوتی ڕەش
بتعبير آخر: بەدەربڕينێكی تر
بث: پەرتكردن
بث الإشاعة: پەرتكردنی وتووات
البث التلفزيوني: پەرتكردنی تەلەفزيۆنی
البثرات- البثور (حب الشباب): زيپكەی لاوێتی، جوانكە
البجع: سەقاقوش

بحار: دەریاوان
بحت، صرف: ڕووت، پەتی
البحث: کۆڵینەوە
البحث العلمي: کۆڵینەوەی زانستی
بحر: دەریا
بحسب: بەگوێرەی، بەپێی
بحة: گربوون، دەنگ گری
بحیث: بەجۆرێ
بحیرات برکانیة: زرێواری ئاگرپژێن، یان *ڤولکانی*
بحیرة: زرێوار
بحیرة هلالیة: زرێواری کەوانەیی
بخار الماء: هەڵمی ئاو
بخس: هەرزان، *ئەرزان*
البخل- الغیرة: ڕژدی، چنۆکی، *قەلسی*
البخیل: ڕژد، چنۆک، *قەلس*
بدالة: بگۆڕ، بگۆڕگە
بداوة: ڕەوەندایەتی، *ڕەڤەندی*
بدائي: سەرەتایی
البدائي (للحیاة الإجتماعیة): ڕەمەکی
بدایة: دەسپێک، سەرەتا
البدو- بدوي: ڕەوەند، چۆڵگەڕ، کۆچەر
البدر: چواردە شەوە، مانگی چواردە
بدل: جێگرەوە
بدل- بدلاً: لەجیاتی
البدلة: بەرگ
بدن- الجسم: جەستە، لەش
بدون: بەبێ
بدون جدوی، هباء: بەفیڕۆ
بدون شك: بێ گومان
بدون فائدە: بێ سوود، بێ کەڵک
بدون مطر: نەبارە، بێ باران
بدون معرفة: لەخۆوە، نەناسی. دەگوترێ: «دەبیتی و نەناسی».
البدیل: جێگرەوە
البدیل الدیمقراطي: جێگرەوەی دیموکراتی
بدیهیة: بەڵگەنەویست
البذار: تۆوکردن
البذار والحراثة: تۆو و شۆو
بذر: تۆو، تۆڤ
بذر القطن: پەموانە
بذرة شتویة: تۆوی زستانە
بذرة نابتة: چەکەرە
البذور الصیفیة: تۆوی هاوینە
البذيء (بذيء اللسان): زمان پیس
البر: بەژ
البراءة: پاکانە
براءة إختراع: دەستهاوێژی داهێنان
براءة الذمة: پاکانەی ئۆباڵداری
براق: بریسکەدار
برج: کەلوو
بردي (نبات): زەل، *قەرەم*
برزخ: بەرزەک
برسیم: سێپەڕە، وێنجە، کزن
برعم: چرۆ، گۆپکە، پشک
برعم زهري: چرۆی گوڵ، خونچە، بشکۆژە، گۆپکەی گوڵ
برعم الشجر: چرۆ، پشکادارێ
البرق: بروسکە
برکان: گڕکان، کانی ئاگری، *ڤولکان*
برکان ثائر: گڕکانی هەڵچوو
برکان خامد: گڕکانی کوژاوە

بَرَكة: پيت
البركة: ئەستێلک
برلمان: پەرلەمان، کۆڕی دەمڕاستان، ئەنجوومەنی نیشتمانی
برلمان نموذجي: پەرلەمانی نموونەیی
برم: بادان، لوولدان، گوشین
برمائي: وشکاوەکی، وشکاوی
برميل: پیپ، بەرمیل
البرنز: برۆنز
البرة: دەنکە
برهان: بەڵگەی پێ سەلمێن، گرۆڤ
برهة- لحظة: بێن، بێهن، وچان
بروز: نووکە، نێرک
البروز (في العلم والعمل): هەڵکەوتن
البروزات: بەرزایی
برودة: ساردی، سەرما
بروش (خياطة): يەخەبەند
بري: بەژەکی، دەشتەکی
- القوات البرية: هێزگەلی بەژەکی
البري (للنبات): کێویلە
بريد: پۆستە
البريق - البرق: بریسک، بروسک
بريمة، لولب: سمۆ، بادۆکە، بادەر
البريمة (لثقب الخشب): ئەسکەنە
بزاليا: پۆڵکە
بسبب ان، بالنظر الى: سەبارەت بە
بسرعة: بەلەز، بەپەلە، بەخێرایی
بسيط: سادە، سانا
بشر: ئادەمیزاد، ئادەمی
بشراهة: بەهەڵپە
بشرط: بەمەرجێک
بشرة: توێژ
البشرة الاولية: توێژی یەکەمی
البشرة الداخلية: توێژی ناوەکی
بشرى: مزگێنی
بشري: مرۆیی، مرۆڤەکی
بصري: دیتەنی
بصل: پیاز، پیڤاز
بصورة وصفية: شێوەباس
بصورة عامة: بەشێوەی گشتی
بصورة مباشرة: بەشێوەی ڕاستەوخۆ
بصورة مقلوبة: بەشێوەی بەرەواژ
بصيص: پزیسک، بزۆت
بضائع- بضاعة: کاڵا
بط: مراوی
بطارية: پیل، پاتری
بطاقة: بلیت
بطالة: بێکاری
بطانة: ناوپۆش
بطانية: نوین
البطريق: پەنگوین، پەتریک
بطل: پاڵەوان
بطن: سک، زگ، ورگ
بطيء: سست، شێنەیی، لەسەرەخۆ، هێدی
بعثة: نێردە
بعثة علمية: نێردەی زانستی
بعد: پاش، دوا
بعد ج- ابعاد: دووری، ڕەهەند
بعد البصر: دووربینی، تاچاو بڕکا
بعد حقيقي: دووریی ڕاستەقینە
البعد السيني: دووریی پۆیی
البعد الصادي: دووریی تانی

بعض: هەندێک
بعوض: پێشکە، مێشوولە، پێشی
بعيد: دوور
بعير: وشتر، حێشتر
بغيض: دزێو، کرێت، ناحەز، بەدفەساڵ
البقاء: هەرمان
– البقاء للأصلح: هەرمان بۆ سازاترینە
بقايا: پاشماوە
بقدر: ئەوەندەی، بەهەندی
بقر– ابقار: ڕەشەوڵاخ (مانگا)، گاوگۆل، گاگەل
بقرة: مانگا، چێڵ
بقعة: پنکە، پنی، پنک
بقوة: بەتین، بەتاو
البِكر: نۆبەرە
البِكر– للأرض: بەیار
البَكرة: خلێنکە
– البكرة الثابتة: خلێنکەی نەبزۆک
بلاء: بەلا
بلاتين: پلاتین
بلا حدود: بێ سنوور
بلا حدود– للشركات والمنظمات: سنووربڕ
– اطباء بلا حدود: بژیشکانی سنووربڕ
– صحافيون بلا حدود: ڕۆژنامەوانانی سنووربڕ
بلاد: وڵات
– بلاد مــابين النهــرين: وڵاتی نێــوان جــووت
  رووبار، مێزۆپۆتامیا
بلاشك: بێگومان
بلاط: سەرا، بارەگا
بلاطة: کاشی
بلاغة: زمان پاراوی، ڕەوانبێژی، خۆشخوانی
بَلبَلة: بشێونە

البلديات: شارەوانی، *باژێرڤانی*
بلعوم: گەروو، ئەوک
بلهارزيا: بەلهاریزیا
بلورة: کریستاڵ، بەلوور
بلوري– متبلور: بەلوورین، کریستاڵی
بَلى، ليكن: بلا، با
بليون: بلیۆن، هەزار ملیۆن
بموجب: بەپێی، *ل پەی*
بناء: ڕۆنان
بناء–بناية: بینا، باڵەخانە، *ئاڤاهی*
البناء التحتي: بنخان، بنیژە
البناء الفوقي: سەرخان، بانیژە
بند: بەند، بەش
البند– الفقرة: بڕگە
بندقية: تفەنگ
بندول، رقاص، خطار، نواس: بەندۆڵ
بُنْصُر (أحد اصابع اليد): پەنجە تووتە
بنظر الإعتبار: ڕەچاوکردن
بنفس الطريقة: بەهەمان ڕێگە
بنفسج: وەنەوشە، بنەفش
بنية: پێکهاتە
بواب– بوابي: دەرگەوان، *دەرگەڤان*
بوابة: دەروازە
بؤبؤ: بیبلە، *بیبیک*
البوتقة: بۆتە
بور: بەیار
البور: کرێن
بورق، جبس: بۆرەک
بؤرة: چاوگە
بؤرة التوتر: چاوگەی کرژی
بؤرة، مخزن، مجمع: کۆگە

بؤس: نەهامەتی، کلۆڵی، ناگزووری، *ژاری*
البوص: بەڵەکی
بوصة، انش: گرێ، کە دەکاتە: ٢,٥٤ سانتیمەتر
بوصلة: قیبلەنامە، رووگەناس
بول: میز
البول السکري: میزی شەکرە
بوم: کوندەبۆ، پەپوو
بیاض: سپی، سپیپات
بیاض- العین: سپێنە، کاڵ
بیئة (محیط): ژینگە
بیئة حیاتیة: ژیوار، *کوند، گوبین*
بیئة مائیة: ژیواری ئاوی
بیان: بانگەواز
بیت: ماڵ، نشینگە
بیت الشعر: دەوار، ڕەشماڵ، کۆنێ ڕەش
بیت في القصیدة: چامە
بیت العنکبوت: خانوونی داپیرۆچکە یان جاڵجاڵۆکە، *تەڤن پیرک*
بیتونة: هەورەبان
بیض: هێلکە، هێک
بیض الحشرات: گەرا
البیضوي: هێلکەیی
بیعة: پەیمانداری
البیوت الزجاجیة: خانووی شووشەیی

## ت

التابع (ملحق): پاشکۆ
التابع (للطریق): پەیڕەو
تابوت: دارەبازە
تأثر: کار تێکران، بەرکارکەوتن، کارلێکران
تأثیر: باندۆر، کاریگەریەتی، کارتێکردن، کارلێکردن، *داخباری*
تاجر: بازرگان
تاجر الماشیة: چۆدار
تاج العمود: سەرکڵاوەی کاریتە
تأخیر: گلدانەوە، دواخستن، *گیروبوون*
تاریخ: مێژوو، دیرۆک
تاریخ الحیاة: مێژووی ژیان، ژینامە
تأریخ مشترك: مێژووی ناوکۆ، دیرۆکی هاوبەش، *مێژوویا هەڤپشک*
تافه: پووچ، بێ نرخ
تافه المنظر: ڕوواڵەت پووچ، دیمەن کرێت
تآکل: داخوران
التأکید: دووپاتە
تآلف: هۆگربوون
تألق: بریسکانەوە، *برسقین*
التالي: دوایی
التآمر: پیلان، پیلان گێران، پیلانگێڕی
التأمل: رامان، هزرکردن
تأمین: مسۆگەرکردن، دابین کردن، دابین
التأنیب: سەرکۆنە
تأنیب الضمیر: سەرکۆنەی ویژدان
التأهب: تەیاربوون
التأهیل: شیاندن، (کابرام بۆ کارەکە شیاندووە)
التأهیل العلمي: شیاندنی زانستانە
تائه: ونە، بزرە

التأييد: لایەنگری
تباحث، محادثة: وتوویژ
التبادل- التبديل: گۆڕینەوە، ئاڵوگۆڕ، پێ گهورین
تبادل مزدوج: گۆڕینەوەی دووسەرە
تبادل الموضع: جێگۆڕکێ
تباعاً: دوابەدوا، *ل دویف ئێک*
التباين: وێک نەچوون
- المتباينات: وێک نەچوو
تبجح: خۆنوێنی
تبخر: بەهەڵم بوون
التبخير: بەهەڵم کردن، بەخشین
تبديد: پەرتکردن
التبذير: بەفیرۆدان
تبرع: بەخت کردن
تبرعم: چرۆکردن، *پشک دان*
التبريد: ساردکردن، *سارکرن*
التبرير: پاکانەکردن، بیانوودۆزی
تبطين: ناوپۆشکردن
تبعاً: بەگوێرەی، بەپێی
التبعثر: بلاوبوونەوە، *بەلاڤبوونەڤە*
التبعية: پاشکۆیەتی
التبعية الاقتصادية: پاشکۆیەتیی ئابووری
تبلور: رسکان
تبلور: بەکریستاڵ بوون
تبليط: بەردرێژکردن
تبليغ: پێ ڕاگەیاندن، ڕاگەیاندن
تبدو: وا دەنوێنێ
تتابع: بەرودوا
تتبع: بەدواداچوون
تتبع الاثر: شوون هەڵگرتن

تتدلى- تدلي: شۆڕبوونەوە
تتفرق: پەرت دەبن
تتقاطع: یەکتر دەبڕن
تتكور: گورمیلە دەبێ
التتمة: تەواوکەر، پاشماوە
تتناثر: دەپرژێ
تثبيت: چەسپاندن
تثقب: کون بوون
التجارة- المتاجرة: بازرگانی
التجارة الحرة: بازرگانیی ئازاد
التجارة المقيدة: بازرگانیی بەستراوە
تجاذب: بەکێش کردن
تجانس: گونجان، *وەکهەڤی*
تجاه: ئاست، بارت. دەگوترێ: «لە بارت تۆدا هیچم پێ ناگوترێ».
تجاوب: بەدەنگەوەهاتن
تجاويف: کلۆری، کلۆرایی
تجاويف الاشجار: کلۆریی دار
تجبير: ئێسک گرتنەوە
تجديد: نوێکردنەوە
تجربة: ئەزموون
تجريد: رووتکردنەوە
تجزؤ- تفكك: لێک بوونەوە،لەتلەت بوون، *ژێک ڤەبوون*
تجزئة: لێک کردنەوە، *ژێک ڤەکرن*
التجسس- الجاسوسية: خەفیەیی، دەسکیزی، *سیخوری*
تجعد: چرچ بوون
تجفيف: وشککردنەوە، *هشککرن*
تجمد (تصلب): بەستان
تجمع: کۆبوونەوە

تجميد: بەستن
تجميد عملية السلام: بنبەستکردنی یان سڕکردنی پرۆسەی ئاشتی
تجميع: کۆکردنەوە، کۆمکرن
تجميع (للمكائن): لێک بەستان
التجميل: جوان کردن، خەملاندن، ئارایشت دان
التجنس: زێدگری
التجنيد: بەسەربازگری
– مديرية التجنيد: بەڕێوەبەرایەتیی بەسەربازگری
التجنيد الاجباري: بەسەرباز گرتنی ناچاری
تجهيز–تزويد: کەرەستە پێدان
تجهيزات: کەرەستە
تجول: گەڕان
تجويف: کلۆرایی
تحتوي– تضم: لەخۆ دەگرێ
التحجج: بیانووگرتن
تحجر: بەبەردبوون
تحدث: ڕوودەدات
تحدي: خۆ لەگرەونان، ڕووبەڕووبوون
تحديد: رادە دیارکردن، ڕادەدانان
تحديد– تعيين: دەستنیشان کردن
تحديد النسل: دیاریکردنی وەچە
تحرر: سەرفرازی، رزگاری، *ئازاد بوون*
تحري– فحص: بەدواداگەڕان، پشکنین
تحريك: بزواندن، جوولاندن، هاندان
تحريم: حەرام کردن
تحريض: هاندان
تحسين: چاککردن
– تحسين النسل: چاککردنی وەچە
التحشد: جمان، جمین
التحشدات الحدودية: جمینی سنووری
التحشيد: جماندن
– تحشيد القوات العسكرية: جماندنی هێزگەلی سوپایی
– تتحشد: دەجمێ
تحصيل: بەدەستهێنان
تحضير: ئامادەکردن، بەرهەڤ کرن
تحطم: تێکوپێک چوون، *پەلخین Pelixîn*
تحطيم: تێکوپێک دان، *پەلخاندن Pelixandin*
التحفظ: پارێز، خۆپارێزی
التحفظ عن التصويت: لە دەنگدان پارێز کردن
التحفة: ناوازە
تحقير: بێزاندن. دەڵێ: «دنیام لەبەر دەبێزێ»
تحقير النفس: خۆ بێزاندن
تحقيق: توژینەوە، ساغکردنەوە، هێنانەدی
تحقيق الذات: خۆ هێنانەدی
التحكم: بەسەردازاڵ بوون، زاڵیەتی
تحكيم: ناوبژی
تحلل: شیبوونەوە، ڕزین
تحليل: شیکردنەوە
تحليل– تحليلية: شیکاری
تحليل القوى: شیکردنەوەی هێزگەل
تحليل كهربائي: شیکردنەوەی کارەبایی
تحليل نوعي: شیکردنەوەی جۆری
تحمل: بەرگەگری
تحميص: برژاندن
تحنيط: مۆمیاکردن، مۆمیاکاری
تحول: گۆڕان
تحية– سلام: سلاو، سلاڤ
التخت: تەخت
تخثر: مەیین، *مەهین*
تخثر الدم: مەیینی خوێن

تخثر اللبن: مەیینی شیر
تخثیر: مەیاندن، *مەهاندن*
تخدر، سبات: سڕبوون
التخدش: ڕووشان، *ڤەڕوشان*
تخدیر: سڕکردن
التخدیش: ڕووشاندن، *ڤەڕوشاندن*
تخصص: پسپۆڕی
تخصیص: تەرخان کردن، تەرخانکاری
تخطي: بەسەردا تێپەڕین
تخطیط: هێڵکاری، پلان دانان، نەخشە دانان
- مدیر التخطیط: بەڕێوەبەری پلان دانان
- مدیر التخطیط والمتابعة: بەڕێوەبەری پلان دانان و بەدواداچوون
تخفیف: سووک کردن، شل کردنەوە، *سست کرن*
تخلخل: شێواوی
تخلف: بەجێمان
تخمر: ترشان، هەوێن بوون، *هێڤێن بوون*
التخمة: ئەنگران، *حەمەر بوون*
التخمین- التقدیر: خەمڵکردن
تخمیني: خەمڵکاری، گۆترەیی
التداخل: بەیەکداچوون
التداول (اقتصاد): بەکارهاتن
تداوي: تیمارکردن، *دەرمانکرن*
التدبیر (مؤامرة): پیلانگێڕی
التدبیر (علاج): چارەسەردۆزی، *چارەسەرکاری*
تدحرج: خلبوونەوە، گل بوونەوە، *گرێل بوون*
تدخل: دەستێوەردان، *مایتێکرن*
التدخل في الشؤون الداخلیة: دەستێوەردان لە کاروباری ناوەکی، *مایتێکرن ناڤخویی*
تدخیر: پاشەکەوت کردن
تدخین: جگەرەکێشان، دوکەڵ کردن
تدرج-تدریج: پلەپلە
- التدرج الوظیفي: پلەپلەی فەرمانبەرایەتی
تدریب- تمرین: مەشق، ڕاهێنان
التدریبات الشفهیة: مەشقی یان ڕاهێنانی زارەکی
تدفق: هەڵقوڵان
تدفئة: گەرمکردنەوە، *گەرمکرن*
تدقیق: وردکردنەوە
التدقیق: وردبوونەوە، *هویربینی*
- لجنة التدقیق: لیژنەی وردبوونەوە
- لجان التدقیق: لیژنەگەلی وردبوونەوە
- مدیر الرقابة والتدقیق: بەڕێوەبەری سانسۆر و وردبوونەوە
تدلي: شۆڕبوونەوە
تدمیر: وێرانکردن، خاپوورکردن، کاولکردن
تدهور: داتەکان
تدور: دەخولێتەوە، دەسووڕێتەوە، *دزڤڕیت*
تدوین: تۆمارکردن
تذرع: بیانوو هێنانەوە، بیانووگری
تذکار- ذکری: بیرەوەری
تذویب: تواندنەوە
تذوق: تام کردن، چێژوەرگرتن، چێژوەرگری
تراب- تربة: خۆڵ، ئاخ، گڵ
تراث: کەلەپوور
التراث القومي: کەلەپووری نەتەوایەتی
الترابط: پێوەندی
التراجع: پاشگەزبوونەوە، دانەدوا
التراخي: خاوبوونەوە، *خاڤبوون*
ترادف: بەدوای یەکتردا هاتن
ترادف الأجیال: بەدوای یەکتردا هاتنی پشت
تراکب: یەک لەسەر یەک

تراكم: كەڵەكە بوون، *كۆم بوون*
التراكض (سباق الخيل): تەڕاتێن، قۆشمانێ، *جريدانێ*
التربص: خۆمەڵاس دان، *مەلەساندن*
التربة: گڵ، ئاخ
التربيع: دووجار كردن
تربية: پەروەردە، پەروەرین
كلية التربية: كۆلێجی پەروەردە
التربية والتعليم: پەروەردە و فێركردن
تربية المواشي: بەنێوهێنانی مەڕومالات، بەخێوكردنی مەڕومالات
ترتيب: ریزكردن، ڕێكخستن
ترجمة: گۆڕین، بەرچڤە، وەرگێڕان
الترجي: تكا، هیڤی
ترحل: كۆچەری
ترحيل: ڕاگواستن، *ڤەگوهاستن*
تردد: لەرەلەر، لەرین، لەرینەوە
تردد: سڵ كردنەوە
تردد-في الرأي: بیرەبیر. لە فۆلكلۆری كوردیدا هاتووە: «بەوێنەی ئاهوو بیرەبیرە خۆم + هەر شەو لەلایێ مەنزڵگیرە خۆم».
تردد التيار: لەرەی تەزوو
تردي: بەرەو خراپی چوون
ترس: زرێ
الترسانة العسكرية: بارخانەی سەربازی
ترسب: نیشتن
- مترسب: نیشتە
ترسبات: نیشتەنی
ترشيح: پاڵاوتن، دەڵاندن
ترشيق: زراڤ كردن
الترشيق الاداري: زراڤ كردنی كارگێڕی

ترعة: جۆگە
ترفيهي: ڕابوێری
- وسائل الترفيه: هۆی كات رابوێری
ترقوة: چەڵەمە
ترقيد: نواندن
ترقيم: ژمارە لێدان، *هژمارکرن*
ترقين: داخستن، پێوەدان
ترك: هێڵان، بەجێ هێشتن، واز لێ هێنان
تركيب: پێكەوەنان
تركيب ضوئي: پێكەوەنانی تیشكەیی
تركيز: تیركردن
التركيز على الموضوع: چاودانەسەر بابەت
ترنح: بەلاداهاتن
ترويض: ڕام كردن، دەستەمۆكردن
تريليون: ترلیۆن
تزاحم: ئاپۆڕەگرتن
تزاوج: جووتبوون، هاوسەریەتی
تزايد: زۆربوون
تزحلق: خلیسكان
التزلج: خلیسكان
التزلج على الجليد: بەفرەخلیسكێ
تزهر: كزربوونەوە
تزوير: نەبووكاری
تزييف: چەواشەكردن
تزيين: ڕازاندنەوە، خەملاندن
تسارع: تاودان، پەلەكردن
تساقط: هەڵوەرین
تسامح: لێبوردن
تسامي: بڵندبوون، بەرزبوونەوە
التساهل: نەرمی نواندن، ئاسانكاری
تساوي: یەكسانی، وەک یەکی

التساوي: یەکسانی
- مساو: یەکسان
تستغرق: دەخایەنێ
تستقر: جێگیر دەبێ
تستمر- يستمر: بەردەوام دەبێت
تسجيل: تۆمارکردن، ناونووس کردن
تسخير: هێنانە ژێربار
تسخين: گەرمکردن
تسرب: دزە، لێ چوون
تسري: دەتەنێتەوە، تەشەنەدەکا
تسع (١/٩): نۆیەک
التسعير: نرخ دانان
تسفيد: کەڵ خواردن
تسلسل: ڕیز، زنجیرە
التسلل: دزە
تسليح: چەکدارکردن، پڕچەک کردن
تسليط: زاڵ کردن
تسليط الضوء: تیشک دانەسەر
التسليف: پێشینەدان
تسمم: ژاراوی بوون
تسميد: پەیین کردن
تسمية: ناولێنان
التسهيلات: ئاسانکاری، ساناکاری
تسود: زاڵ دەبێ
تسوس: کلۆربوون، کرنۆڵ بوون، *کرمی بوون*
تسويق: خستنە بازاڕ، ساغکردنەوە
تسوية: یەکلاکردنەوە، تەخت کردن
تسيب: بەرهەڵدایی
تشابە: لەیەک چوون، هاوشێوەیی، *وەکهەڤی*
التشاور: ڕاوێژ، پرس وڕا، *شیرەت*
التشاؤم: ڕەشبینی

تشبع: تێربوون
تشجيع: هاندان، دنەدان
تشحيم- تزييت: چەورکردن، دۆن لێدان
تشخيص: دیاریکردن، تلنیشان کردن
تشدق: شەویلاگە کردنەوە
تشريح: توێکاری
تشريع: یاسادانان
التشريع المقارن: یاسادانانی بەراوردکاری
تشعب: لک لێ بوونەوە
تشغيل: خستنەگەڕ، خستنەکار
تشقق: درزبردن، قڵێشان، *کەلشتن*
التشكيلة: پێکهاتە
تشميع: شەمێ کردن
تشنج: کرژبوون
تشنج العضلات: کرژبوونی ماسوولکە
التشهير: ناوزڕاندن
تشوه: شێوان
تشويە: شێواندن
تصادم: بەریەک کەوتن، پێک هەڵچوون
تصاعدي: بەرەوژوور
تصالب: ڕاست و چەپ
تصحيح: ڕاستکردنەوە، هەڵەگری، هەڵەبژێری، *ڕاستڤەکرن*
تصدأ: ژەنگ هەڵێنان، *ژەنگ گرتن*
تصدع: درزبردن، *دەرزین Derizîn*
تصدي: بەرەوڕووبوونەوە، دەستەویەخە
تصدير: هەناردن
تصرف- سلوك: هەڵسوکەوت، *ڕەفتار*
تصرف-إجراء تغيير: دەستکاری
تصريف: ڕواندن، *بڕێڤەبرن*
تصعيد: بەرزکردنەوە

تصغير: بچووک کردنەوە
تصفح: لاپەڕە هەڵدانەوە، پەڕئاواکردن
تصفیف: ڕیزکردن
تصفیق: چەپڵە لێدان، *دەست کوتان*
التصفیة- الترشیح: دەڵاندن، *بشافتن*
تصفیة: پاککردنەوە
تصفیة الحسابات القدیمة: پاککردنەوەی کۆنەقەرز
تصلب: پتەوبوون، ڕەقبوون
- صلابة: پتەوی، ڕەقی
تصلب الشرایین: ڕەقبوونی خوێنبەر
تصمیم: نەخشەکێشان
تصمیم- اصرار: سووربوون، شێلگیری
تصنیع: دروستکردن
تصنیف: پۆلێن، پۆل کــــردن، ڕیزبەندکـــردن، ڕیزبەندی
تصور: هزرکردن، تێڕوانین
تصویر: وێنەگرتن
تصویر فوتوغرافي: وێنەگرتنی فۆتۆگرافی
التصید: داونانەوە، تەپکەنانەوە
التضاریس: هەڵەت، هەوراز و نشێو، بەرزونزمی
تضاعف: دوو هێندەبوون
تضاعف- مضاعفات للمرض: لێ پیس بوون
تضاغط: پەستاوتن، پستینەوە
تضامن: هاوکاری
تضحیة: قوربانیدان
التضخم: هەڵاوسان، ئەنگڕان
التضخم الاقتصادی: ئەنگڕانی ئابووریانە
تضخیم: گەورەکردن
تضعف: کز دەبێ، *لاواز دبیت*
تضلیل: دەسخەڵەتدان، شوون پەشێوی
تضم: دەیگرێتەوە
تضمر: دەپووکێتەوە
التضمید: تیمارکردن
التضمین: بەناواخن کردن
تطابق: هاویەکی، هاوجووتی
التطایر: پەرژ بوون
تطبُّع: خووپێوەگرتن
التطبیع: ئاساییکردنەوە
تطبیق: جێبەجێ کردن، پیادەکردن
تطریز: نەخشاندن
التطرف: توندڕۆیی، لابری
- المتطرف: توندڕۆ، لابڕ، رادیکاڵ
تطعیم (للمرض): کوتان
تطعیم (للزراعة): موتوربەکردن، *پەترومەکرن*
تطعیم (للمجوهرات): نەخشاندن
تطفو: سەرئاو دەکەوێ، *بسەر ئاڤێ دکەڤیت*
تطلعات: ئاوات
تطلیة: ئاوزێڕکردن
تطمین: دڵنیاکردن
تطهیر: پاککردنەوە، پاکوەکەری، پاکتاوسازی
التطهیر العرقي: پاکتاوکردنی ڕەگەزی
تطور: پەرەسەندن، پەرەگرتن
تطور ایجابي: پەرەسەندنی لەبار یان ئەرێنی
تطور سلبي: پەرەسەندنی نالەبار یان نەرێنی
التطوع: خۆبەختکردن
التطویر: پەرەپێدان
التظافر: یەکانگیری
تظلیل: سایەکاری، *سیهکاری*
تعابیر متنوعة: دەربڕینی جۆراوجۆر
تعادل: هاوکێشی، هەڤکێشی
تعارض: دژبەری
التعاریف الاولیة: پێناسەی سەرەتایی

تعازي: بەهیداری، ئازیەتبازی، پرسە
تعاطف: سۆزداری
تعاقب الاجیال: بەرەودواهاتنی پشتگەل
تعامل: مامەڵە، مامڵەت. پەندی کوردی دەڵێ:
«شەڕ بەشیر، مامڵەت بەدراو».
تعاون (للعمل): هەرەوەز، زبارە، دەستەوا
تعاون (للفرد): یارمەتی
التعایش: هاوگوزەرانی، پێکەوە ژیان
التعب: ماندوویێتی، شەکەتی
تعبئة: داگرتن
– محطة تعبئة الوقود: وێستگەی داگرتنی سووتەمەنی
التعبئة العامة: داگرتنی گشتی
تعبید: تەخت کردن
تعبیر: دەربڕین
التعبیر عن الرأي: ڕادەربڕین
تعجب، استغراب: سەرسڕمان، شاش مان
تعجیل: تاودان
تعداد: سەرژمێر
تعدد: فرەیی
تعدد الاراء: فرەبۆچوونی
تعدد الأحزاب: فرەحزبی
تعدد الزوجات: فرەژنی
تعدد القومیات: فرەنەتەوەیی
التعددیة: فرەلایەنی
التعددیة الحزبیة: فرەحزبایەتی
تعدیل– تعدیلات: هەموارکردن، هەموارکاری
تعدین: کانزا دەرهێنان
تعرض: تووشهاتن، بەرەنگاربوون
تعرق– العرق: ئاوڕەگ، ئاوڕەگ دەردان
التعریب: عەرەبکاری. ئەمە راستترە لە (بە عەرەب کردن).
التعریض: پلار، دانەبەر
تعریف: پێناسە، پێناس
التعریة: داڕووتانەوە
– عوامل التعریة: هۆکاری داڕووتانەوە
تعشش: هێلانەکردن، گەرادانان
تعصب: دەمارگیری
التعصب الاقلیمي: دەمارگیریی هەرێمی
التعصب العنصري: دەمارگیریی رەگەزایەتی
التعصب العرقي: دەمارگیریی رەچەڵەکایەتی
التعصب القومي: شۆڤینیزم، دەمارگیریی نەتەوەیی
تعطیل: پشوودان، لەکارخستن، *ژکارخستن*
تعفن: کەڕوو هەڵهێنان، گەنین، *گەنیبوون*
تعقد: ئاڵۆزان
تعقیب: بەدواکەوتن، شوون هەڵگرتن
تعقید: ئاڵۆزی، دژواری
تعقیم: پاکژکردنەوە
– معقم، مطهر: پاکژکەر، پاکوەکەر
تعکر: لێڵی، *شێلیاتی*
تعلق: بەندیواری، گیرسانەوە، ئاوێزان بوون
تعلیب: لەقوتوونان، *قودیکرن*
التعلیق: هەڵواسین
التعلیق– للعضویة: هەڵپەساردن
التعلیق– الشرح: پەراوێز بۆ نووسین، توانج لێدان
التعلیم: فێرکردن
التعلیم الالزامي: فێرکردنی بەناچاری
التعلیم العالي: فێرکردنی باڵا
التعلیم المجاني: فێرکردنی بەخۆڕایی
تعلیمات: ڕێنوێنی

تعمق: ڕۆچوون
تعمق- بحث: کۆڵینەوە، *ڤەکولین*
تعني: واتە
تعود: ڕاهاتن، خوو پێوەگرتن
تعویض: خستنەجێ
التعویض (غرامة): بژاردنەوە، بژاردن
تعیین: دانان، دامەزراندن، دیارکردن
تغایر: گۆڕینکاری
التغذیة: بژیوی، *خۆراکدان*
- سوء التغذیة: بەدبژیوی
التغریم: پێبژاردن
التغطیة: داپۆشین
تغطیة الأخبار: داپۆشینی دەنگوباس
تغلغل: پەلهاویشتن
التغلیف: بەرگ تێگرتن
تغلیة: کوڵاندن
التغمیة: بێهۆش کردن
تغیر-تغییر: گۆڕین
التغیر التدریجي: گۆڕانی بەرەبەرەیی یان پلەپلەیی
التغیر النسبي: گۆڕانی ڕێژەیی
التغیر النووي: گۆڕانی ناوکەیی
تفادي: خۆ لادان
تفاضل: جیاکاری، پەسندایەتی
تفاعل: کارلەیەک کردن
التفاوض: دان و ستاندن، وتووێژ
تفتت: وردبوون، هەڵوەشان
تفتح: کرانەوە، *ڤەکرن*
تفتح الزهرة: پشکووتنی گوڵ
التفتیش: پشکنین
- الرقابة والتفتیش: سانسۆر و پشکنین
- التفتیش المالي: پشکنینی دارایی
تفجر: تەقینەوە
تفحم: بەرەژووبوون
التفرد: یەکایەتی
تفرع: لک لێ بوونەوە، *تا لێ بوون*
تفرق: پەرتبوون
تفرقة- شقاق: دووبەرەکی، دووبەرەکایەتی
تفریغ: بەتاڵکردن، ڤالاکردن
تفریق: بڵاوە پێکردن
تفسخ: ڕزین
تفسیر: واتا لێدانەوە، ڕاڤەکردن
تفقیس: تروکان، هەڵهێنان
تفکك- تحلل: هەڵوەشانەوە
تفکیك: هەڵوەشاندنەوە
التفنن: هونەرنواندن، هونەرکاری
التفوق: باڵادەستی
تفویت الفرصة: هەل لە کیس دان، دەرفەت چواندن
تفویض: پێ سپاردن
تقارب: لێک نزیکبوونەوە
تقاطع- متقاطع: یەکتربڕین، دووڕیان
تقاعد: خانەنشینی
- المتقاعد: خانەنشین
- مدیریة التقاعد: بەڕێوەبەرایەتیی خانەنشینی
تقاعس: بێ ورەیی، زەمتەیی، بێ زاتی
التقالید: داوونەریت
تقدم: پێشکەوتن، پێشوەچوون
تقدمي: پێشکەوتنخواز، پێشوەڕۆ
تقدیر- شکر: پێزانین
تقدیر- تخمین: خەملاندن، خەمڵ کردن
تقدیر الکمیات: خەملاندنی بڕگەل

تقديري: گۆترەیی
تقرح: برینداربوون، کولبوون
التقرس: ڕچین
تقريبي: نزیکەیی
تقرير: ڕاپۆرت
تقسيم: دابەشین، دابەشکردن
التقسيمات الادارية: دابەشینی کارگێڕی
التقشف: لێگرتنەوە، دەست پێوەگرتن
تقشيط: کڕاندن
تقصير: درێغی، کەمتەرخەمی
تقطير: دڵۆپاندن
التقطيع: کەرتکردن، *کەرکرن*
التقلص: کەمبوونەوە
تقليد- الاوسمة: بە بەرۆکەوە کردن، بەسنگەوە هەڵواسین
تقليد: لاسایی، چاولێکەری، *چاڤلێکرن*
تقليد- عادات: نەریت
- التقاليد الاجتماعية: نەریتی کۆمەڵایەتی
- التقاليد العامة: نەریتی گشتی، نەریتی هەموانی
تقليدي: ئاسایی، باو، نەریتی، ڕواڵەتی
تقليص: کەمکردنەوە
تقوس: کەوانەیی، چەمانەوە
تقويم: ساڵنامە
التقويم (التقييم): هەڵسەنگاندن
تقيء دموي: خوێن هەڵهێنان
تقيح: کێم کردن
تكاتف: هاوشانیەتی
تكاثف: چڕبوونەوە
تكاثر: زاوزێ، زۆربوون
تكافؤ: هاوهێزی
تكامل: تەواوکاری
التكبير: گەورەکردن
تكتل: گەلەکۆمەیی
التكتلات السياسية: گەلەکۆمەکیی سیاسی
تكثيف: خەستکردنەوە، چڕکردنەوە
تكرار: دووپاتکردنەوە، دووبارەبوونەوە
تكرير: پاڵاوتنەوە
تكريس: تەرخان کردن
تكلم: ئاخاوتن
تكملة- اكمال: تەواوکردن
تكهن: پێشبینی
تكوين: پێکەوەنان
التكوين: پێکهاتە
تكيّس: تورەکەکردن، کیس کردن
التكيف: ڕاهاتن، گونجان
تكييف: ڕاهێنان، گونجاندن
تل: گردۆڵکە، گرک
- تل رملي: گردۆڵکەی لمین
تلازم: هۆگری
تلاشي: نەمان، پووکانەوە
التلاصق: پێکەوەنووسان، پێکەوەلکان، *پێکڤەمان*
تلاعب: یاری پێکردن
تلألؤ: درەوشانەوە، چرچرین
التلاؤم: گونجان، لوان
تلبية النداء: بەدەنگەوەچوونی بانگەواز
تلتحم: دەگیرسێتەوە
تلتصق: دەلکێ، دەنووسێ
تلخيص: پوختەکردن
تلف: لەناوچوون، فەوتان
تلقائي: خۆکار، لە خۆوە

تلقيح (الانسان ضد مرض): كوتان
تلقيح (للحيوان): پەڕاندن
التلميح: ئاماژە
تلوّث: پیس بوون
تلوين: ڕەنگ کردن، ڕەنگکاری
تماسك: لێک گیربوون
تماس: وێک کەوتن، *ڤێک کەفتن*
تماماً: بەتەواوی
التمارين: ڕاهێنان، مەشق
تمتع: چێژ لێ وەرگرتن
تمثال: پەیکەر
تمثيل- في السينما والمسرح: نواندن
تمثيل- نيابة: نوێنەرایەتی
تمجيد: بەشان هەڵدان
تمدد: كشان
التمدين: بەشارستان کردن
التمريض: پەرستاری
- كلية التمريض: کۆلێجی پەرستاری
التمرين: مەشق، ڕاهێنان
تمزق: دڕان
التمشيط (للارض): کێوماڵ کردن
التملص عن المسؤولية: خۆدزینەوە لە بەرپرسیارەتی
التملق: پانکردنەوە، مێچکەیی، مادەلایی
التمني: هیڤی
التمهيد: ڕێخۆشکەری
التمهيد- للكتاب: پێشەکی، پێشگۆتن
تمويل: پارەپێدان
- دوائر التمويل الذاتي: فەرمانگەی خۆبژێین
التموين، الذخيرة، الغذاء: ئازووخە، پێبژیوی
تميز: جیابوونەوە

التميمة: نوشتە
تمييز: جیاکردنەوە، هاوێرکردن، جیاوازکاری
التمييز العنصري: جیاوازکاریی ڕەگەزی
التنابز بالالقاب: ناووناتۆرەلێنان
التنافس: کێبەرکێ، پێشبڕکە
تناثر: پرژان
تنازلي: بەرەوژێر، بەرەوخوار
تناسب: هاوڕێژەیی، هاوڕێژە
تناسل: زاوزێ
تناسي: لەبیرەخۆبردنەوە، *ژبیر برن*
التناظر: هاویەکی
تنافر: لێک وەدوورکەوتن، *ژێک دوورکەفتن*
تنافذ: تێپەڕین
تناول: وەرگرتن
تناول الفطور: تاشت کردن، *تێشت خوارن*
التنبه: هەست کردن
تنبؤ: پێشبینی کردن
تنزيل (خصم): داشکاندن، هێنانەخوار
تنسيق: گونجاندن، هاودەنگی، هاوئاهەنگی
التنصت- الاستماع: گوێ شلکردن، *گوهـ لێگرتن*
تنصيف: نیوەکردن
تنظيف: پاککردنەوە
تنعكس: دەدرێتەوە
تنفس: هەناسەدان
تنفيذ: جێبەجێ کردن، بەجێ هێنان، ڕایی کردن
تنقل: گواستنەوە، جێگۆزی
تنقل الرحل: کۆچەری، جێگۆزیی کۆچەران
تنقلب: ژێرەوژووربوون، وەرگەڕان، قولپین
تنقيح: بژارە
التنقيط: خاڵبەندی
تنقية، تنظيف: پاککردنەوە

تنكر: خۆنەناس کردن
التنکیت، ظریف: نوکتەبازی، *ترانەکەر، حەنەکباز*
تنمیة: گەشەپێدان
تنوع: جۆراوجۆری
التنویر: ڕووناککردنەوە
التنویر- عصر التنویر: ڕووناکیدەر، تیشکڕێژ
تنویع: جۆراوجۆرکردن
تهتز: دەلەرێتەوە، *دەهەژێیت*
التهدئة: هێورکردنەوە
تهدید: هەڕەشە، *گەف*
تهذیب: پوختەکردن
تهریب: ئاواکردن، *ڕەڤاندن*
تهشم: تێکشکان، وردوهەڕا بوون، *هویر و هەرا بوون*
تهشیم: تێکشکاندن، وردوهەڕاکردن، *هویر و هەرا کرن*
التهلکة- الضیق: تەنگانە، *تەنگافی*
تهمیش: بەپەراوێز کردن، داوێنکاری
التهور: سەرەڕۆیی، سەرچڵی
تهویة: باگۆڕین
تهیئة: ئامادەکردن
تهیج، اثارة: وروژان
توارث: بۆمانەوە، پشتاوپشت
توازن: هاوکێشی، هاوسەنگی، *هەڤسەنگی*
التوازن الدولي: هاوکێشیی نێودەوڵەتی
توازي: تەریبی، هاوڕێکی
تواضع: تەوازۆ خواستن، بێلافی
تواطؤ: دەست تێکەڵکەری
توافق: گونجان، سازان
توالد: زاوزێ، زایین
توأم: جمکە، جێویک، جێمک
التوبیخ: سەرکۆنە
توتر الاوضاع: گرژیی بارودۆخ
توجیه: ڕێ بەدێیی، ڕێبەری، ئاراستە کردن
توحید: یەککردن
تورط: تێوەگلان، پێوەبوون
تورم: هەڵئاوسان، ستووربوون، ئاوسان
توریط: تێوەگلاندن، پێوەکردن
توزیع: بەشینەوە، دابەشکردن، *بەلاڤکرن*
التوسط: نێوانداری، پێناوداری، *ناڤچیاتی*
توصیة: ڕاسپاردە، ڕاسپاردن
توضیح: ڕوونکردنەوە، داخویانی
التوطید: پتەوکردن
التوطین: بنەجێ کردن
توفیر: پەیداکردن
توفیر- جمع: پاشەکەوت، گلدانەوە
توفیق: سازان
توقع: ڕابینین، مەزەندەکردن
توقف: گیرسانەوە
تولّي: گرتنەئەستۆ
تولید: وەبەرهێنان
تولید الطاقة الکهربائیة: وەبەرهێنانی وزەی کارەبایی
توهج: درەوشانەوە
تیار- حرکة سیاسیة أو ثقافیة: ڕەوت
تیار- کهربائي أو مائي: *تەزینک*، تەزوو، تەوژم، لوزەو. لە ناوچەی موکریان. دەڵێن؛ (لوزەوی ئاوێ. فرمێسک لە چاوانیدا لووزەوی بەست)
تیار الکتروني: تەوژمی یان تەزووی ئەلیکترۆنی
التیار الکهربائي: تەزووی کارەبا، تەوژمی کارەبا، *تەزینکا کارەبێ*

التيار المائي: تەوژمی ئاو، لێمشت

تيار هوائي: تەزووی با

التيار المتغير: تەزووی گۆڕاو

التيار المتناوب: تەزووی بەنۆرە

التيار المستمر: تەزووی نەگۆڕ. دی سی

تيس: تەگە، نێری، سابرێن

التين الشوكي: هەنجیری دڕکاوی

تيه: ونیەتی

## ث

ثابت: چەسپیو، چەسپ. دەگوترێ: (ئەم بەرگە چەسپە بەبەری).

ثابت (غير متغير): نەگۆڕ، خۆگر، جێگیر

ثأر: تۆڵە

ثخين: ئەستوور

ثاقب: کونکەر

ثالث: سێیەم

ثالثي: سێیەمی

ثانوي: لاوەکی، ناسەرەکی

ثانوي- مرحلة دراسية: دواناوەندی

ثاني: دووانە

ثانية (لحظة): چرکە

ثانية (مرة ثانية): دووبارە، دیسان

ثبات: جێگیری

ثبات نفسي: جێگیریی دەروونی

ثبوت: جێگیربوون

ثدي (للانسان): مەمک، چچک

ثدي (للحيوان): گوان، گوهان

ثرثار: دەمەوەر، فرەوێژ، زۆربدوێ، زۆربلێ

ثروة: سامان، کلوور، گەنج

الثروة النباتية: سامانی رووەکی

ثريا- نجمة: کۆ، پێروو

ثعبان: ماری گەورە، ئەژدیها

ثعبان السمك: مارماسی

ثغر: دەم، کون

ثغرة كبيرة: کەلەبەر، کولانە

ثقافة: رۆشنبیری، روناکبیری، کولتوور

ثقب: کون

ثقل: قورسایی، سەنگایی، *گرانی*

ثقة- اطمئنان: متمانە، بڕوا، پشتڕاستی

- سحب الثقة: کێشانەوەی بڕوا
- طرح الثقة: خستنەڕووی بڕوا
الثقة بالنفس: باوەڕبەخۆبوون، متمانە بەخۆیی
ثقیل: سەنگدار، قورس، *گران*
ثقیل السمع: گوێگران
ثکنة: مۆڵگە
ثلاثة أضعاف: سێ ئەوەندە
ثلاثي: سێیینە، سیانی
ثلاجة: بەفرگرە
ثلاجة کهربائیة: بەفرگرەی کارەبایی
ثلث: سێیەک
ثلج: بەفر
ثم: ئەمجا، ئەوجا، *ئەڤجا*، *ڤێجا*
ثمار- ثمرة: بەر
ثُمن ١/٨: هەشت یەک
ثَمَن: نرخ
ثنائي: دووانە، جووتە
ثنائیات: جووتەنی، دووانەیی
ثنائیة الجنس: دووڕەگ، جووت *توخم*
ثنیة: نوشتاوەیی، *ڤەچەمیان*
ثوم: سیر

## ج

جائز: شیاو
جائزة: خەڵات
جاذب: ڕاکێش
جاذبیة: ڕاکێشان
جاذبیة الارض: ڕاکێشانی زەوی، *ڕاکێشانا ئەردی یان زەڤیێ*
جارح: بریندارکەر
جاري: ڕەوان، ڕەوان تەنیا بۆ ئاو بەکارنایەت. دەگوترێ: زمانی ڕەوانە...
جاریة: کەنیشک، کەنیزەک
جاسوس: شۆفار، خەفیە، دەسکیز، *سیخوڕ*
جاف: وشک، هشک
جالیة: ڕەوەند، *ڕەڤەند*
جامد: نەگۆڕ
جامعة: زانکۆ، زانستگە
جانب: لا، تەنیشت، کێلەک، تەنکێش
جانح: لاسار
جاهل: کۆڵ، نەزان، کۆڵەوار
جبار: گەورە، مەزن
جبال: کۆ، کەژ، چیا، کێو
جبان: ترسنۆک، نەوێر
جبلي: کەژەکی، چیایی
جبل برکاني: کێوی گڕکانی، چیای *ڤۆلکانی*
جبن: پەنیر
الجبة: کەوڵ، *کەڤڵ*
جبهة- جبین: ئەنی، هەنیە، تەوێڵ، نێوچاوان
جبهة- للأحزاب: بەرە، ئەنی
جبهة الحرب: بەرەی شەڕ، شەڕگە
الجبهة الامامیة: پێشەبەرە
الجبهة الخلفیة: پاشەبەرە

جبيرة: شەپک
جت: سێپەڕە، وێنجە، *ئونجە*
الجثة (للمقتول): لاشە، کەلاک، جەندەک، *کەلەخ*
جحيم: دۆژ، دۆزەخ
الجد: باپیر، کال
جدار: دیوار
جدار التحصين: دیوارە پارێز، چەپەر
جداول الماء: جۆگەلە، جۆبار، دێراو، جۆک
جداول احصائية: خشتەی ئەژماری
جدول- هندسي: خشتە
جدول زمني: خشتەی کاتەکی، *خشتا دەمی*
جراّء: سەبارەت
جدباء: قاقڕ، وشکێن، برینگێن
جدران مزدوجة: جووت دیوارە
جدري: ئاوڵە، خوریکە، خوریک
جدير- لائق: شایەن، هەژی
جدير بالذكر: شایەنی وەبیرهێنانەوەیە، هەژیی گوتنە
الجذام: گولی، *گوری*
جذب- سحب: بەکێش کردن، ڕاکێشان
جذر: ڕەگ، ڕەھ، ڕھ
الجذر- أصل: ڕیشە، پەندی کوردی دەڵێ: «ڕەگ بەڕیشە، گلێنە بە بنەتۆو»
جذر المصدر: ڕەگی چاوگ
جذر الفعل: ڕەگی کار
جذع: قەد، باڵای دار، *قورم*
جذع مقطوع: کۆتەرە، بنکەدار
الجذوة: پشکۆ، سکڵ، پەنگر
الجرأة: وێران، نەترسان
جراب: توورەگە
جراح: *برینکار، نشتەرکار*

العمليات الجراحية: کردەوەی نەشتەرکاری یان *برینکاری*
جراحة: نەشتەرکاری، *برینکاری*
جرادة: کوللە، *کولی*
الجرب: گەڕی، گڕوەتی، گولی، *گوریاتی*
جرثوم: میکرۆب، خۆرە
جرح: برین
جرس- ناقوس: زەنگ، زیل
جرس كهربائي: زەنگی کارەبایی
جرف: ڕاماڵین
جرّي: مارماسی
الجريء: بوێر، وێرەک، وێرا، نەترس
الجريان: ڕۆیین
جريش: بروێش، *دانهێرک*
جريمة: تاوان
- جريمة مخلة بالشرف: تاوانی ئابڕووتکێن
جز الغنم، جز الصوف: مەڕبڕینەوە، خوری بڕینەوە، *هری برین*
الجزء: بەش، پاژ، پشک
الجزء الاول: بەشی یەکەم، *پشکا ئێکێ*
جزئي: پاژەکی، بەشەکی
جزاء (للخير): پاداش
جزاء (للشر): سزا
جزاف: بەخۆڕایی
جزالة: زەوەند
جَزَر: گێزەر
جزر: نیشتنەوە، کشانەوەی ئاو، داکشان
- المد والجزر: هەڵکشان و داکشان
جزيرة: دوورگە، *گزیرتە*
جزية: سەرانە
الجزيئة: گەردیلە

جسر: پرد، پر
جسم (للاحياء): لەش
جسم (للجمادات): تەن
الجشع: چاوچنۆكی، تێرنەخۆری
جص: گەچ، گێچ
جفن: پێڵو
جلاء: بەجێ هێڵان
جلب الانتباه- جلب النظر: سەرنج ڕاكێشان
الجلد- الجلود: پێستە، چەرم، *پیست، كەڤل*
جلد الافعي: كاژ، *تیڤل*
جلمود: كەور، كەڤر
جليد: سەهۆڵ، *بەستی*
- العصر الجليدي: چاخی سەهۆڵین
جماد- كائنات جامدة: بێ گیان، مردە
جماعة: كۆمەڵ، دەستە
جمجمة: كاژەڵە، كاسەسەر، *قاف (قافێ سەری)*
جمعية: كۆمەڵە، *جڤات*
الجمال: جوانی، بەدەوی
- علم الجمال: زانستی جوانی، جوانیناسی
- فلسفة الجمال: فەلسەفەی جوانی، فەلسەفەی جوانیناسی
الجمالية: جوانكاری، بەدەوكاری
جمرة: پشكۆ، پەڕەنگ، پەل، سكڵ، پەنگر
الجمرة الخبيثة: پشكۆی چەپەڵ، ئەنتراكس
الجمعية الاستهلاكية: كۆمەڵەی بەرخۆری
الجمعية التشريعية: كۆمەڵەی یاسادانان
جمع: كۆكردنەوە، *كۆمكرن*
جمل: وشتر، حیشتر
جملة: بەكۆمەڵ، كۆ، كۆم
جملة- في اللغة: ڕستە، *هەڤۆك*
جملة استفهامية: ڕستەی پرسەكی
جملة بسيطة: ڕستەی سادە
جملة مختلطة (معقدة): ڕستەی ئاوێتە
جملة مركبة: ڕستەی لێكدراو
جملة معقدة شرطية: ڕستەی ئاڵۆزی مەرجەكی
جمهور: جەماوەر، كۆمەڵانی خەڵك
جمهورية: كۆمار
- رئيس الجمهورية: سەركۆمار
الجمود العقائدي: وشكە بڕوایی
جميع: هەموو، گشت، سەرلەبەر، *هەمی*
جميل: شەپاڵ، جوان، شۆخ و شەنگ، ڕند
جميل- خلاب: دڵگیر
جناح- اجنحة: باڵ، باسك
- الاجنحة الغشائية: باڵە پەردەیی
- الاجنحة الغمدية: باڵە كێلانی
الجنازة: تەرم
جندي: سەرباز
جنس- *sex*: زایەند، *توخم*
جنس- أصل: ڕەگەز، *نفش*
الجنسية: ڕەگەزنامە
جنوب: باشوور
جَني: چنینەوە، *چنین*
جني الثمار: چنینەوەی بەر، *چنینا بەرهەمی*
جنين: ئاوەڵەمە، پز
جهاد (كد): ڕەنجدان، ئەرك كێشان، *ڕێنجیبوون*
جهاد: خەباتی ئایینی
جهاز (للجسم): كۆئەندام
جهاز (للآلة): دەزگا، ئامێر
جهاز اطفاء الحريق: دەزگای ئاگركوژێنی
جهاز الحفر الرحوي: دەزگای هەڵكەندنی دەستاڕی
جهد- واجب: ڕەنج، ئەرك

جهنم: دۆژ، دۆزەخ
جهة: شوێن، لایەن، دیو، لا
جو (للفیزیاء): ئەتمۆسفێر
جو (للجغرافیة): کژ، *سەقا*
جواب: وەڵام، بەرسڤ
جوار: هاوسێیەتی، *هەڤسویاتی*
جواز السفر: پاسپۆرت
جوالق: خەروار، جەواڵ، شلیف، *جوهال*
جوالة: دیدەوان، *گەڕۆک*
الجوع: برسیەتی، *برسیاتی، برسی*
جوف: کلۆرایی، بۆشایی، *ڤالایی*
جوقة موسیقیة: ئۆرکێسترا
جولة: گەڕان، *گەریان*
جولة (للعب): کایە
جولة (مباحثات): گەڕ، خول
جوهر: کاکڵە
جینوساید: تۆوبڕینەوە
جیب: گیرفان، بەریک
جید- ثمین: ڕند، باش
جیش: سوپا
جیل: پشت
جیولوجي: زەویناس

## ح

حاجب- للإنسان: برۆ
حاجب- عازل: پەردە
حاجز: بەربەست، لەمپەر، ڕێگر
حاجز بین الخصمین: ناوبژیکەر، بەرەڤان
حاجة- حاجیات: پێویستی، *پێدڤیاتی*
حاد: تیژ
حاد (للجبل): ڕک
الحارس: پاسەوان
حارس: پاسەوان، زێرەڤان
- الحراسة: پاسەوانەتی، زێرەڤانی، پاوانتی
حارس القبور: زێوان
حارس المساجد: مجێور
الحازم: لێبڕاو، پشت ئەستوور
حاسبة: پێژمێر
حاسبة الکترونیة: پێژمێری ئەلیکترۆنی
حاسبي: ژمێرەیی
حاسم: بنەبڕکەر، یەکلاکەرەوە
حاسة: هەست
حاسة اللمس: هەستی بەرکەوتن
حاشیة: پەراوێز، داوێن
حاصد: سەپان
- آلة حاصدة: ئامێری درەو، ئامێری دروێنە، ئامێری سەپانی
حاصل: سەرەنجام، بەرکەوت
حاصلات زراعیة: بەروبوومی کشتوکاڵ، یان *چاندنێ*
حاصل الجمع: سەرەنجامی کۆکردنەوە
حاصل الضرب: سەرەنجامی جاران کردن
حاصل الطرح: سەرەنجامی دەرهاویشتن
حاصل القسمة: سەرەنجامی دابەشین

حاضر: ئێستە، نها، ڤێگاڤێ، *نوکە، نهو*

حاضنة: دایەن

حافز- محفز: هاندەر

حافة: لێوار، لێڤ

حاکم- للسلطة: فەرمانڕەوا

حاکم- للقضاء: دادوەر

حالا: دەسبەجێ

حالة: بار، دۆخ

حالة التوازن: باری هاوسەنگی

حالة طبیعیة: باری خوەزایی یان سروشتی

حالة طواريء: باری ناکاوی

حالة مزمنة: باری درێژخایەن

حالوب: تەزرە، *گژک، گژلوک*

حامض: ترش

الحامضیة: ترشیەتی

حامل- للأنثی: ئاوس، *ئاڤس*

حامل- رافع: هەڵگر

حاملة الطائرات: هەڵگری باڵەفڕان

حاملة الوقود: هەڵگری سووتەمەنی

حانوت: فرۆشگە

حائك: جۆلا، تەڤنکەر

حب: مەرکانە، دەن

حُب: ئەڤین، خۆشەویستی، حەز

حب الاستطلاع: حەزی سەرانسۆیی

حب التملك: حەزی خاوەنداریەتی

حب الظهور: حەزی خۆنووێنی

حباري: مێشەسی (باڵندە)

حبال: پەت، گوریس، *وەریس*

حبر: مەرەکەب

الحبس: بەندکردن

حبل: گوریس، وەریس، پەت

الحبل الشوکي: دەماری دڕکەیی

حبل صوتي: دەماری دەنگ، *دەنگەژێ*

حبة: دەنک، دانە

حبة اللقاح: هەلاڵە، تۆوی نێرەکی

حبو: گاگۆلکێ

حبوب: دانەوێڵە، *دان*

حبوب: دەنکە

- حبوب مسکنة: دەنکەی هەدادەر

- حبوب مهدئة: دەنکەی خاوکەر

- حبوب منع الحمل: دەنکەی سک نەگرتن

حبیب- حبیبة: گراوی، بەنگینە، *خۆشتڤی*

حتی: هەتا، تەنانەت

حتی مطلع الفجر: هەتا کازیوەی بەیان

حث: هاندان

حجاب: لەچکە. لە فۆلکلۆردا هاتووە: «بیدە بەسەردا لەچکەی پەشمینە+ بچین بۆ سەحرا دنیا رەنگینە»

- محجب: لەچەکدار، *پەردەپووش*

حجر: بەرد، *بەر*

حجر الزاویة: بەردەسیلە، (سیلە) چ بەکرمانجی و چ بەسۆرانی (زاویة- رکن) واتە گۆشە دەگەیێنێ، (ماڵیان لە سیلەی قەلاتێ. بەسیلەی چاو سەیری کردم).

حجر الاساس: بەردی بناخە، *بەرێ بناخەی*

الحجر الحنطي (الحنطاوي): بەردی گەنمی

حجر رملي: بەردی لمی، تەمۆخ، *بەرەخیز، خیزەبەر*

حجر الصوان: بەردەستێ

حجر طیني: بەردی گڵێن، کەستەک

الحجر الفضي: بەردی زیو، *بەرێ زیڤی*

حجر الکلس: بەردی گەچ، *بەرێ گێچێ*

حجر المسن: بەردی هەسان

حجر الهداية: بەردی ڕێنوێن
حجز: گلدانەوە، گرِدان. دەگوترێ: «بۆ خۆمم گرِ داوە، واتە گرتوومە».
حجل: سوێسکە، *سوێسک*
الحجم: قەوارە، بارست
حجة: بیانوو
حد: ڕادە، سنوور
حد الاشباع: ڕادەی تێری
الحد الفاصل: ڕادەی جیاکەرەوە
الحد النهائي: ڕادەی کۆتایی
الحداثة: نوێژەنایەتی، نوێدەمایەتی
حداثة -للعمر: هەراشی
- حدث، احداث: هەراش
حداثة العهد: نوێدەم
حدأة: کۆلارە
حدث: ڕووداو، بوویەر
الحدس: سۆسە
حدة (للجبل): ڕک، لێژ، نشێو
حدوث: ڕوودان
حدود: ڕادە، سنوور
حدود مشتركة: سنووری هاوبەش، سنووری ناوکۆ
حديث: ئاخاوتن، پەیڤین، *ئاخافتن*
حديث: نوێباو، نوێدەم
حديد: ئاسن
حذاء: پێڵاو، پێلاڤ
حذاء شعبي: پێتاو
الحذف- الازالة: لابردن، کوژاندنەوە، لابرن
حذق: زرنگی
حُر، طليق: ئازاد، بەرەڵڵا
حَر: گەرما، گەرمی
حرارة: گەرمی
حرارة كامنة: ماتە گەرمی
حراشف- حرشفة: پوولەکە
حرب: شەڕ، *جەنگ*
الحرب الأهلية: شەڕی خۆبەخۆ
الحرب الباردة: شەڕی سارد، شەڕێ *سار*
الحرب الداخلية: شەڕی ناوەخۆ، شەڕێ *ناڤخۆ*
الحروب الصليبية: شەڕی خاچپەرستی
حرب العصابات: شەڕی پارتیزانی
الحرب الكلامية: شەڕە قسە، دەمەدەمانێ، *شەڕە ئاخفتن*
حرباء: قومقومۆک
الحرث: شۆو، شۆڤ
حرج: ناسک
حرص: پەرۆشی، *ڕژدی*
حرف- في اللغة: پیت
حرف الربط: پیتی پێوەندی
حرف الشيء: لێوار، *لێڤ*
حرفة: پیشە
الحرفي: پیشەوەر، پیشەدار
حرق: سووتاندن
حريق: ئاگرکەوتنەوە
حركة: جووڵە، بزاوت، بزاڤ، لڤین، بزووتنەوە
- محرك: بزوێن
حركة ارادية: جووڵەی خۆویست
حركة لاارادية: جووڵەی خۆنەویست
حركة دائرية: جووڵەی بازنەیی
حركة دورانية: جووڵەی سووڕانی
حركة رحوية: جووڵەی دەستاڕی
حركي: بزوێنەیی
حركة ذاتية: خۆبزوێن، *خۆلڤ*
حركة التحرير: بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی، *بزاڤا*

*رزگاریخوازی*
الحركة النقدية: بزووتنەوەی رەخنەیی
الحركة النقدية- المالية: بزووتنەوەی دراوی، *بزاڤا دراڤی*
حرة التغذية (المعيشة): خۆژیێن
الحروف الصحيحة: پیتی دەنگدار
حروف العلة: پیتی بزوێن
حروق: سووتان، *سوتن*
حريات: ئازادی
حرير: ئاوریشم، ئارمووش، هەڤریشم، *ئاڤرموش*
حرير صناعي: ئاوریشمی دەستکار، *ئاڤرموشا دەستکار*
حرير طبيعي: ئاوریشمی خوەزایی، *ئاڤرموشا سروشتی*
حريص: سوور، رژد
حرية: ئازادی
حرية التعبير: ئازادیی دەربرین
حرية الصحافة: ئازادیی رۆژنامەوانی
حرية العقيدة: ئازادیی باوەڕ
حرية الفكر: ئازادیی بیر
حز: شیف، کووز
حزازات: ناکۆکی، بۆنڎژی
حزام: پشتێن، پشتێنە، کەژوو، *قایش*
حزام الأمان: کەژووی تەناهی
الحزام الامني- على الارض: پشتێنەی تەناهی
حزب: پارتی
الحزم: سووربوون
الحزم: لێبڕاوی، پشت ئەستووری
حزمة- باقة: چەپک
حزمة ضوئية: تیریژی رووناکی
الحزن: خەم
الحزين: خەمبار، خەمگین
حس-حواس: هەست
حساب: ژمێرە
- حساب ختامي: دوواژمێرە
الحسابات: ژمێریاری
- مديرية الحسابات: بەڕێوەبەرایەتیی ژمێریاری
حساس: هەستیار، ناسک
حساسية: هەستیاری، هەستەوەری
حسب- بموجب: بەپێی، بەگوێرەی
حسم: لابەلاکردنەوە، یەکلایی کردن
حسن الخُلق: ئاکارجوان، *ڕەفتارجوان*
- سيء الخلق: ئاکاردزێو
حشائش: گژوگیا، *گل و گیا*
حشرات- حشرة: مێروو
- مبيد الحشرات: تووناکەری مێروو
حشرة المن: شۆکە
حشو: ناوەخن
حصار: گەمارۆ، ئابلووقە، *دووڕپێچ*
حصان: *هەسپ*
حصبة: سوریژە، سۆریکە، سۆرک
حصر: گەمارۆدان، لە چەمبەر کێشان، لە ئابلۆوقە خستن، *دووڕپێچی*
حصر (للمياه): پەنگانەوە، *پەنگین*
حصة: بەش، پشک
حصى: زیخ، چەو
حضارة: ژیار
حضاري- متمدن: ژیاری
حضانة: دایەنی
- دار الحضانة: خانەی دایەنی
حضر: ئاوەدانی
حضري- ساكن: بنەجێ، نیشتەجێ

حضن: باوەش، ئامێز
حطب: گزرە، *دار*
حظ: بەش، بەخت
حظيرة-حظائر: گەوڕ، گۆڤ
الحظيرة الدولية: گەوڕی نێودەوڵەتی
حظيرة دجاج: کولانە مریشک، *کولکێ مریشکا*
حفار: کرمی دارکۆڵ
حفارة (آلة): کۆڵەک، ئامێری هەڵکۆڵین، ئامێری زەویکۆڵ
حفر: هەڵکەندن، کۆڵین، *هەلکولین*
حفر الآبار: بیر لێدان
حفرة: چاڵ
حفريات: هەڵکۆڵراو
حفظ- عن ظهر قلب: لەبەرکردن
حفلة: ئاهەنگ، زەماوەند
حفيد: نەوە، نەڤی، نەڤی چرک
حق-حقوق: ماف
حق التعلم: مافی فێربوون
حق العمل: مافی کارکردن
الحق في الحياة: مافی ژیان
حقائق: ڕاستی
الحقائق الاساسية: ڕاستیی بنەڕەتی
حقبة: چاخ
حقبة زمنية: چاخێکی دەمکاتی
حقد: کینە، *کین*
حقل (للمزرعة): مەزرا، کێڵگە
حقل (حقول النفط): چاڵەنەوت
حقول الشلب: مەرەزە
حقل (الحيوانات الداجنة): مەزرای پەلەوەر
حقوق الانسان: مافی مرۆڤ
حقيبة: هەگبە، *چانتە*

الحقيبة الدبلوماسية: هەگبەی دیپلۆماسی
حقيقة: ڕاستی
حك: خوراندن، خوران
حكم: فەرمانڕەوایی، دەسەڵات، دەسەڵاتداری
الحَكَم: ناوبژیوان
حكم ذاتي: دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەری، *ئۆتۆنۆمی*
الحكم الملكي: دەسەڵاتی پاشایەتی
الحكمة: ژیری، قسەی نەستەق
الحِكَم القديمة: قسەی نەستەقی پێشینان
حَكومة: حکوومەت
حكيم: چاژان
حل: شیکردنەوە، هەڵوەشاندنەوە
- منحل: هەڵوەشاوە
حل (للمشاكل): چارەسەرکردن
حل السؤال: شیکردنەوەی پرسیار
حلال- جائز: حەڵاڵ
حلب: دۆشین
حلبة: شملی
حلزوني: پێچەڵپێچ
حلف: پەیمان
حلقة: ئەڵقە، خەلەک
حلقة وصل: ئەڵقەی پێک گەیاندن
الحلم: نەرمی
حُلُم، رؤيا: خەون
حُلّم: گەنە
حلمة الثدي: گۆی مەمک
حلمة الضرع: گۆی گوان
حلو: شیرین
حلول استسلامية: چارەسەری خۆبەدەستەوەدەرانە
حلويات: شیرینی
حلي ذهبية: خشڵ، چەک

حليف: هاوسوێند، *هەڤپەیمان، هەڤسوێند*
حمال: کۆڵ هەڵگر، *بارهەلگر*
حمالة: ڕاگر، هەڵگر
حمام (طیر): کۆتر
حمّام: گەرماو، گەرماڤ، سەرشۆرک
حماية: پاراستن
الحماية الدولية: پاراستنی نێودەوڵەتی
الحماية الذاتية: خۆپاراستن، پاراستنی خۆیەکی
الحماية العامة: پاراستنی گشتی یان هەمووەکی
حماية گمرگية: پاراستنی گومرگی
حمضيات، حوامض: مزرایی، مزرەمیوە، مزرەنی
حمل: هەڵگرتن، بار، بارگە
حملة: پەلامار، هەڵمەت، شالاو، *هەو*
حملات التعريب: شالاوی عەرەبکاری، *هەوا عەرەبکرنێ*
حملات الترحيل والتهجير: شالاوگەلی ڕاگواستن و دەربەدەرکردن، *هەوێت ڤەگوهاستن و دەربدەرکرنێ*
الحمو: خەزوور
حموضة: ترشیەتی، ترشایی، مزرایی، *ترشی*
حمولة: بار
حمى: تا
حمى الثلث: سێبەڕۆ
حناء: خەنە
حنجرة: قوڕگ، قوڕقوڕاگە
حنطة: گەنم
حنفية: پلووسک، *زەنبەلە*
الحواف، الاطراف، الجوانب: کێلەک، تەنکێش، پەل
حوالي: دەوروبەر، نێزیکەی
حوت: نەهەنگ
حور- شجرة: چنار
حور-حورية: پەری
حورية- حشرة: پێکوڕە
حوصلة: چیکڵدانە، *بەرچێلک*
حوض: ئەستێرک، ئاوگر، ئاوزێڵ، چالاو، گەڕاو، گەڕاڤ، ئاوگیر، *گەڕ*
حوض النهر: بەست، ئاوەڕۆ
حول: دەور، ساڵ
حولية: ساڵەکی
حي: ژیدار، زیندوو، زیندە، *زیندی*
حياد: بێلایەنی
حياكة: چنین
حياة: ژیان
حياة الترحال: ژیانی کۆچەری
حَيِّز: کەلێن
الحيض: بێنوێژی، *بێنڤێژی*
حيف: ستەم
حيلة: تەڵەکە، فێڵ
حيمن: سپێرم، تۆو، *تۆڤ*
حين: کاو، گاڤ
- بين الحين والاخر: کاو نا کاوێ، دەم نادەمی
حيوان: گیانەوەر، *گیاندار*
الحيوانات- المواشي: ئاژەڵ، *تەرش*
حيوانات مفترسة: گیانەوەری دڕندە
حيود: لادان
حيوي: ژیداری، زیندووەتی، زیندەیی
**خ**
خاتمة: کۆتایی، بنەتا، دوماهی
خادع: هەڵخەڵەتێن، خاپینۆک
خادم: خولام، خزمەتکار، پاکار، نۆکەر
خارج: دەرەوە، دەرچوو

خارج البلاد: هەندەران، دەرەوەی وڵات
خارجي: دەرەکی
خارصين: تۆتیا
الخارطة: نەخشە
خارق: لە ئاسابەدەر
الخاسر: دۆڕاو
خاص: تایبەتی
خاصية- الخواص: تایبەتایەتی، تایبەتمەندی
الخافر: ئێشکگر، *نۆبەدار*
خالٍ، مكشوف: ڤالا، بەتاڵ، بۆش
خالد: نەمر
خاضع: لارەمل، ملکەچ
خام: خاو، کاڵ، *خاڤ*
خامس: پێنجەم
خامل: سست، خاو، *خاڤ*
خانق: خنکێنەر، ئەوکگر
- أزمة خانقة: تەنگژەی ئەوکگر یان بینگر
خائب: هەناسەسارد، بێ هیوا، هیوابڕاو
خائن: ناپاک
خباز- خبازي: تۆڵکە
خَبَث: خڵتە، کۆزەر، تلّپە
الخبرة: شارەزایی
الخبرة الفنية: شارەزاییی هونەری
خبز: نان
خبيث: چەپەڵ
الخبير: پسپۆڕ
خبير الواردات: پسپۆڕی داهات
خبير الادارة والمالية: پسپۆڕی کارگێڕی و دارایی
ختان: خەتەنە، سونەت
خثرة: هەوێن، هەڤێن، هێڤێن، مەیبو
خد: ڕوو، ڕوومەت، هنارکا روو
خدش: رووشاوی، رووشاندن، رووشان، *ڤەرووشان*
الخدع: فریودان، تەفرەدان، خاپاندن، هەڵخەڵەتاندن
خدعة: فريو، تەفرە
الخدمات الصحية: خزمەتگوزاریی تەندروستی
الخدمات البلدية: خزمەتگوزاریی شارەوانی
خدمة- خدمات: ڕاژە، خزمەت
خدمة عسكرية: خزمەتی سەربازی
خرابة- خرائب: وێرانگە، کاولگە، کەلاوە
خراج: باج
خرافة-خرافات: ئەفسانە، پڕوپووچ، بەندوباو
خردل: خەرتەلە
خرسانة: کۆنکریت
خرسانة مسلحة: کۆنکریتی شیشرێژ
خرطوش: گوللە، فیشەک
خرطوم الفيل: شەڵفەی فیل
خَرْق: بەزاندن
خَرْق القانون: یاسابەزێنی
خِرَق بالية: پەڕۆکۆنە، *کنجڕ*
خروج: دەرچوون
خروع: گەرچەک
خريطة- تصميم: نەخشە، پلان
خريف: پاییز
خزائن مدفونة: گەنجینەی وەشارتی
خزان مائي: کۆگەی ئاو، ئاوگە
خزانة: کۆگە
خزف: سیرامیک، چینی، گڵێنە، سواڵەت
خزن: لە کۆگە نان، داکردن
الخزينة: گەنجینە
الخزينة العامة: گەنجینەی گشتی

خسارة: دۆڕان، زیان، زەرەر
خسوف: مانگ گیران، *هەیڤ گرتن*
خشب: دار، تەختە
خشخاش: خاشخاش
خشن: زبر، زڤر، دڕ
الخصب: بژوێن، بەپیت، بیتوێن
خصر: کەمەر، کەلەکە، *ناڤ تەنگ*، ناوکێل، ناڤکێل. لە گۆرانیی، کوردیدا هاتووە: «ناوکێڵ زراو».
خصم- تنزيل: داشکاندن
خصوبة: پیت
الخصوصية: تایبەتکاری
الخصوصية المحلية: تایبەتکاریی خۆماڵی
خض: ژەنین
خضاضة: مەشکە، ژەنەک
الخضرة: سەوزی
الخضراء- مناطق خضراء: ناوچەی شیناوەرد
خضروات (محاصيل صيفية): تەڕەکاڵ، سەوزەوات
خضوع: لارەملی، ملکەچی، بەرفەرمانی
خط: هێڵ
خط الاستواء: هێڵی یەکسانی، هێڵی کەمەرە
خط افقي: هێڵی ئاسۆیی
خط عمودي: هێڵی ستوونی
خط مائل: هێڵی لار
الخطب النارية: وتاری ئاگرین
الخطبة: دووان، وتار، گوتار
خطبة يوم الجمعة: دوانی ڕۆژی هەینی
خطوط جوية: هێڵی ئاسمانی
خطوط العرض والطول: هێڵی پانی و درێژی
خطوط وهمية: هێڵی نەدیو
الخط المستقيم: هێڵی ڕاست
الخط البياني: هێڵی ڕوونکاری
الخطأ- الهفوة: هەڵە، چەوتی، شاشی
خطاب- مقال: وتار، گۆتار
الخطاب السياسي: گوتاری سیاسی
خطر- مخيف: مەترسی
خطة: پلان
الخطة الخمسية: پلانی پێنجینە
الخطوبة: خوازبێنی، *خوازگینی*، نیشان کردن
خطوة: هەنگاو، پێنگاڤ، *گاڤ*
الخطيب: دوواندەر، وتاردەر
خفاش: شەمشەمەکوێرە، *چەکچەکویلە*
خفايا: پێوار، نەدی، شراوە
- الجوانب الخفية: لایەنی شراوە، پێوار، نەدیو
خفقان القلب: دڵەکوتێ
خفوت: کزی، کپی
خفيف: سووک، سڤک
خل: سرکە
خلاصة: پوختە، پوخت. دەڵێ: «نەخت بێ و پوخت بێ».
خلاف: بەرەواژ
خلايا: خانە
خلد: گۆڕهەڵکەنە
خلسة: خشکەیی
خلع: لەجێ چوون
خلف: پاشهات
خلفية: پشتینە
خليج: کەنداو، *کەنداڤ*
خليط: تێکەڵ
الخليفة- نائب: جێگر
خلية: خانە

خمر: شەراو، بادە، مەی
خُمس (١/٥): پێنج یەک
خمود: سرەوتن
خمول: سستی، خاوی
خميرة: هەڤێن، هەوێن، هێڤێن
خميرة الخبز: هەویرترش، هەڤیرترش
الخميلة: گوڵزار
الخنادق الحربية: سەنگەری شەڕ
خنثی: نێرەمووک
الخندق: کەندڕ، کەندەک
الخوف: سام، سەهم، ترس
خيار- نبات: ئاروو
خيار- اختيار: بژارە. دەگوترێ: (هیچ بژارەیەکم لەبەر دەمدا نییە).
خيالة: سوارە
خيانة: ناپاکی
خير: فەڕ
خيرات: خێروبێر
الخيبة: هەناسەساردی
خيشرة: مەییو
خيط: دەزوو، داو، داڤ، تاو، تاڵ
خيل- خيول: بەرزە، وڵاخی بەرزە، دەوار
الخيلاء- اظهار التكبر: فیز، کەشوفش

## د

الداء: دەرد
داء الصدف: دەردی بەڵەکی
داء الكلب: سەگەناز
دائر: خولاوە، سووڕاوە
دائرة (هندسية): بازنە
دائرة إستوائية: بازنەی یەکسانی یان کەمەرەیی
دائرة المعارف: ئینسایکلۆپیدیا
دائرة - دوائر رسمية: فەرمانگە
دائرة البريد: فەرمانگەی پۆستە
دائم: بەردەوام
دائماً: هەمیشە، هەردەم، هەمووەدەم، هەرگاف
دائمي- مقيم: بەردەوام
دابة: چوارپێ، وڵاخ، دەوار، چارەوێ
داجن: پەلەوەری ماڵی یان کەوی
داخل: ناو
داخلي: ناوخۆیی، ناوەکی
داخن: دووکەڵدار
دار: خانە، خانوو
دار الرعاية: خانەی چاودێری
دار الحضانة: خانەی دایەنی
دارسين: دارچین
دافع: پاڵنەر
دافيء: شلەتێن، شیرتێن
دافيء المناخ: ئاووبای شلەتێن
دبابة: تانک
دباغة الجلود: پێستە خۆشەکردن
دبس: دۆشاو، *دوشاڤ*
دجاج: مریشک
دجال: دەستبڕ، تەجاڵ
دجل: دەستبڕی

دحرجة: خلۆرکردنەوە، *گرێل کرن*
دخان: دووکەڵ، دومان
دخل: داهات، دەرامەت
دخل قـــومي: داهاتی نەتەوەیی، دەرامـــەتی نەتەوەیی
دخولیة: دەرگانە
دخیل: غەوارە، لایدە، بیان
دراج: پۆڕ
دراجة: پایسکل
دراسات اجتماعیة: لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی
دراسة: لێکۆڵینەوە، *ڤەکولین*
درج: پێـــپلکە، پلیکانە، پێـــپلووک، پەیژە، *پایسک، پێ پەلیسک*
الدرجة: پلە، پلەک
درجة الاتقاد: پلەی کڵپەکردن، *پلاگرگرتنێ*
درجة الغلیان: پلەی کوڵان، *پلا کەلینێ*
دردار: پەڵک، ڕەشەدار
درز: درز، قڵێش، تلێش، *دەرز، کەلشتە*
درس: وانە
درع: سێڵ زرێ، مەتاڵ
دَرَنَة: سەلک، گرێ
دروع مسبلة: زرێی ئاودامان
دزینة: دەرزەن، دەستە
دستور: دەستوور
الدعاء بالخیر: نزا
الدعاء بالشر: تووک، نفر، نفرین
دعامة- مسند: پاڵەوانە، پشتەک
دعایة: پڕۆپاگەندە، بانگەشە
دعم: پشتەوانی، *پشتەڤانی*
دعموصة: سەرەمێکوتە
دعوة: بانگهێشتن

دف: دەف
دفاع: بەرگری، بەرەڤانی، داکۆکی
الدفاع المدني: بەرگریی شارستانی
الدفاع عن الذات: بەرگری لە خۆکردن
دفتر: دەفتەر
دفعة- من الدفع: تەکان
دفعة- مرة: جار
دقائق (للمادة): وردیلە، وردکە، *هویرکەلە*
دقات القلب: لیدانی دڵ، *لێدانا دلی*
دقة: وردی، *هویری*
دَقة: لێدان، ترپە
دقیقة (للزمن): خولەک، خولکە
دکتاتور: ملهوڕ، دیکتاتۆر
دکتور: دکتۆر
الدلالة (دلیل الطریق): ڕێپیێشاندەر، بەڵەد
دلك (للانسان): شێلان، *پەرخاندن*
دلك (للشيء): لێخشاندن، *تێ هوسین*
دلیل (علامة): نیشانە
الدلیل: شـــوێن هەڵگر (بۆ دزی و شـــوێن پێ دۆزینەوە)، چاوساغ
الدلیل- مرشد العمل: ڕێزان، ڕێناس، ڕێبەر
الدلیل- البرهان، الحجة: بەڵگە
دم: خوێن
دماغ: مێشک، مەژی
دمع: فرمێسک، ڕۆندک، هێسر
دموي: خوێنین، خوێناوی، *خوینەلو*
الدنیا- العالم: دنیا، دنێ، گێتی
الدهر- الایام: چاخ، سەردەم، ڕۆژان
الدهس: پلێشاندنەوە
دهلیز: دالان، ڕێڕەو
دهن: ڕۆن، دۆن

دهني: چەور
دواء: دەرمان
دوائر- من الدوران: سوورگە
دوائر- ج دائرة: فەرمانگە
دواجن: چینەکەر، پەلەوەر
دوار (دوار البحر): سەرسوورکێ، وڕی، سەرەگێژە
دوار: خولاوە، زڤڕوک
دوامة: گێژاو، گێژەنگە
- دوامة الحرب: گێژەنگەی شەڕ
دودة: کرم
دودة الأرض: کرمی زەوی، گڵەخۆرکە
دَور: سەردەم
دور- دورة: خول، سووڕ
دوران: سووڕانەوە، سووڕ، خولانەوە، زڤڕین
دور الحضانة: خانەگەلی دایەنی
دورة الحياة: سووڕی ژیان
الدورة الدموية: سووڕی خوێن
الدورة السنوية: ساڵ وەرگەڕان، ساڵ وەرسووڕان
دورة المياه: ئاودەست
الدوس بالاقدام، السحق: پلیشانەوە، پێماڵ، پێخوست، پێ دەوس
دول التحالف: وڵاتانی هاوپشت یان هاوپەیمان
دول متحالفة: وڵاتانی پەیماندار یان هاوپەیمان
دولة: دەوڵەت
دول نامية: دەوڵەتی یان وڵاتی پەرەستێن
دون: ژێر
دون جدوى: بەفیڕۆ، بێ سوود
الدونم: گاوخان، دۆنم، (٢٥٠٠) مەتر چوارگۆشە
دوي: گرمە، زرمە، گورمین
دويلة: دەوڵەتۆکە
ديك: کەڵەباب، کەڵەشێر، دیکڵ، خروسک
ديم: بەیار، دێم
ديمومة: بەردەوامبوون، بەردەوامیەتی
دين: ئایین
دَيْن: قەرز
ديوان: دیوان
ديوان الرقابة المالية: دیوانی سانسۆری دارایی

## ذ

ذائب: تتوواوە

ذات: خۆ

ذات الرئة- مرض: سی ئاوسان، نەخۆشیی سی، سی ئێشە، دەردەسی

ذات سرعة عالية: تیژڕۆ

ذات شأن: پێوەندیدار

ذات الطابع: مۆرکەدار

ذات الطابع المحلي: مۆرکەداری خۆماڵی

ذات طبقتين: دووتوێک، دووچینە

ذات فلقتين: دووپەلکە

ذات فلقة واحدة: یەک پەلکە

ذات نواة: ناوکەدار

ذات نواة واحدة: یەک ناوکە

ذات مرتبة: پایەدار

ذاتي: خـۆیەکی. لەسـەر پێـوانەی: دەرەکی، ناوەکی، لاوەکی، ئاوەکی

ذاتي-تلقائي: خۆبزوێن

- أسلحة ذاتيـة الحركـة: چەکی خـۆبزوێن، *ئۆتۆماتیک*

ذاتية: خۆیەتی

- مديرية الذاتية: بەڕێوەبەرایەتیی خۆیەتی

الذاكرة: بیرەوەر

ذباب- ذبابة: مێش

ذبابة الخيل: مێشە ئەسپانە

ذبابة الفاكهة: مێشە میوانە

ذبحة صدرية: سینگەسۆتە

ذبذبة: لەرەلەر، لەرینەوە

ذخيرة: زەخیرە، تفاق، ئازووخە

ذر: پرژاندن

ذر الغبار: گەردیلە یان تۆز پرژاندن

ذراع: باسک، بازوو

ذراع المقاومة: باسکی بەرگری

ذرة-ذرات الغبار: گەردیلە

ذرة صـفـراء (نبـات): گـەنمەشـامی، گـەنمۆک، گەنەگەرچەک، گاڕس

ذرية: تۆرە، تۆرەمە، تۆرن

الذعر: تۆقین، دڵتۆقین، ترس

ذكاء (عقل): ژیری

ذكر: نێر، نێرینە، نێرەوست

الذكرى: بیرەوەری، یاد

الذكرى السنوية: ساڵوەگەڕ، ساڵڤەگەر

ذكوري: نێرەوسی

- المجتمع الذكوري: کۆمەڵگەی نێرەوسی

ذكي- شاطر: ژیر، زیرەک

ذليل: کەساس، بەلەنگاز، زەلیل

ذنائب: کلکە، کلکان، *کوری*

الذَنَب (ذنبة): کلک، کلکە، *کوری*

ذهاباً واياباً: هاتن و چوون

الذهب: زێڕ

ذهن (فكر): زەین، هزر

ذهني: زەینەکی، هزرەکی

ذوبان: توانەوە

ذوق: چێژ

ذيل: کلک، دوڤک

ذيل- ذيلية: کلکایەتی

ذيل- امـتـداد: پاشـەگـرە. لەسـەر کـێـشی (پاشەبەرە).

ر

رائج: برەودار، بەبرەو، بەهەڕمێن
رائحة: بۆن، بێن
الرائد: پێشڕۆ
رائد فضاء: ئاسمانگەڕ
رائع: شەنگ، نایاب
رائعة- روائع: شاكار
رائق (للماء): ڕوون، زەلاڵ، ساوێن
رائق (للجو): بێگەرد، *سیس*
رائق (صحي): سازگار
راعي: شوان، *شڤان*
راعية السلام: ئاشتیوان
رئاسة: سەرۆکایەتی
رئاسة مجلس الوزراء: سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران
رئاسة الجامعة: سەرۆکایەتیی زانکۆ یان زانستگە
رئة: سی
رئیس: سەرۆک
رئیسي: سەرەکی
رأي: دیتن، بۆچوون
رابطة: پێوەند، بەستەک، بەندیوەر
رابع: چوارەم
رابیة: بەرزەوار
الراتب: مووچە
- قطع الراتب: مووچەبڕکردن
- تحدید الراتب: مووچە بڕینەوە
راتب شهري: مووچەی مانگانە
الراتب المقطوع: مووچەی براوە
راحة: تەنایی
رادع: بەرهەڵست
رأس: سەر
رأس- جهة أو طرف: سەرە
رأس- حافة: نووک
رأساً: ڕاستەوخۆ، یەکڕاست
رأس الرجاء الصالح: سەرتیلەی هیوا
رأس السهم: سەرەتیر
رأس الرمح: سەرەڕم
رأس المال: دەسمایە
رأس المال الثابت: دەسمایەی جێگیر یان نەگۆڕ
رأس المال المتغیر: دەسمایەی گۆڕەک
رأس الجبل: ملە، دوند، لوتکە، *كلومتە*
الرأسمالیة: دەسمایەداریەتی
راشح: پاڵوێنە، پارزینگ
راشي: بەرتیلدەر
رافد: چەم، زێ
راقصة: سەماژەن، لەرزێنەک
رافعة: هەڵگرە
راقي: بالآ
راکد: مەند. دەگوترێ: لە ئاوی مەند (واتە: وەستاو) بترسە. پیاوێکی مەندە. (واتە: لەسەرەخۆیە).
راهب: رەبەن
رأي: بۆچوون، بیروڕا، بیروڕێ
رب: خوا، *خودێ*
ربا: سوود
رباط: پێوەند، رایەڵکە، بەندیوەر
رباط اللف: ملپێچ
رباط العنق: ملبەند، *ستوبەند*
رباطة جأش: دان بەخۆداگری
رباعي: چوارینە
ربح: قازانج، سوود
ربح صافي: قازانجی پاک

الربَع: هەوار، بنەگە
ربع: چواریەک
الربط: پێوەندی، بەندیواری
ربة البيت: کابانی ماڵ، کەڤانییا ماڵێ، *کابانیا ماڵێ*
ربو: هەناسە تەنگی، پشووسواری
ربیع: بەهار، بوهار، *بهار*
رتبة: پلە
رث- ضعیف (لا فائدة فیه): پەرپووت
رثاء: سەردولکە، لاواندنەوە، *پێ گۆتن*
رج: شڵەقاندن، ڕاوەشاندن، *شلقاندن*
رجاء: هیوا، هیڤی، تکا
رجال الارصاد: پیاوانی ڕوانگە
رجراج: دەڵەدەڵکەر
رجعي: کۆنەپەرست، پاشڤەڕۆ
رَجُل: پیاو، مێر، مرۆڤ، زەلام
رجل: پێ
الرَجُل الآلي: مرۆڤی ئامێرەکی، ڕۆبۆت
رجل کاذبة: گەندەپێ
رِحالة: کۆچەر، رەوەند، *ڕەڤەند*
رحالة- مکشف مجاهل الأرض: گەڕاڵ، گەڕیدە
رَحلة: کورسی، تەختک
رِحلة: گەشت، *گەریان*
رَحم: منداڵدان، پزدان
رحوي: دەستاڕی
رحی: دەستاڕ، *دستاڕ*
رحیق: شیلە، لیک، گوڵشیرە
رحیل: کۆچکردن
رحیم: بەبەزەیی، دلۆڤان
رخام: مەڕمەڕ، خارا
رخو: فشەڵ، سستەک، رفۆک، *نەرم*
رخیص: هەرزان، ئەرزان
رد: دانەوە، وەڵام دانەوە، ڤەگێڕان
رد الفعل: بەرکار
ردة: هەڵگەڕانەوە، *هەڵگەریان*
ردهة: داڵان
ردیء: گەند، *پووچ*
رذاذ: پرِیشک، پرِوشک
رز: برنج
الرزق: پێبژی
رزمة: بەستە
رسالة: نامە، پەیام
الرسام: وێنەکێش
رسغ القدم: قولەپێ، *پانی، پەحنی*
رسغ الید: مەچەک، *هویرک*
الرسم: وێنە
رسم (الحکومة): میرانە، فەرمانە
الرسو: لەنگەرگرتن، *ڕاوەستیان*
رسوبي (رسوبیة): نیشتەنی، لیتەیی
رسوم تسجیل العقار: فەرمانەی تۆمارکردنی خانووبەرە
رسوم المحاکم الرقابیة: فەرمانەی دادگەی سانسۆری
رش: ئاوڕشێن، ئاوپرژێن
رشاش: ڕژێنەک
رشاقة: زراڤی
رشوة: بەرتیل
رشیق: زراڤ، باریکەڵانە
رشیق القامة: بەژن زراڤ، ناوکێل زراو
الرصاص: قورقوشم، *قەلا*
رصید: پشتیوانە
رصیف: پیادەڕێ، *پەیادەڕێ*

رضف- الرضفة، صابونة: کلاوەی ئەژنۆ، *سەکۆتک*
رضیع: شیرەخۆرە، مەلۆتکە، *بەرشیر*
رطب: نمدار، شێدار، *شەهدار*
رطوبة: شێ، نم، خووس، *شەه*
رطوبة نسبیة: شێی رێژەیی، *شەهارێژەیی*
رعاع: هەرچی و پەرچی
الرعایة الاجتماعیة: چاودێریی کۆمەڵایەتی
رعد: هەورەتریشقە، گرمەی گەواڵە، *چریقە عەور*
الرعد والبرق: گرمە و برووسکە، *برویسی*
رعشة: موچڕکە، تەزوو، *تەزینک*
رعیة- عامة الناس: رەشورووت، ڕەشۆکی، رەشانگ
الرغبة، المیل: ئارەزوو، هەوەس
رغو- رغوة: کەف
رف: لیس
رفاس: پەروانە
رفاس: جووتکەوەشێن، لووشکە لێدەر، جووتەوەشێن، *پێن هاڤێژ*
رفاعة: هەڵگیرە
رفاه العیش: خۆشگوزەرانی، خۆشبژی
رفرفة العلم: فرکەفڕکی ئاڵا
رفسة: جووتە، جۆتک، لووشکە، پێن
رفض: بەدوواوەدان
رفیع: باریک، زراڤ، باڵا
رفیق: هاورێ، برادەر، دۆست، ئاوەڵ، *هەڤاڵ*
الرقابة: سانسۆر
- الرقابة المالیة: سانسۆری دارایی
رقاص: بەندۆل، لەرزان
رقبة، عاتق: ئەستۆ، مل، گەردن، ئەسکورد، *ئەستوکور*

رقص- دبكة: سەما، هەڵپەڕین، شایی، *لەیزین*، *شاهی*
رقص: بادان، *لەیزین* ، لەرزاندن
رقم: ژمارە، *هژمار*
- الترقیم: ژمارلێدان
رقوق (فلم): فلیم
رقوق فوتوغرافیة: فلیمی فۆتۆگرافی
رقیق- رقائق: تەنکە
رقیق- رقة: ناسک، زراڤ
رقیق- عبید: کۆیلە، کۆلە، *بەنی*، *بەندە*
رکاب: ئاوزینگ، ئاڤزونک
رکبة: ئەژنۆ، چۆک، زرانوو، زرانی، *کۆتک*
رکن: گۆشە، *کوژی*، *قوڕنەت*
رکود: مەندی
رکود اقتصادي: مەندیی ئابووری
رکیزة: تیرک
رماد: خۆڵەمێش، خۆڵەکەوە، خولی، مشکی، سۆتەک
رماد السیکایر: سۆتەکە جگەرە، *خولیا جگارێ*
رمح: رم
رمز: هێما، نیشانە
الرمق الاخیر: دواپشوو
رمل: لم، *لێم*
رُمّي المعیشة: گەندەخۆر، بۆگەخۆر
رنة: زرنگە
رنین: زرنگانەوە، *زرنگێن*
روابط: پێوەندی، بەندیواری، بەستەک
رواج: برەو، هەڕمێن
روافد: لکی ڕووبار، زێ
روایة- قصة طویلة: ڕۆمان
روبیان: کوللەی ئاو، ڕۆبیان

الروح: گیان
الروح القدس: گیانی پیرۆز
رؤساء: سەران
الروضة: باخچە
روضة الأطفال: باخچەی ساوایان
رولة (محدلة): باگردێن، *باگوردان*
روماتیزم: باداری، ڕۆماتیزم
رونق: بریسکە
رؤیا: خەوبینین، *خەون دیتن*
رؤیة: بینین، بۆچوون، *دیتن*
ري: ئاودێری، داشتن، *ئاڤدێری*
ریاء: مەرایی، مێچکەیی
ریاح: با
ریاح السموم: هوڕە
ریاح دائمیة: بای بەردەوام
ریاح محلیة: بای ناوچەیی
ریاح موسمیة: بای وەرزی
ریاضیات: ماتماتیک، بیرکاری
ریاضة: وەرزش
ریاضي: وەرزشوان
ریان: تێرئاو
ریحة- رائحة: بۆ، بێن، بۆن
ریش: پەڕ
ریش الطیران: شاپەڕ، پەڕی فڕین
ریعان: تاف، هەڕەت
الریف: لادێ

**ز**

زئبق: جیوە
زائد- اضافة: زێدە
زائد- الباقي: پاشماوە، لێماوە
الزائد (للحمولات): سەربار، زێدەبار
زائدة: گەندەموو
زائدة دودیة: ریخۆڵە کوێرە، *ریڤیکا کۆرە*
زاحف: خشۆک
زارع: چێنەر، وەرزێر
زاویة: کونج، گۆشە، *کوژی*
زبدة: کەرە، نڤیشک، نویشک
زبل: زبڵ
زبون (زبائن): کڕیار، بکڕ
زبیدي: پانەماسی
زجاج: شووشە
زحار- مرض: دیزانتری
زحزحة (ازاحة): لادان، ترازان، خزان
الزحف- للطفل: گاگۆڵکێ، خشکە، خشیان
زحل- نجمة: کەیوان
زخم: گوڕ، تەوژم، تاو
زر: دوگمە، سویچ، بشکۆک
زر کهربائي: بشکۆکی کارەبا
الزراعة: کشتوکاڵ، *چاندن*
زراعة دیمیة: کشتوکاڵی دێمەکار
زراعة سیحیة: کشتوکاڵی بەراو، کشتوکاڵی ئاوەنیا، کشتوکاڵی ئاوێژە
زراعة صیفیة: بەراوەکێڵ، کشتوکاڵی هاوینە
زرع: چاندن، ڕوواندن
زرع الرئة: چاندنەوەی سی
زرق الإبر: دەرزی لێدان
زرقاء شاحبة: شینی کاڵ
زرقاء غامقة: شینی تێر
زرنیخ: زەرنیخ
زریبة: گەوڕ، تەویلە
زعامة: پێشەوایی
الزعانف: پەڕەی ماسی، پوولەکەی ماسی

زعرور: گێوژ، گوهێژک

زعـزعـة: لەقـاندن، لەق کـردن، جێ لەق کـردن، *لقاندن*

زعنفة: پەڕەکە، پوولەکە

زغب: گەندەموو

زفیر: هەناسەدانەوە، پشوودانەوە. (پشووی بڕا) واتە هەناسەی بڕا.

زکام: هەڵامەت، پەسیو، پەرسیڤ

زلزال: بوومەلەرزە، *بیڤە لەرز*

زلال- زلالیات: پرۆتین

زلف: بسک، زوڵف

زمان: ڕۆژان، سەردەم، دەم

زمام: جڵەو

زمرة: دەستە

زمن- وقت: کات، سات

الزمن- المسافة: ماوە

زمیل: هاوەڵ، *هەڤاڵ*

زناد: پەلەپیتکە، پیلکە

زنبرك: زەمبەلەک، سپرینگ

زنك: زینک، تۆتیا

زهرة: ڤینوس، ئەستێرەی بەیان، ناهید

زهرة (وردة): گوڵ

زهید: کەم

زواحف: خشۆک

زوال: لاچوون، لابران

زوبعة: گێژەلووکە، گەردەلوول

زواج: جووتبوون، شووکردن، ژنهێنان

زواج المصلحة: شووکردنی بەرژەوەندانە

زوج: جووت

زوجي: جووتەنی، جووتەکی

زورق: بەلەم

زورق شراعي: کەشتیی بایەواندار

زي: جل و بەرگ، پۆشاک

زیادة (أکثر): پتر، پتری

زیادة الانتاج: بەرهەم زیادکردن

زیارة: سەردان

زیت: دۆن، *ڕۆن، ڕوین*

زیت التشحیم: ڕۆنی چەورکردن، *گریز*

زیت الغاز: گازۆیل

زیر: کووپە، کووپەڵە

زیوت نباتیة: ڕۆنی ڕووەک

## س

سائح: گەشتیار، گەشتەوەر
سائق: لێخوڕ، شوفێر
سائل: تراو، شل، ترینگ
سابق، سابقاً: پێشوو، لەمەوبەر، ڕابردوو، پێشی
السابقة (پریفیکس): پێشگر
ساحل: لێوار، ڕەخ، قەراغ، ڕۆخ، کەنار
ساحات المعرکة: شەڕگە، *مەیدانا شەڕی*
ساحة: گۆڕەپان، *مەیدان*
الساحة السیاسیة: گۆڕەپانی سیاسیەت
الساحة الفکریة: گۆڕەپانی بیر
ساخن: گەرم
ساریة- مرض: گیرۆ
ساریة العلم: دارئالآ
ساطع: گەشاوە، *گەش*
الساعد: بازوو، باسک
ساعة (آلة): کاتژمێر، *دەمژمێر*
ساعة (وقت): سات
ساعي البرید: چەپەر، تەتەر
سافر: داوێن کورت، داوێن هەڵمالاو
سافل: نانکوێر، پێنەزان، سپڵە
ساق (للجسم): بەژن
ساق (جذع النبات): لاسک، قەد
ساق (للانسان): بەلەک، لینگ، پووز
ساقیة: جۆگە، جوک
ساکن: نیشتەجێ
ساکن الخیام- بدوي: دەوارنشین، *خیڤەت نشین*
ساکن القریة: دێنشین
ساکن المدینة: شارنشین
سالب: نەرێ، نێگەتیڤ، داڕن، سارد
السالب والموجب (للکهرباء): سارد و گەرم

سام: ژاراوی، *ژەهراوی*
سامع: گوێگر، گوێدێر، گوهدار
ساند (مسند): پاڵپشت، پاڵەک. لە (پاڵ+ەک)ەوە.
ساهر: بێدار، *هشیار*
السبابة- الاصبع: قامک، پەنجەی شادە
سبات: سڕی، سڕبوون، مت بوون
سبات شتوي: زستانەسڕی، *متبوونا زڤستانێ*
سباق- لعب: کایە، یاری، گەمە
سباق الرکض: پێشبڕکێ، کێ بەرکێ، هاڤرکی، *بەریکانێ*
سباق الخیل: قۆشمانێ، *جریدانێ*
سبب: هۆ، مایە، سۆنگە، *ئەگەر، سەدەم*
سببیة: هۆیەتی، *ئەگەراتی*
سبطانة المدفع: لوولەی تۆپ
سبع (سبعة): حەوت
سبع: شێر
سبعة اثمان: حەوت هەشت یەک
سبورة: تەختەڕەشە
سبیکة: داڕشتە، داڕێژە
الستر: داپۆشین
ستة: شەش
ستة عشر: شازدە
سجاد: مافوور، ڕایەخ، *بەڕ*
سجدة: کڕنۆش
سجل: تۆمار
سحابة: پەڵە هەور
سَحب: ڕاکێشان
سُحُب (غیوم): هەور، عەور
سحب شفافة: هەوری سپی، هەوری دیودەر
سحب طبقیة: چینە هەور

سحر: جادوو، ئەفسوون
سحق: هاڕین، پێخوست کردن، *هێران*
سحلية: مارمێلک، مارمێلکە، چەپچەپیسک
السخرة: بێگار، زۆرکاری، *زبارە*
سخرية: تیز، تەشەر
سخي: بدە
سد: داخستن
سد: بەست، بەنداو
سداد: دەمەوانە، دەرگڤانک
سدادة: پۆڕک
سدر (شجرة): مۆرد، تاوک، *تەوک*
سدس (٦/١): شەش یەک
سر: نهێنی، راز
سراب: تراوکە، سەراو، تراویلکە
سراج: چرا
سراي: سەرا
سرب: پۆل، ڕەڤ، ڕەوکە
سرج: زین
سرد: گێڕانەوە، *ڤەگێران*
سرطان (مرض): شێرپەنجە، پەنجەشێر، تیراوە، سندان
سرطان (حيوان): قرژانگ، قرژاڵ، کێڤژاڵ، *کێڤژالە*
سرعة: خێرایی، تاودان، لەز
سرعة التنفس: هەناسەبڕکێ
سرنج: دەرزی
سرة: ناوک، ناڤک
سرّي- مخفي: نەدیار، نهێنی، پێوار، شاراوە، نەبەدی
سريان: ڕۆیشتن، ڕۆیین، تەنینەوە، تەشەنە
سرير: نوێن، خەوگە، *تەخت*

سريع: خێرا، بلەز، بەگوڕ، بەپەلە
سريع الجريان: بەخوڕ، بەتەوژم
سطر: دێر، ڕێزک، *ڕێز*
سطح (للبناية): بان، سەربان
سطح (في الهندسة): ڕوو، بان، ڕووکار
سطح أملس: ڕووی لووس، *ڕوویێ حلوی*
سطح جانبي: تەنیشتە ڕوو
سطح خشن: ڕووی زبر یان گرنج، *ڕوویێ زڤر*
سطح صقيل: ڕووی بریسکەدار
سطح عاكس للصوت: ڕووی دەنگدەرەوە
سطح مائل: ڕووی لار، *ڕوویێ خوار*
سطح متناظر: ڕووی هاویەک
سطح مستوي: ڕووتەخت
السطح المنحني: ڕووی چەماوە، *چەمیای*
سطح مربع: ڕووی چوارگۆشە
- السطوح المتوازية: ڕووی تەریب
- السطوح المتلاقية: ڕووی بەیەک گەییو
سعادة: بەختیاری، خۆشبەختی، کامەرانی، بەختەوەری
سعال: کۆکە، کۆکین، کۆخک
سعال بسيط (سعال خفيف): نەرمە کۆکە
سعال جاف: وشکە کۆکە
سعال ديكي: کۆکەڕەشە
سعر: نرخ
سعر الصرف الخارجي: نرخی خەرجکردنی دەرەکی
سعر الفائدة: نرخی سوود
السعرة الحرارية: تاوزێ. لە (تاو+زێ)وە هاتووە، *گەرموکە، گەرموک*
سعة: فرەوانی، فرەهی
السعي- الكد، النضال، الكفاح: خەبات، کۆشین. دەگوترێ: (لەم پێناوەدا زۆر

کۆشاوم)، *بەرخودان*
سَفّاح: خوێنرێژ
سفح: بەرپاڵ، لاپاڵ، بنار
سفر (رحلة): گەشت، گەڕان، *گەریان*
سفیر: باڵیۆز
سفینة شراعیة:: کەشتیی بایەواندار، *کەشتیا بەردەدار*
سفینة فضائیة: کەشتیی ئاسمانی
سقف: بنمیچ، ساپیتە، بنبان، پاسار
السقوط: کەوتن
سقوط الاوراق: گەڵاڕێزان، *بەلگ وەریان*، خەزەڵوەر
السقوف المتعرجة: ساپیتەی لارەپێچ
سکان: دانیشتوان
السکتة القلبیة: دڵ وەستان
سکرتیر: رازگر، سکرتێر
سکرتیر المدیر العام: رازگری بەڕێوەبەری گشتی
سکرتیر الوزیر: رازگری وەزیر
سکري (مرض السکر): شەکرە، نەخۆشیی شەکرە
سکرین (المادة السکریة): شەکرین. واتە شەکری تێدایە، وەک ڕەنگین، نەرمین.
سکران: مەست، سەرخۆش
سکن: نشینگە، خانە
سکنی الیابسة: وشکەنشین
سکة حدیدیة: ڕێی ئاسنین، هێڵی ئاسنین
سکوت: بێدەنگی، دەمکوتی
السکون: هێورین، بێدەنگی، هەدار، هەدا، ماتی، کپی
السل- مرض: سیل، دەردەباریکە
سلالة: بنەوەچە، بەرە
سلام (سلم): ئاشتی
سلام (تحیة): سڵاو، *سلاڤ*
سلامیة الأصبع: گرێ پەنجە
سلب ونهب: تاڵان و برۆ
سلبي: نالەبار، نەرێ
السلت: شەشپەڕ
سلحفاة: کیسەڵ، کووسی، *کیسەلە*
سلحفاة بریة: کیسەڵی بەژەکی، *کیسەلە دێم*
سلحفاة مائیة: کیسەڵی ئاوەکی، *کیسەلە ئاڤی*
السلخ: داماڵین، *تیڤل ڕاهێلان*
- الانسلاخ: داماڵان، *ڕاهێلان*
سلس البول: میزن
سلس بولي: میزەچۆڕکێ
سلسلة- متسلسل: زنجیرە، زنجیرەیی
سلسلة جبال: ڕیزەچیا، زنجیرەچیا
سلطان: سان، سوڵتان
سلطة: دەستەڵاتداری
سلع: کەلوپەل، شمەک
سلعة رائجة: کاڵای بەبرەو
سلف (قدیم): پێشین، دێرین، کۆنە، *کەڤنار*
سلفي: کۆنەخواز
سلق (طبخ): زەرد کردن، *زەرکرن*
سلك: تەل، *تێل*
سلك معزول: وایەر، تەلی بەرگدار
سلکي: تەلدار
سُلّم-درج: پەیژە، پێسترک، پێپلووک، پێچینە، پلیکانە، *پایسک*
سلم التطور: پلیکانەی پەرەسەندن
السلم الموسیقي: پلیکانەی مۆزیکی
سلّمي: پەیژەیی، پلیکانەیی
سلة: سەبەتە، سەلک
- سلة المهملات: سەبەتەی زبڵ

- كرة السلة: تۆپی سەبەتە
سلوك: ڕەفتار، ڕەوێڵ
سليكون: سليكۆن
سليم: دروست
سم: ژار، ژەهر
سماء: ئاسمان
سماح: ماوەدان، لێبوردن، هێشتن، ڕێدان
سماد: پەیین
السماد الحيواني: ئاژەڵە پەیین
سماعة: بیستەک. لەسەر پێوانەی: کوتەک، سەرەک
سمان- سماني: تیتراوسک
سمسم: کونجی
سمع: بیستن، *بهیستن*
السُمك: بارست، ئەستووری، سفتی، *ستوری*
سَمَك: ماسی
سمنت: چیمەنتۆ
سمة- طابع: شەقڵ، نیشانە، مۆرک
سموم حارة: گڕە، گڕەبا، سەبوون
سميك: ئەستوور، سفت، بەبارست، ستوور، *ستوير*
سن: ددان
سن لبنية: ددانی شیری
سن دائمية: ددانی هەمیشەیی
سن (للعمر): تەمەن، ژی
سن الرشد: تەمەنی پێگەیین، *سنێلەیی*
سن اليأس: تەمەنی نائومێدی
سنام: گۆپارە، تەپک، تەپۆکە
سنبل: گوڵەگەنم
سنجاب: سمۆرە، سقۆر
سنجابي اللون: سمۆرە ڕەنگ، بۆر، سقورە ڕەنگ
سند: قەواڵە
سندس: قەنەوز، سوندس (ئاوریشمی سەوز). جۆرێکە لە قوماش، بەئاوریشمی سەوز دەگوترێ (قەنەوز) (کەنڤاس).
سندويج: بابۆڵە، پاروو، تێشوو
السنة- النوم: وەنەوز، بۆرژان، *سڤکەخەو*
سنة: ساڵ
السنة البسيطة: ساڵی سادە
السنة الشمسية: ساڵی هەتاوی
السنة الكبيسة: ساڵی پڕ
السنة الكردية: ساڵی کوردی
السنة الميلادية: ساڵی زایینی
السنة الهجرية: ساڵی کۆچی
السنونو: پەڕەسێلکە، حاجی ڕەشک
سنوي: ساڵانە
- الدخل السنوي: داهاتی ساڵانە
- المعدل السنوي: تێکڕای ساڵانە
سهب- سهوب: دەشت، پێدەشت، دەشتی لەوەڕ
السهر: شەونخوونی، ئێشک، بێداری
سهل: تەختانی، دەشتانی
سهل الهضم: سووک هەرس
سهم- سلاح: تیر
سهم- حصة: پشک
سهمي: تیرئاسا
سوء: دزێو، کرێت، گەندە
سوء التغذية: گەندەخۆری
سوء تفاهم: خراپ حاڵیبوون
السوائل: شلەمەنی، تراو
سواد- العين: ڕەشێنەی چاو، گلێنە
سؤال: پرسیار، پرس، پرسینەوە
سور- سياج: شوورە، چەپەر

سوس- نبات: مێکووک، بەلەک
سوسن- نبات: سەوسەن، مۆر
سوط: شوورک، شووڵک، *قامچی*
سوق: بازاڕ، باژێڕ
سوق مشتركة: بازاڕی هاوبەش، بازاڕی ناوکۆ
سونة (حشرة): سن، سنک *sinik*
سويداء القلب: کانگەی دڵ، تەپانی دڵ
سويق: لاسکۆڵە
سياج: پەرژین، تەیمان، تانۆک، هەتان
سياحة: گەشتەوەری، گەشتوگوزار
سيادة: دەسرۆیی، سەرفرازی
سيادة القانون: سەرفرازیی یاسا
سياسة: ڕامیاری، سیاسەت
السياسة التربوية: سیاسەتی پەروەردیی
السياسة التعليمية: سیاسەتی فێرکاری
السياسة الخارجية: سیاسەتی دەرەکی
سياسي: ڕامیار، سیاسەتوان
السيد: کاکە
السيدة: خاتوون، یایە، *خانم*
سير: ڕەوت، ڕۆیشتن، ڕەوتار، *ڕێڤەچوون*
سير الدراسة: ڕەوتی خوێندن
سيرة: سەرپێهاتی، بەسەرهات، *سەرهاتی*
سيطرة: زاڵی، دەسەڵات، دەست بەسەراگرتن
سيل: لێشاو، لێمشت، لەهی
السيولة-سائل: شلێتی
السيولة النقدية: ڕێژەو یان ڕۆینەی دراوەکی

## ش

شائب-شوائب: خلتە، خەوش، تلپە، پەڵە
شائع- عادة، معتاد، مألوف، عرف: باو، نەریت
شاب: لاو، خۆرت، تۆلاز
شاحب: سیس، بزرکاو، هەڵبزرکاو، کاڵ
شاذ- إستثنائي: ناسایی، هاوێردە
شارحة: تەقەڵ
شارع: شەقام
شاسع: بێ ئەنداز، بەرهەڵدا، بەرفرەوان
شاش: مەڵمەڵ
شاشة التلفزيون: پەردەی تەلەفزیۆن
شاطر- نشيط: چالاک، چەلەنگ، ژیر
شاطيء: قەراغ، لێوار
شاعر: بوێژ، شایەر، هەستیار، هۆزانڤان
شاقول-شاقولي: شاوڵ، شاوڵی
شامخ: سەربەرز
شامل: هەمەلایەن
شاهد: بەڵگە، شایەت
شاهد عيان: شایەتی بەچاودیتە، چاڤدیتی
شب: زاخ
شباب: لاو، خۆرت، *گەنج*
الشبكة: تۆڕ
شبكة السيطرة: تۆڕی زاڵیەتی
شبكي- شبكية: تۆڕەکی، تەیماندار
شبكية العين: تۆڕی چاو
شبه (شبيه): نیوچە، ئامێز، زڕ، پات، ئاسا، وەک
شبه بياض: سپیپات، سپیواژ
شبه جزيرة: نیوچە دوورگە
شبه ظل: نیوچە سێبەر، سێبەرئاسا، زڕەسێبەر
شبه فلز: نیوچە کانزا